MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

# دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

# نوێکردنەوەی بیری ئایینی

د. محەممەد شەریف

# نوێکردنەوەی بیری ئایینی

بەشی یەکەم

وەرگێڕانی

مەلا عومەری چنگنیانی

**دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی**

- **تازەکردنەوەی هەڵوێستی موسڵمانانە لەمەڕ فیقە و هزر و سیاسەت!**
- **نووسینی:** د. محەمەد شەریف
- **وەرگێڕانی:** مەلا عومەر چنگنیانی
- **نەخشەسازی ناوەوە:** گۆران جەمال رواندزی
- **پیتچنین: وەرگێڕ**
- **بەرگ: محەمەد هاشم**
- **ژمارەی سپاردن: ١٨٣٣**
- **نرخ:** ٢٠٠٠
- **چاپی یەکەم** ٢٠٠٨
- **تیراژ: ١٠٠٠ دانە**
- **چاپخانە:** چاپخانەی خانی (دهۆك)

**زنجیرەی کتێب (٣٣٣)**

**هەموو مافێکی بۆ دەزگای موکریانی پارێزراوە**

ماڵپەڕ: www.mukiryani.com
ئیمەیل: info@mukiryani.com



## پێڕست

١: پێشەکی وەرگێڕ ........ ١
٢: پێشەکی دانەر: ئامادەکردن و پێشەکی ........ ١١
٣: بنەماکانی دانووساندنی نێوان شوێنکەوتەی، ئایینە لێکجوداکان ........ ٣٣
٤: دەروازەی یەکەم: خوێندنەوەیەکی بابەتییانە، بۆ ئیشەکانی ........ ٤٣
لەبەرایی دەروازەی یەکەم ........ ٤٣
ئیش و سوننەتی پێغەمبەر ........ ٤٦
٥: سونەتە فیعلییەکانی پێغەمبەر (د.خ)، کامیان بۆ پەیڕەوی لێکردنن؟ ........ ٤٩
٦: ئاوڕێك لە بابەتەکانی قورئان ........ ٥٤
٧: دووربینی و رەچاوکردنی رێنماییکردنی رووت، لەدەقەکانی پێغەمبەردا (د.خ) ........ ٥٧
٨: پێغەمبەر (د.خ)، لەبەر رای یارەکانی، بۆچوونی خۆی دەگۆڕێت! ........ ٥٨
٩: محەمەد، پێغەمبەر (د.خ) بووە، نەوەك باخەوان! ........ ٦٠
١٠: دەقێك و چەندین فەتوای لێکجودا!. ........ ٦٠
١١: چەند تێبینییەك لەسەر یاسای، لەئایین هەڵگەڕانەوە (ارتداد) ........ ٦٢
١٢: کێبڕکێی، مەزهەبە فیقهییەکان ........ ٦٥
١٣: هەر فەرموودەیەك، لە بارودۆخێکی تایبەتیدا گوتراوە ........ ٦٧
١٤: لەپەرستشدا راکاری نییە ........ ٦٧
١٥: مەرج نییە، ئەوشتەی موفتی گوتی، حوکمی خوابێت! ........ ٦٩
١٦: ئەو شوێنەوار و کاردانەوانەی، لەئاکامی فراوانکردنی ........ ٧٥
١٧: هەردەم پێغەمبەر (د.خ)، حەزی بەئازادی تاك کردووە ........ ٧٧
١٨: جیاکردنەوەی دەقەکانی فەرموودە ........ ٨٠
١٩: رێبازی بەرەو نەرمی و بەرفرەیی چوون ........ ٨١
٢٠: دەروازەی دووەم: **تێگەیشتن لەمانای دووری دەقەکان و مانای** ........ ٨٥
٢١: کێبڕکێ لەسەر تێگەیشتن لەداڕشتنەکان ........ ٨٨
٢٢: متمانەکەمبوونەوە بەفیقهی داڕشتن ........ ٨٩
٢٥: بەشی یەکەم: تێگەیشتن لەمانا و قوتابخانەی ئەهلی حەدیس و ........ ٩٩

٢٦: دارِشتنەکان، فەرامۆش ناکرێن .......................................... ١٠٢
٢٧: بەشی دووەم: فیقهی مانا و فیقهی ئامانجەکان ............................ ١٠٩
٢٨: بەشی سێیەم: فیقهی ماناکان و قوتابخانەی وابەستەگی بەدەقەوە ............ ١١٩
٢٩: بەشی چوارەم: فیقهی ماناکان و قوتابخانەی کۆمەلآیەتی (دیرۆکی) .......... ١٢٣
٣٠: بەشی پێنجەم: فیقهی ماناکان و لێکدانەوەی وشە و تێکست و لێکدانەوە.... ١٢٧
٣١: بەشی شەشەم: فیقهی ماناکان و تەفسیر و مانای بەرفرە ................... ١٣١
٣٢: بەشی حەوتەم: فیقهی ماناکان و گونجاندنی فیقە لەگەڵ واقیع، ........... ١٣٥
٣٣: بەشی هەشتەم: فیقهی ماناکان و فیقهی رەچاوکردنی بەرژەوەندی و عەقڵ .. ١٣٩

## (١)

# بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

## پێشەکیی وەرگێڕ:

کاتی خۆی، کە دەستم کرد بەبڵاوکردنەوەی زنجیرە نووسینە هزرییەکانم، بەوتارێك دەستم پێکرد، لەژێر سەردێڕی: (بڵێی کاتی ئەوە نەهاتبێت، کە خوێندنەوەیەکی هاوچەرخانەمان هەبێت بۆ دەقە پیرۆزەکان؟) و هەر ئەو نووسینەیش، دەکەمەوە پێشەکی، کە گوتوومە: ئەوەی ئێستای هەنگاوەکانی کاری من ببینێت و ئەوسایش وەبیری خۆی بهێنێتەوە، دەزانێ بەدەر لە هەڵچوونە تا ئەندازەیەك نارەوا و بێ سنوورەکان، کە زۆرجار پۆزش، نەوەك پاساوم بۆ هێناونەتەوە، دەگاتە ئەو دەرەنجامەی، کە بڕوا بوونم بە دانەخستنی دەروازەی والآ و کراوەی ئیجتیهاد و لەبەرامبەریشدا، بێبەها و ریسواکردنی لاسایی، لەلام، وەك خۆی ماوە.

بڕوابوونم بەتوانای عەقڵی تاك و تێگەیشتنی قووڵتر لەدەقەکان، برەوی کردووە، ئەوەش خۆی لەخۆیدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەرەو پێش چوون و نەگەڕانەوە بۆدواوەی سەردەم، کە گەلانی سەرزەوی، بۆی دەچن و پاڵ بەعەقڵی لاساییەوە دەنێن و وەك هەندێك لەخاوەن قەڵەمە نوێخوازەکانمان دەڵێن: (لەدەست دۆش دامان بە دیار ئاوی نوشتەخواردنەوە)، دەربازدەبن.

لەبیری شۆڕشگێڕیمدا، لە کۆپلە شیعرێکی چاپکراومدا گوتوومە:

**راپەڕینم لاپیرۆزە، هی هەرگەلە، هی هەر هۆزە**

ئەوکاتەی قەڵەمی ئازادی گەلان دەبینم و لەگەڵ زۆرێك لەوانەی لای خۆمان بەراوردیان دەکەم، کە لێیان دەوێین هەر بۆ پاشەوە بێین، پڕ بەدڵ نیگەران دەبم و خەمۆکی دام دەگرێت، کە نەتەوەیەك ئەوانە بەناو پێشەنگ و سەرقافڵەی بن، داخۆ سەرمان لەکوێ دەردەچێت؟!، چونکە جەمال شارباژێڕی گوتەنی: (ئۆتۆمبیل نارِوا



بەگێڕی خوێڕی)، هەربۆیەکە، لەو بڕوایەدام، هێندەی، ئێمە زووتر هەوڵی ئەوە بدەین لەوعەقڵە داخراوانە دەربازببین، زووتر دەگەینە مەرامی پیرۆزی رزگاری خۆمان و گەل و ولاتمان.

دەبێ وەها رەفتاربکەین، کە لەهەر شوێنێك نووسەرێکی بوێر هەبێت و هەر بیردۆزێکی ئازاد هەبێت، قانع وتەنی:

**براین غایەتان یەکبێت، برایی غایە یەکبوونە**

**ئەوەی کۆمەك بەبیرتان بێ، لەهەر کوێ بن براتانن**

لەکوێ سووسەی ئەوەبکەین، بیرێکی نوێی ئازادی بەرە و شۆڕشی نوێکاری لەتێگەیشتن لەدەقەکان هەبێت، بەهی خۆمانی بزانین، ئەمەیش تایبەتمەندییەکی ئێمە نییە و بەس، بەڵکو قوتابیانی، ئەم قوتابخانەیە، لەکۆنەوە وایان هێناوە، ئەمیری سەنعانی لەیەمەن، کە هەواڵی شۆڕشێکی نوێخوازی ولاتێکی دیکەی دەگاتێ، بەخۆشحاڵییەوە دەڵێت:

**وقد جأت الأخبار عنه بأنه يعد لنا الشرع الشريف بما يبدي**

**وينشر جهرا، ما طوى كل جاهل ومبتدع منه، فوافق ماعندي**

ئەوە ماوەیەکە، لێرە، لەباشووری کوردستان، هەوڵێکی باش هەیە بۆ هەڵاییسانی ئەو شۆڕشە تازەگەرییەی، کە دەمێ ساڵە من لەئاستی خۆمەوە کاری بۆدەکەم و قوربانیی لەپێناودا ئەدەم و بۆم بۆتە ناونیشان!، کە تائەندازەیەکی بەرچاو، بەهەنگاوی وردەوە، ئەوهەوڵەش خۆی لە (کۆڕبەندی هزری ئیسلامی)دا، دەبینێتەوە، کە ئەویش رەنگدانەوەیەکی تەواوی هەموو تازەگەرییەکانی ئێستا و مێژووی تێدا بەدی دەکرێت، بەتایبەت (پەیمانگای جیهانی بۆ هزری ئیسلامی)، کە لەسەیرکردنێکی هەندێك لەچاپکراوەکانیانەوە، بەر لەنزیکیم لێیانەوە، گەیشتمە، ئەو بڕیارەی، یەکێك لەبەرهەمە چاپکراوەکانیان هەڵبژێرم، کە لەنووسینی: جەنابی مامۆستا (**محەممەد شەریف**)ـە[1]، لەژێر ناونیشانی: (**تجديد الموقف الإسلامي، في الفقه و الفكر و السياسة**)بەلآم، بەرلەوەی راستەوخۆ، بچمەنێو دوو توێی ئەو بەرهەمەوە، بەپێویستی دەزانم چەند بڕگەیەك، لەهەندێك نووسینی خۆمتان وەبیر

بهێنمەوە، کە کاتی خۆی، لەژێر سەردێڕی: (**لە ئاییینی ئیسلامدا، سیفەتی (قودوس)یەت، تایبەتمەندییەکی خوای گەورەیە!**)، لەڕێگەی، ڕۆژنامەی (خەبات)ـــەوە، بە دووژمارە، ئاراستەم کردن و تیایدا پەنام بردە بەرکتێبی: (**القرآن والسلطان، هموم اسلامية معاصرة، فهمي هويدي**)، نەك لەبەر ئەوەی، کە هەموو بیر و بۆچوونێکیم قەبووڵە!، بەڵکو لەم بوارەدا ئەو و ڕەحمەتیی محەممەد غەزالی، پێشەنگی کاروانی قەڵەمە بوێرە ڕچەشکێنەکانی نێوجیهانی ئیسلامین.

(**فهمي هويدي**) **دەڵێت**: هیچ کەس مافی ئەوەی نییە، لێمان بچێتە سەر دوانگە و بڵێ: ئیسلام منە و من ئیسلامم.

هیچ کەس مافی ئەوەی نییە، قورئان بکاتە قەڵغان و لەودیوییەوە خۆی حەشار بدات و پاشان جاڕی لێبدات: کە هەرکەس لەگەڵ جەنابی بێت، ئەوە موسڵمانە و هەرکەسیش دژی ئەو بێت، یان بەئاکاری ئەو ڕازی نەبێت، ئەوا ئەوکەسە، دژایەتی قورئانی کردووە و یەکێکە لەدوژمنەکانی خوا و ئیسلام و لەعەقیدەدا مورتەددە.

هیچ کەس مافی ئەوەی نییە بڵێ: من لەلای خواوە دەستنیشان کراوم و لەخواوە بۆم دیاریکراوە، کە نابێ سنوورم لەگەڵدا ببەزێندرێت.

هیچ کەس بۆی نییە بڵێ: من کەسێکم کە شەرع بەرزی کردوومەتەوە و لەڕەخنە لێگرتن گەورەترم، یان نابێ پێم بگوترێت: ئەو ماڵ، یان ئەو قسەیەت لەکوێ بوو؟، من پیرۆزیەتێکی تایبەتیم هەیە)، کە بەداخەوە، هەموو ئەو نابێیانە، (بەزیادیشەوە گوتران!، لەناو خۆیاندا لەسەر کارێکی ماددی و دنیایی ڕووت، پێکهەڵدەپڕژێن، کەچی کێش و ترازووی شەڕەکان دەگۆڕدرێن، لەشەڕی خۆیانەوە، بۆ شەڕی نێوان ئیسلام و کوفر، لە بۆچوونێکی سیاسی و دژە بۆچوونێکی دیکەوە، کارەکە دەگۆڕدرێت، بۆ دەستەواژەی، بڕوابوون بەخوا و بڕوانەبوون پێی!، پشتیوانی کردن لە ئیسلام و دژایەتی خوا کردن، ئاییینی ئیسلامیش، لەهەموو ئیفترایەکیان بەدوورە.

ئەوەی ئێمە لە ئیسلام تێگەیشتبووین و لەڕێگەی قوڕئانی پڕ لە بەخششەوە، لێی شارەزا ببووین، ئەوەبوو، کە بەو مانای، کە بەرجەستە ببێت لەکەسێك، یان

گرووپێك، یان لەهیچ شتێكدا، یان لەسەردەم و كاتێكی دیاریكراودا، كۆتایی نایەت!.

ئەوەی ئێمە، لەم ئیسلامە گەیشتبووین، ئەوەیە، كە ئایین، بۆئەوە هاتووە، كە كۆمەڵێك قییەمی جوانی هێناوە و لەهەركوێیەك ئەو قییەمانە هەبوون، ئەوا ئیسلامیش لەوێ هەیە!، لەهەر كوێیەكیش، ئەو قییەمانە نەبوون، ئەوا ئیسلامیش لەوێ نییە!.

ئەوەی ئێمە، لە ئیسلام گەیشتبووین، ئەوەیە: بەبێ چەند و چوون ئەوە وەلادەنێت، كە ئالاّی شەكاوەی ئیسلام، پەیوەست بێت بەناوچاوی هیچ تاك، یان نەوە و نەتەوە و رچەڵەكێكەوە!، یان پابەند بێت، بەرواڵەتی كۆشكێك، یان شارێك، یان پەیكەرێكەوە.

پیرۆزی و پارێزراوی لەهەڵەكردن، لە میانەی ئەو سیفەتە گەورانەن، كە هەر تایبەتن بە خوای گەورەوە، (**هو الله الذي لا اله الا هو الملك القدوس**)[٢]، هەریەك لەو دووسیفەتە — پیرۆزێتی و بێ هەڵەیی — بدرێت بەهەر تاكێك لەكۆمەڵدا، ئەوە هاوەڵ پەیداكردنە بۆ خوا و بدرێتە پاڵ هەر شوێنەوارێك، ئەوە بت پەرستییە!، تێكۆشان و هەوڵی ئیسلام و گەورەترین ئامانجی سەرەكیشی، دژایەتی كردنی هەموو شێوە هاوەڵ پەیداكردن و بت پەرستییەكە، لە هەرشێواز و كالاّیەكدا هەبێت، ئەم رووتكردن (تەجرید) و تایبەتی كردنەی قییەم و تەعالیمی ئیسلامە، تایبەتمەندییەكی ئایینی ئیسلامە و هەر دەستتێوەردان، یان دارنینێك لێی، لێ زیاد كردنێكە لە ئایین و بەربادییەكە، لەكارە بەربادەكانی ئادەمیزاد و ئارەزوویەكی نابەكام و كاڵ و كرچی مرۆڤە و بەس)[٣].

(حیكمەتگەلێكی خوایی هەن، كە پێویستمان بە وێستان هەیە بە دیاریانەوە، بۆ وێنە، وەك دەزانین، مەحەممەد پێغەمبەر (د.خ)، تەنیا سێ كوڕی هەبوو، (**ابراهیم** و **طاهر** و **قاسم**)، كە ویستی خوای گەورە وابووە، هەر سێ كوڕەكەی بەمنداڵی لە ژیانی خۆیدا كۆچی دواییان كردووە، هاوكات، چوار كیژی هەبووە، (**فاطمە** و **أم كلثوم** و **رقیە** و **زینب**) ئەمانیش سیانیان لە ژیانی خۆیدا كۆچی دواییان كردووە، بەتەنها



فاتیمەخان نەبێت، كە بۆ چەندساڵێكی كەم، دوای پێغەمبەر (د.خ) ژیا، هەروەها حیكمەتی خوا وەهابوو، كە پێغەمبەر (د.خ)، لە دوای خۆی هیچ منداڵێكی نێر بەجێ نەهێڵێ، كە بەدووری نازانم، یەكێك لە حیكمەتەكانی خوای گەورە لەوەدا ئەوەبێت، نەوەك كەسێكیان گومانی ئەوە ببات، كە مادام باوكی بەرێزیان، پێغەمبەر بووە (د.خ)، دەبێ ئەمیش جێگری باوكی بێت!، رەنگە هەندێ كەس، ئەم گومانە بەدوور بزانن، بەلاّم من یەك بەخۆم، بە چاوەڕوانكراوی دەزانم، چونكی ئەوەی لە دوای مردنی پێغەمبەر (د.خ)، روویدا و داخوازی فاتیمە بۆمیرات و ئەوكێشانەی نێوسەقیفەی بەنی ساعیدە، راستییەكی بەڵگە نەویستن).

لێرەوە، زۆر بوێرانە، روو بەخۆم و هەرفەقێ و مەلایەك، دەڵێم: دەبا چیتر وانەزانین، كە هەر ئێمەی پەروەردەی نێو مزگەوت، دەتوانین بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوە ئیسلامییەكان!، سەردەم سەردەمی خوێندەوارییە و خەڵكی لە بوارەكانی نووسین و خوێندندا، رۆژ لەدوای رۆژ، بەرەو پێشەوە دەچن، ناكرێ، ئێمە هەر لەدۆخێكدا بمێنینەوە و هەمووشتێك، لە چەند بابەتێكی سۆز ئامێزدا، كۆتایی پێ بێنین!، با تێبگەین، كە لەم ئیسلامەی ئێمەدا، بەدووری لەگوناە (عیسمەت) بەتەنیا، هەربۆخوایە و ئەوەندەیش ئەو بیەوێت، عیسمەت دەبەخشێت بە پێغەمبەر (د.خ).

لەكاتێكدا، كەسانی وا هەبووبن بڵێن: دەبوو خەلافەت هەر بۆبنەماڵەی پێغەمبەر بوایە (د.خ)، كە ئەمە، هەڵوێستێكە و ناشاردرێتەوە، بەتایبەت لەفاتیمە و عەلییەوە، داخۆ ئەگەر پێغەمبەر (د.خ)، كوڕی لەدوای خۆی بەجێ هێشتبا، چییان دەگوت؟، بەتایبەتی ئەو راو بۆچوونەی، ئال و بەیتیان ببینیایە، داخۆ رێبازی دەعوە، بە كوێدا دەچوو؟، داخۆ لە مێژووی ژیانی موسڵمانانذا، چ گۆڕانكارییەك رووی بدایە؟، داخۆ ئەم مەسەلە پڕلەتاو و توێ و دەمەقاڵێیە، چی لێ وەبەرهەم بهاتایە؟.

ویستی پڕلە حیكمەتی خوا وەهابوو، كە هەرسێ كیژەكەی پێغەمبەریش (د.خ)، بەزوویی كۆچی دوایی بكەن و ئەوەندە نەژین، كە وەچە بخەنەوە و بازنەی ئەولادەكانیان زۆر ببێت، كە ئەوسا دەروازەی جیهانێكی پڕ لە ئەگەر و پڕلە پرسیاری دیكەی، زۆر بەرفراوانی لەسەر دەكردینەوە!، سەدباری ئەوەی كە ئێستا هەیە!، دەیان

بیری پڕ لە ڕکابەری و بیری سەیری دەهێنایە پێش، کە ئیسلام وەك ئایین و موسڵمانان وەك شوێنکەوتوو، زۆر لێی بێ نیازن، هەر لەو حیکمەتانەی خوایە، کە بەتەنیا یەك کیژیان بمێنێتەوە و منداڵی هەبێت، ئەویش فاتیمە خانی دایکی حەسەن و حسێنە، کە بووەتە، تاکە هێڵی پەیوەندی بۆ نەپچڕانەوەی ئەو زنجیرەیە).

ئەوکاتەی، خوا بە پێغەمبەر ئیبراهیمی فەرموو: (من دەتکەم بە پێشەوا بۆمەردم، ئەویش لە وەڵامی پەروەردگاردا گوتی: با ئەو پێشەوایەتییە، وەك میرات وابێت!، لەدوای خۆیشم ببڕێت بەنەوەکانم، پەروەردگار، بەوە وەڵامی دایەوە، کە نەخێر پەیمان و عەهدی من، ستەمکاران ناگرێتەوە!)[٤]، دەبینین ئیبراهیم (د.خ)، دەیەوێت باسمان لە میراتگری ئایین بۆبکات و بیری بۆ ئەوێ دەچێت، کەچی پەروەردگار، ڕێگای دواندنەکە، دەگۆڕێت و بەئاستێکی دیکەیدا دەبات و دەیخاتە باسی ستەم و دادپەروەری، هاوکات، بەهای گەورە دەبەخشێتە دادپەروەری و ستەم بێ قەدر دەکات!.

ئەبو بەکری سدیق، کە نازناوی خەلیفەی خوایان بۆ بەکارهێنا، پێی رازی نەبوو، بەڵکوگوتی: من خەلیفەی پێغەمبەرم (د.خ)، نەك خەلیفەی خوا!، ئەم تەعبیرەی ئەو، پڕی بوو لە ئەمانەت و راستگۆیی و پاکێتی!، دوای ئەویش، کە عومەری کوڕی خەتاب هات، لە سەردەمی ئەودا رۆژ ژمێری ئیسلامیی دانرا و بڕیاریدا، کە ئەبێ سەرەتاکەی لەو رۆژەوە دەستپێبکات، کە پێغەمبەر (د.خ)، لەمەککەوە بۆ مەدینە، دەستی کردووە بەکۆچکرن، نەك سەرەتاکەی بە مێژووی لەدایکبوونی پێغەمبەر (د.خ)، دەستپێبکات!، رۆژژمێری بەستەوە بە کۆچکردنەوە، نەوەك بە لەدایکبوونی شەخسی پێغەمبەرەوە (د.خ)!، کە ئەوەش نیشانەیەکی روون و دیاربوو، لە سەرئەوەی، کە ئایینی ئیسلام، یەکلایی بوونەوە (تەجرید)ی دەوێت، نەوەك، بەرجەستەبوون).

(پەیوەست کردنی وشەی ئایین، بە کەسانێکی خاوەن ناو و شکۆ و بەرجەستە کردنی ئایین تیایاندا، بۆ بە قەڵغانکردنی ئایین، یان بۆ فەڕو و بەرەکەت، دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەردەمی عەبباسی یەکەم، کە سەرباری نالەباری، بارودۆخی سیاسی



و تێکچوونی وڵات، بیر و بۆچوونەکانیش تێکچوبوون، تاگەیشتە داڕمان لەسەردەمی عەباسیی دووهەمدا، مەحەمەد کورد عەلی، لەکتێبی **(الاسلام والحضارة الغربية) ج٢**دا، دەڵێ: یەکەم کەسێك، کە نازناوی (**بهاءالدين**)ی پێدرا (**بهاء الدولة، بن بويه، ركن الدولة**) بوو، ئەویش لەسەدەی چوارەمی کۆچییدابوو، ئیتر ئەم نازناوانە، ئەمەندە زۆربوون، کەوتنە ناو خاس و عام، وەك پەتا و نەخۆشی هەمووی گرتەوە و هەروا مایەوە، تا تورکەکانیشی گرتەوە، تەنانەت، گەیشتە ئەو ئەندازەی، گەر بوایە و کەسێك منداڵێکی ببوایە و حەزی بەوە بکردایە، کە ناوی لێبنێت بە (**فلان الدين**)، دەبوو، سوڵتان ڕێگەی پێبدات و باجێکی زۆریشی لەسەر وەربگرێت، ئیتر لەو سەردەمانەوە، لەنێو کەلتووری ئیسلامیدا بەرجەستەبوون، جێی خۆیکردەوە و بەدەیان ناوی سەیر سەیر، کەوتنە نێو سەرگەورەکان، بەتایبەتی، لە خوراسان و هیند و (**ماوراء النهرين**)، چەندین نازناوی: (**تاج الملة وفخرالملة وكهف الملة وبهاء الملة وضياء الملة**)....هتد پەیدابوون.

لە نێو، ناوچە فارس نشینەکان و ناوچەکانی ژێردەستی عوسمانیکان، نازناوی دیکە، هاتنە پێش، وەك پاشای ئیسلام و شێخی ئیسلام و موفتی ئیسلام ... هتد، لەو لافیتە و دروشمە زل زلانەی، کە لەوەوبەر، نەئیسلام و نەموسڵمانان، نەیاندەزانی!، ئیتر بەم شێوە بابەوێتی و پاپایەتی ئیسلامی، لەسەردەمی عوسمانیکاندا، جێگەی خۆی کردەوە، دوای ئەوەی، کە موئەسەسەی ئایینی، توانی جێی خۆی بکاتەوە، هەر ئەو موئەسەسەیە بوو، کە قازیی شەرعیی و پیاوی فەتوادەر و زانای ناوداری لەخۆ گرت و هەر هەموویشیان بوونە کارمەندی سوڵتان و مووچەی مانگانەیان لە میریی وەردەگرت و لەسەر ئەوکارانەی، کە ئەنجامیاندەدا، خەڵات دەکران!، جاروبار لەلایەن پاشاوە، بەکرێش دەگیران و فەتوایان بەمەرامی سوڵتانی ئەعزەم دەدا و بەهەڵسوکەوت، وەك مووچە خۆر و کارمەندی حکوومەت رەفتاریان دەکرد، کەچی وەکتر کە قسەیان دەکرد، کە گوتاریان دەدا، بەناوی خواوە و لەبریتی ئەو دەئاخاوتن، بەم شێوە کاروانی بەرجەستەکردنی، ئیسلام هەنگاوێکی نەرێیی دیکەی نا، بە پێچەوانەی ئەو ڕێبازەی، کە ئایین دەیەوێ و بنەما سەرەکییەکانی داوای دەکات!،

پیرۆزێتی و دووری لە هەڵە، کە دوور بوو لە کەسایەتی هیچ تاکێك، بوو بە کالاّ و بڕیا بە بالاّی زۆرەها خەڵك و زۆرەها پایە و جۆرەها کار و وەزیفەدا، کە تا دوێنێ بوو لە قورئاندا، سیفەتی پیرۆزێتی بەهیچ کەس نەدرابوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە، قورئان بەتوندی ئیدانەی بیرۆکەی بەکوڕکردنی هیچ کەسێکی دەکرد بۆ خوا.

سیفەتی پیرۆزییەت، بەهیچ شوێنەوارێك نەدەدرا، مەگەر وەك باسکردن، لەنێو چیرۆکێکی قورئاندا، بهاتایە، وەك لە باسی چیرۆکی موسادا، دەفەرمووێت: (**انك بالوادي المقدس**)[٥]، کە قورئان باسی دەکات و مەبەست پێی کێوی توورە، کە لە دەشتی سینایە)[٦].

**خوێنەری بەڕێز**: دوای ئەم بیر هێنانەوەیە، بەرلەوەی بچمەنێو درێژەی وەرگێڕانەکە، کە لەم بەشەیدا بەتەنها، پێشەکییەکەی دانەر و دوو دەروازە، لەشەش دەروازەکەی، کتێبەکەتان پێشکەش دەکەم، لەوە ئاگادارتان دەکەم، کە پشتیوان بەخوا، لەم وەرگێڕانەمدا، بەڵێنی ئێوەتان، دەدەمێ، کە هێندەی بگونجێت:

أ: بەزۆریی، خۆم لەوە بپارێزم دەقە عەرەبییەکان بهێنم و بەتەنها بەوەرگێڕانیان کۆتایی دێنم.

ب: بیر و هزرەکان دەسکاری ناکەم و وەك خۆیان دەیانخەمە بەردیدی ئێوەی بەڕێز.

ج: ئەگەر نووسەر، سەرچاوەی فەرموودەیەکی نەگوتبێت، هەوڵی ئەوە دەدەم، لای خۆمەوە راستی بکەمەوە و دیارییبکەم.

د: ئەوسەرچاوانەی دیکەیش، کە نووسەر بەکاریان دەهێنێت، هەروەك خۆیان ئاماژە بۆشوێن و چاپ و بەرگ و لاپەڕەیان بکەم.

هـ: بەپێی پێویست، هەندێك ناونیشانی تازە، دابنێم.

و: بەپێی خاڵبەندی و کۆتایی هێنانی بڕگەکانی نێو دەقە عەرەبیەکە، بەخاڵبەندی، دابەشی بکەم.

ز: لەکاتی دەربڕینی رایەکی زۆر تایبەتی خۆمدا، لەپەڕاوێز، دایدەنێم و لەکۆتاییەکەیدا، لەنێو دووکەوانەدا، دەنووسم (عمر).



ح: هێندەی بۆم بگونجێ، وەك ئەمانەت پارێزی، ئاگام لەدەقە عەرەبییەکە دەبێت، کە دەیکەمە کوردی، بەلاّم، چونکە مەرج نییە، من بتوانم بۆ وەرگێڕانی (وشەبەوشە)، وەك پێویست، ئەو جوانییەی خۆی، پێ ببەخشم، ناچارم لەهەندێك بیرۆکە و رستە و دێڕدا، ماناکەی بهێنم، لەوەیش پشتراستم، کە جەنابی دانەریش و ئێوەیش لەو باوەڕەدان، کە سوپاس بۆ خوا، بایی ئەوەندە لەزمانی عەرەبی تێدەگەم، کە بزانم ئارمانجی داڕشتنەکان چۆنن و چین، لەجیهانی وەرگێڕانیشدا، ئەوەتان بۆڕوون بۆتەوە، کە ئەوکارەی من، زۆر ناڕەوانییە، چونکە، ئەگەر بۆخۆم بڕوام بەخودی بۆ چوونەکانی دانەریش نەبوایە، ئەم کارەم نەدەکرد، کەوابوو، دەکرێ هەر لەقوولاّیی تێگەیشتنم، لە بیر و بۆچوونەکە بەس بێت، بۆ ئەوەی هەندێك کات، زانستەکەی ئەوێ، لەدووتوێی لێکدانەوە و داڕشتنی خۆمدا جێبکەمەوە، هیوادارم، دانەریش لەسەر ئەم خالاّنە نیگەران نەبێت و وەك بەشێك لەتەواو کردنی کارەکەیان لێی بڕوانێت و ئێوەی بەڕێز و پەرتۆکەکە، کە بە چەند لاپەڕەیەك پێشدەستی و ئامادەکردنی خوێنەر دەستپێدەکات و تیایدا تیشك دەخاتە سەرڕێبازی نووسینەکەی و درێژەی شێوازی دابەشکردنی و لەپێشدەستییەکەی[٧].

## پەراوێزەکانی پێشەکی وەرگێڕ

(١) (لام وایە وشەی مامۆستا لەمنەوە بۆ ئەو، لەهەموو شتێکی دیکە، شایانترە و بەرهەمە زانستییەکانی بەڕێزیان، بەسن بۆ پێناسەکردنی و پێویست بەوەناکات بەکۆمەڵێك ناونیشانەوە ناوی بنووسم)(وەرگێڕ).

(٢) (سورەتی، ئەلحەشر، ئایەتی ٢٣).

(٣) (بڕوانە، خەباتی ژمارە (١٦٣٢) /٢٠٠٤/١١/٢٧).

(٤) بەشێك لەمانای ئایەتی ١٣٤ی، سورەتی ئەلبەقەرە.

(٥) (سورەتی تاها ئایەتی ١٢).

(٦) (بڕوانە رۆژنامەی خەباتی ژمارە (١٦٣٩) ٢٠٠٤/١٢/٤ لاپەڕە ٣).

(٧) (تائیرە، بەشی یەکەمی بابەتەکەبووە، کە لەرۆژنامەی، خەباتی، ژمارە (٢٣٣٥) ٢٠٠٦\١١\٢٥ لاپەڕە ٤٤دا، بلاوکراوەتەوە).

*****



**(٢)**

### پێشەکیی دانەر:

### ئامادەکردن و پێشەکی:

هەرلەسەرەتای سەرهەڵدانی، گەشەکردنی بیری ململانێی مرۆڤەوە، ئەم بوونەوەرە خاوەن عەقڵە، هەستی بەوە کردووە، کە گۆڕانکاری و لەسەریەك تەوەر نەمان، شێوازێکە، لەشێوازەکانی ژیان و ئەو گۆڕانکارییانە، لەوکاتەوە لەگەڵیدا ئاوێتە دەبێت، کە هێشتا لەمنداڵدانی دایکیدا نمەیەك ئاو و دواتر گۆشتپارەیەك بووە، تا چاو هەڵدەهێنێت بەژیان و دێتە دنیاوە و دواتریش تا بەقۆناغەکانی لاوێتی و پیربووندا دەڕوات، کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، هەرگیز لە قاوغێکدا نامێنێتەوە، بۆخۆی ئەوەی زانیوە، کە هەمووشت گەڕۆکە و هەر هەمووی (لەگەردوونێکدا مەلەدەکەن)[١] و (چیاکان، هەورئاسا دەسووڕێنەوە)[٢]، کە ئەوەیش لا (کرداری خوایە، کە هەموو شتێکی بە وردەکارییەوە دروستکردووە)[٣]، وەك فەیلەسووفی یۆنانی، (هرقلیتس — ٥٤٠ — ٤٨٠ — پ. ز) دەڵێ: هیچ یەکێك لەئێمە نییە، کە دووجار لەیەك دەریا، خۆی پێ بشۆردرێت!، چونکە ئەوکاتەی، کە جاری دووەم خۆی لێدەشۆرێت، هەست بەوە دەکات، کە دەریاکە، گۆڕاندنی بەسەردا هاتووە!، هەروەها، ئەو وای بۆ دەچێت، کە: (لەودیو ئەم گۆڕانکارییانەی سروشتەوە، عەقڵێکی گەردوونی و یەکبوونێك هەیە، کە ئەو یەکبوونەیش، بنەمای، هەموو بوونێکی دیکە و نەگۆڕە، کە خوایە). رەنگە ئەمە هەندێك بێت، لەلێکدانەوەی ئەو ئایەتەی، کە ئاماژە بۆ گۆڕانکاری و بەردەوامێتی دروستکردنی بوونەوەر دەکات و دەفەرموێت: (هەر رۆژەی، خوای گەورە لەکارێکی خۆیدایە)[٤].

گۆڕانکاری بەتەنها، بیرێکی فەلسەفیی رووت نییە و بەس، بەڵکو ئەوە واقیعێکی دیار و هەستپێکراوە لای هەمووکەس و دیاردەیەکی روون و ئاشکرایە!. مەگەر هەموومان هەست بەوە ناکەین، کە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، گۆڕانی بەسەردا دێت و بەردەوام لە گەشەکردندایە و هیچ شتێك نییە لەسەر یەك تەوەر بمێنێتەوە؟.

گەربۆئەوەی مرۆڤایەتی لە ساکاری و سادەییێتی ژیانەوە، بگاتە قۆناغی پێشکەوتنی پیشەسازی و ئامێرەکانی بەڕیوەبردنی ژیان، هەزاران ساڵی پێویست بووبێت و بەپێوەری ئەو گۆڕانکارییانە و قۆناغەکانی لێی بنواڕین، ئەمڕۆ بۆ گۆڕاندنی لەسەردەم و چاخی ئینتەرنێت و ئاسۆی بەرفرەی تەکنەلۆژیادا، تەنها چاو تروکانێکی پێدەوێت و بەس.

ئەو گۆڕانکارییە بینراوە هەستپێکراوە، ماددییەی لەبەرامبەر ئەوقۆناغ بڕییەدا، هاتنە پێش، هێرشی هێنایە سەر زۆرێك لەقییەم و رەوشت و ئاکارەکانی مرۆڤ، کە خۆی وای دەزانی، هەرگیز گۆڕانیان بەسەردا نایەت!، وەك دیاردەی کوێیلەیەتی و چەوساندنەوە و پێشێلکردنی ماف و بوونی نەتەوەکان و دەستەڵاَت قۆرخکردن لە تاکە گەورە بەرپرسێکدا و بەس، کە پێی دەگوترا: (حاکم). ئەوکاتەی بارودۆخ و ژێرخانی ژیانی مرۆڤ وەها پڕبووبێت لە کوێلەیەتی و چەوساندنەوە، دیارە بۆکەس نەبووە، کە لەئەتوار و ئاکارەکانی ئەوانی دیکە بپێچێتەوە و لێیان بدوێت، لەکاتێکدا، کە هەردەم کارەکانیان، جوان و شیرین و رازاوە بەدیاردەخرا.

ئەمەیە واقیعی ئەویاسایەی، کە هەردەم لە گۆڕاندایە و بەپێی ئەو گۆڕانکارییانەی، کە بەسەر کۆمەڵگەدا دێت، رەفتار دەکات، کە لە هەندێك کات و سەردەمدا، دەبێتە پاڵپێوەنەری، خودی گۆڕانکارییەکە و بەبۆچوونی ئێمە، هەرگیز عەقڵ ئەوە ناگرێت بڵێین: وا چاوەڕوان دەکرێت، لە فیقە و تێگەیشتنەکانی ئیسلام، لەلایەنی مەدەنی و کۆمەڵایەتی و بازرگانی و رامیاری، بۆ بەرژەوەندی تاکەکانی کۆمەڵ، بەدووربێت لەوهەموو گۆڕانکارییانەی بەپڕتاو و تەوژم رووی لەمرۆڤایەتی کردووە!، چونکە گەربێ و ئەو فیقهە لەگەڵ سەردەم و زەماندا نەگونجێت، ئەوکات بەفیقهێکی کورت و کوێر و دواکەوتوو، ناوزەد دەکرێت و ئەوکات دەڵێین: ئەو فیقهە،



نەیتوانیێوە ئەرکە پیرۆزەکانی خۆی، جێبەجێ بکات، وەك چۆن، ئەوکات، یاساکان بۆش و خاڵیی دەبن لەناوەڕۆك و حیکمەتدا!.

ئەوەندەی، ئێمە لەرابردووی فیقهی ئیسلامی تێدەگەین و لێی دەخوێنینەوە، ئەوەیە، کە هەمووکات، توانای ئەوەی هەیە، وەلاَمی سەردەمییانە و کاتیی پێ هەبێت، بە ئاوڕدانەوەیەکی ورد، لەگەنجینە و کەلەپوورە فیقهییەکەی چەند سەدان ساڵی رابردوومان، راستیی ئەوەمان بۆ بەدەر دەکەوێت، چونکە دەبینین: پڕێتی، لەهەزاران عەقڵی بەگەڕخراوی، مامۆستا و موجتەهید و تازە کەرەوەکانمان، کە هەموویان، دەبنە بەڵگەی زیندوو، لەسەر توانای تازەگەرێتی و لەگەڵ سەردەم گونجانی هەر هەنگاوێکی گۆڕانکاریی کۆمەلاَیەتی و ئابووری و رامیاری کۆمەڵگە، لەهەرچاخ و سەردەمێکدا. کە هەرخودی ئەوەیش دەگەڕێتەوە، بۆ نەرمونیانی ئەو کەسایەتییانەی، کە بۆ پێوەرەگشتی و هێڵە سەرەکییەکان، وەك سەرچاوە وەهان و بەڵگەیشن لەسەر ئەوەی، کە لەگەڵ هەر تازەگەرێتی و پێداویستییەکی سەردەمدا، بواری گونجاندنی تێدا هەیە.

ئەوگۆڕانکارییانەی، باسیان لێدەکەین، ئەو دەقە پیرۆزانە، ناگرنەوە، کە (بەڵگەییێتی وچە سپاندنیان)، بواری دوودڵی و دڵەڕاوکێیان تێدانییە و (قەتعیول سبوت و قەتعیول دیلالەن)[٥] و بواری لێکدانەوەی جودا جودا، نادەن و کات و سەردەم و شوێن، ناتوانن هیچ کارێك بکەنە سەرماناکانیان، وەك بابەتەکانی عەقیدە و پەرستش. مەبەستمان ئەو فیقهەیە، کە بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ دەقێکی وا، کە لەچەسپاندن و تایبەتی بەسەردەم و شێوازێکەوە، رای جیاواز هەیە، یان ئەو فیقهەی، کە بنەماکەی دەگەڕێتەوە، بۆ تێگەیشتن و ئیجتیهادێکی زۆر تایبەتی، فەقیهێك لەسەردەمێکی دیاریکراودا.

مەبەستیشمان بەتازەگەری، ئەوە نییە، کە هیچ سنوور بەزاندنێکمان هەبێت، بۆتێگەیشتنی فەقیهەکانمان، یان زیادکردنێك، لە تێگەیشتنەکانی ئەوان، کە بەشێك نەبن لێیان. باسمان لەوانەیش نییە، کە چاوەڕێی هاتنی مەهدی دەکەن![٦]، یان ئەوانەی، کە دەڵێن: لەسەرەتای هەر سەردەمێکدا، کەسێك پەیدادەبێت، کە کار و

باری ئایین، بۆ خەڵك تازە دەكاتەوە و لە بۆچوونەكەیاندا، پەنا دەبەنە، بەر ئەو فەرموودەیەی، لەم مانایەدا هاتووە و ئەبو هورەیرە دەیگێڕێتەوە(٧)، گەرچی ئەم بۆچوونە، زۆر باوە و لەنێو هزری ئیسلامییدا، كاری پێدەكرێت، هەربۆیەكە دەبینین: زۆر جار فوقەها و بیرمەندە ئیسلامییەكان، لە دووی ئەوە وێڵ بوون، بزانن داخۆ ئەوكەسە كێیە، كە ئەونوێكاری و تازەگەرییەی ئەنجامداوە؟، بەم شێوە دەستنیشان و جیاجیان كردۆتەوە:

**١**: بۆ سەدەی یەكەم (عومەری كوڕی عەبدولعەزیز).

**٢**: بۆ سەدەی دووەم (مەحەممەدی كوڕی ئیدریسی شافیعی) بەلای هەندێكیانەوە.

**٣**: بۆ سەدەی پێنجەم (ئەبو حامیدی غەزالی)، دووبارە بەلای هەندێكیانەوە...هتد،

هەرهەمەوو هەڵبژاردن و دەستنیشانكردنێكیش، بنەماكەی، دەگەڕایەوە بۆچەندێتی و چۆنێتی سەرسوڕمانی هەڵبژێرەرەكان، لەلایەك و تاچەند، هەڵبژێردراوەكان، توانیویانە بەرهەمی فیكری و ئیجتیهادیی پێشكەشبكەن.

ئەم نوێكردنەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە و لێی دەدوێین، لەناوەڕۆكدا، لەگەڵ ئەم بیرۆكە مێژوویی و دێرۆكییە، لێك دوور نیین، ئەوەندە هەیە، ئەگەر دوێنێ، وەك دیاردەیەكی كۆمەڵایەتی، سەیری كرابێت، ئێمە ئەمڕۆ وەك پێویستییەكی كۆمەڵایەتی سەیری دەكەین و لێی دەڕوانین. ئەم نوێكردنەوەیە، لای ئێمە بۆئەوەیە: لێكحاڵیبوون دروستببێت، نەوەك پێكهەڵپژان.

بیری بەرێوەبردنی واقیع و خودی واقیعەكە، ئاوێتە ببێت و بە هەردوولا، خزمەت بكەین.

وەك پێشتریش ئاماژەمان پێكرد، ئەوەمان لەبەر چاوە، كە ئەم نوێكردنەوەیە لەفیقهدا، پەیوەندی بەو بابەتانەوە هەیە، كە لەژیانی گشتیدا روودەدات، نەوەك ئەو بابەتانەی، كە پەیوەندییان بەودامەزراوە عەقیدی و شەرعییانەوە هەیە، كە هەموولایەك، لێیان تێگەیشتوونە و بواری را گۆڕینەوەیشیان هەر تێدانییە.

جیاوازیش لەنێوانیاندا ئەوەیە، كە فیقە، چونكە بریتییە لەتێگەیشتنی مرۆڤ و لێكدانەوە و ماناكردنێكی سەردەمییانە و لێحاڵیبوونێكی وابەستە بەكات و شوێنی



دیاریكراوەوە، نیگایەكی خوایی نییە، تاپیرۆزییەت وەربگرێت، لەدانانی مرۆڤە و دەكرێ ئەودانانە گۆڕانی بەسەردا بێت.

شەرع، یان شەریعەت، بریتییە لەو دەقانەی، كە پیرۆزێتییان هەیە، وەك قورئان و فەرموودەی دروست، كە لەخودی پێغەمبەرەوە (د.خ)، گێردرابنەوە و دەرچووبن، كە ئەویش بۆخۆی، كانزای پەیامەكە و رێنمایی بێ سنوورە، ئەوەی هەمووڵایەكیشمان دەیزانین ئەوەیە: كە شەریعەت: رێنماییكردنی مرۆڤی لەئەستۆی خۆی گرتووە بۆ بردنی بەرەو عەقیدە. دڵی تاكەكان پەیوەست دەكاتەوە بەپەروەردگاری ئەوهەمەوو بوونەوەرەوە و وای لێدەكات، كە ملكەچی ویستەكانی خوا بێت و قەزای ئەوی بەلاوە، لەژوور هەمووشتێكەوە بێت و رازی بێت بەویستەكانی خوای گەورە. وەك چۆن رێنماییان دەكات بۆ ئەو پلە و پایانەی، كە پێیان دەگوترێت: رەوشت و ئاكارە بەرزەكانی تاكی بڕوادار. هاوكات یاساكانی خێزانی بەختەوەریشی داڕشتووە، هەر بۆیەكە، لەوشتانەدا، كە فەرمانە بەكردن، یان بەنەكردن، بەڕەهایی هیچ بواری ئیجتیهادی تێدانییە.

ئەوشتانەی پەیوەندییان، بەلایەنی كۆمەڵایەتی، یان رامیاری، یان شوێن و پێگەی تاكەوە هەیە لەكۆمەڵگە، یان لەنێو دەوڵەتدا، شەریعەت، تەنها بەوەندە، وازی هێناوە، كە هەندێك پێوەری گشتی بۆ داناون، كە وەك یاساكانی دادپەروەری و سەرەتا و بنەماكانی ویژدان و چاكەكردن وەهان، یان وەك یاسا سرووشتییەكان وەهان، وەك لەزمانی یاسا و بەپێی زاراوەكانی وایان پێ دەگوترێت. ئەوەیشمان لەیاد نەچێ، كە دانانی ئەم پێوەر و بنەما گشتییانە، لەسەر رووداوەكان، بەپێی پێداویستییەكانی گۆڕانی كات و سەردەم بووە و وایش دەبێت.

هەردەم دادوەرە حەكیمەكان، بواری ئەوەیان پێدراوە، كە بەرژەوەندی گشتی رەچاوبكەن و بیپارێزن، ئەوەندەی بزانن، بەپێی بۆچوون (ئیجتیهاد)ی خۆیان، كارەكەیان دەبێتە یارمەتیدەر، بۆ پیادەكردنی دادپەروەری. هەربۆیەكە باشتر وایە، یاسای وەها دابڕێژرێت، كە بكرێتە پێوەر، بۆهەڵبژاردنی باشترین ئیجتیهاد لەم بوارەدا، بەپێی بەراورد كردنی بۆچوونی پسپۆڕانی شارەزا و بەپێی ئەو پێوەرانەی، كە هەن و شەریعەت و یاسای نەتەوەكان وەریان دەگرن.

**لێرەوە دەڵێین:** تازەگەرێتی، پێویستییەکی کۆمەلاّیەتی وایە، کە دەرباز بوون نییە لێی و ئەوکاتەی، دابونەریت و باو، سەرپشك دەبێ، یان بەڵگەیەتی بەڵگە شەرعییەکان گومانبەخش (ظني الدلالة)، دەبن نەوەك قەتعی دەبن، یان ئەوکاتەی رووداوەکان، لەوانەدەبن، کە تازەن و لەکۆندا نەبوون و دەقێکی روونیان لەسەر نەهاتووە، کە بەڵگەییێتیی بێگومان و قەتعی بن و هاوکات رووداوگەلێکیش بن کە هەبن، ئەوکات، نە لەحیکمەتە و نەشەرعییشە، وردەکارییەکانی فیقهی کۆن، بەکاربهێنرێن، یان بگەڕێین لەدووی قسە و وتەی فەقیهە کۆنەکانمان و ئەوان بکەینە پێوەر و بینا لەسەر قسە و فتوا و ئیجتیهاد و بۆچوونەکانی ئەوان بکەین و ئەوانیش وەك دەق، بەپیرۆز سەیر بکەین، لەکاتێکدا، کە ئێمە دەزانین، ئەوگوتن و فەتوایانەی ئەوان بۆسەردەم و کاتی تایبەت گوتراون. بەڵکو پێویستیمان بەفیقهێکی تازەگەری واهەیە، کە لەگەڵ واقیعدا بگونجێ و ئاسانکاری بکات بۆ کاروباری خەڵکی، نەوەك لەسەریان گران بکات. لەگەڵ گیانی سەردەمدا بێت، نەوەك رووبەڕووی ببێتەوە و لێی دابڕێت، لەهەمان کاتیشدا سوود بکات لەو فەتوا و تێگەیشتنانەی، بنەمایەکی دروست و باشیان هەیە، وەك چۆن دەکرێ سوودبکرێت لەو بەرهەمە فراوانە فیقهییانەی، کە لەمێژوودا هەمانە و بەهۆیانەوە زەنگینتر دەبین و لێیان بێ نیازنابین.

ئەم هەنگاوەی، ئێمە باسی لێدەکەین، بریتی نییە لەداهێنان (بیدعە)یەك، لەفیقهی ئیسلامیدا، یان بیرۆکەیەکی تازەی وەها بێ، کە پێشتر نەبووبێت، یاخود بانگەشە بێت، بۆ فەرامۆشکردن و وەلانانی، کەلەپوورێکی فیقهیی ئیسلامی پڕ لەکانزا و زانستیی فیقهی، یان بۆ لەبیرکردنی ئەو گەنجینەیە!، بەپێچەوانەوە، ئەم کارەی ئێمە لەوە تێناپەڕێت، کە بانگەشەیە، بۆهاندان و راپەڕاندنی ئەو عەقڵە فیقهییە هاوچەرخانەی، کە لەگۆڕەپانەکەدا هەن، تا رووە و تازەگەری فیقهیی و یاسادارێژی، هەنگاوی تۆکمەتر بنێین و مامۆستایەتی و پێشەنگ، لەوانەی پێش خۆمان وەربگرین و کەمێك سوودمەند بین لەو بەرێزانە، کە بەوەوە نەوێستاون، وەلاّمی سەردەمی خۆیان پێ بووە و کێشەکانی سەردەمی خۆیان چارەسەرکردووە، بەڵکو دووربینیی، دوای خۆیشیان کردووە و باسیان لەشتگەلێك کردووە، کە لەکاتی خۆیاندا روویشی نەداوە.



ئەم ئوممەی ئیسلامە، بەزنجیرەیەك قۆناغی تازەگەریی، گرنگی مێژووییدا تێپەڕبووە و هەردەم لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی دەوروبەری خۆیان مامەڵەیان کردووە و هێندە وێڵ بوونە لەدوای حیکمەت و ئارمانج، جاری واهەبووە، کە سنووری رووی دەرەوەی هەندێك دەقیشیان بووراندووە و بەزاندووە!. بۆ وێنە، دەڵێین: (عومەری کوڕی خەتاب) بە پێی رەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی، ئەو ناوچەیەی کە پێی دەگوترا: (سەواد و لعێراق)، کە بەزۆر و بەجەنگ کەوتبووە ژێر دەستیان، بەسەر جەنگاوەرەکاندا، دابەشی نەکرد و وەك داهات و دەسکەوتێکی جەنگ، مامەڵەی لەگەڵدا نەکرد و هەربەمولکی دەوڵەت هێشتییەوە، بەمانا لەگەڵ ئەو دەقانەدا، کە باس لە دابەشکردنی ماڵی دەسکەوتی شەڕ دەکەن، نەڕویشت و رووبەڕووی رای زۆربەی بڕواداران بووەوە!، چونکە هێندەی جەنگاوەرەکان بۆ بەرژەوەندی کاتیی، دەیان ڕوانی، عومەر دووربینی بەهێزکردن و زەنگین کردنی دەوڵەتێکی دەکرد، کە بەچەندین جۆر و زۆر ئاستەنگ و کۆسپ، ئابڵووقە درابوو. تێگەیشت کە ئەو دەوڵەتە پێویستیی بەیاسایەکی ئابووریی تۆکمە هەیە و لەوێوە زانیی، کە دەست بەسەراگرتنی سامان، لای تاکێك، یان لای چەند گرووپ و کەس و لایەنێك، کارێکی چەند ئەستەم و زیان بەخشە، قورئان دەفەرمووێت: (بۆئەوەی سامانتان هەر لەبن دەست زەنگینەکانتان نەبێت و بەتەنها هەرئەوان تاووتوێی بکەن)[٨] لەگەڵ ململانێی و ناڕەزایی یارانیشی، هەرلەسەر پرۆژەکەی بەردەوام بوو، شارەزا و فەقیهەکانی سەحابەش، هاریکاریی و پشتگیرییان لێکرد، بەوە بنەمای ئەوەیان دارشت، کە لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و پیادەکردنی سیاسەت و کۆمەڵگەدا، بەرژەوەندی گشتیی، وەپێش بەرژەوەندی تاك و لایەن دەخرێت. وەك چۆن هەر عومەر بوو، کە لەوساڵەدا، کە پێی دەگوترێت: (ساڵی برسێتی)، بڕینی دەستی دزی راگرت[٩] و دواتریش ئەوانەی کە بۆ دڵنەوایی و دڵڕاگرتن بەشێکی دیاریکراویان هەیە لە داهاتی دەوڵەت و پێیان دەگوترێت: (موئەلەفەتولقلوب)[١٠]، عومەر، بەشەکەی نەدانێ و بۆچوونی خۆی خستە پێش دەق و پاڵپشتی بەوە بەست، کە سەردەمی لاوازی بڕواداران، تێپەڕیوە و هیچ پێویستییەکیان بەو دڵنەواییە نەماوە، تا بڵێین: با لەشەڕ دوور بخرێنەوە و نەبنە

هێز بۆ بەرامبەر، ئەوەی جێگەی سەرنجیشە گەورە کاربەدەست و خەلیفەکانی دوای عومەریش، نەهاتن فتواکەی ئەو پوچەڵ بکەنەوە، یان کاری پێنەکەن[11][12].

دەتوانین وەك دانپێدانانێکی روون و دیار و بەڵگەیەکی زیندوو، لەسەر ئەوەی کە ئیجتیهادی فیقهیی لەسەردەمێکەوە، بۆسەردەمێك و لەشارێکەوە بۆ شارێك دەگۆڕدرا، بەنموونە واقیع حاڵی، فیقهە تازەکەی شافیعی، لەمیسر و کۆنەکەی لەعێراق، بهێنینەوە و بیانکەینە باشترین بەڵگە لەسەر کارتێکردنی سەردەم و شوێن، لەسەر فەتوای زانایان، هەروەها فیقهەکەی خەڵکی مەدینەی مونەوەرە و ئەوەکەی ئیمامی مالیك، کە دەبێتە بەهێزکەرێکی گەورەی ئەو وتەیەی دەدرێتەپاڵ عومەری کوڕی عەبدولعەزیز: (هێندەی خەڵکی هەڵە و لە ئاینین دووربیان تووش ببێت، قەزای تازەیان بۆپەیدا دەبێت)، چونکە، ژیانی مرۆڤایەتی پڕییەتی لەرووداوی تازە، کە وا دەخوازن، ئەگەر پێویستی کرد، بە قەزایەکی وا رووبەڕوویان ببینەوە، لەگەڵیان بگونجێت، ئەوەش بەوە جێبەجێ نابێت، کە بێین کۆپیی، وەلاّم و چارەسەر و فەتوا و ئیجتیهادەکانی کۆن بکەین!، یان پەنابەینە بەر وردەکارییەکانی فیقهی کۆن، بەڵکو بەتێگەیشتن دەبێ لەواقیعی تازە و بە گەڕانی یاسایی و ئەکادیمی و فیقهیی لەدووی ئەو بنەماگشتییانەی، دەبنەبڕیاردەر و حاکم، بەسەر هاوشێوەیانەوە. بەگەڕان دەبێت بەشوێن حیکمەتی شاریع، لە هاوشێوەکانیان و گرتنە بەری رێگەی دروستی دوور لە داڕشتن و وتە و قسەی رووت، یاخود بەگەڕانەوە بۆلای ئیجتیهادی پسپۆڕانی کۆمکاریی و گشتگیری نێو ئەو دەزگایانەی، کە شارەزایانی فیقهییان لەخۆگرتووە، لەگەڵ پاڵپشتی کردن، بەوەلاّم و فەتوا و فیقهی هاوشێوە.

دەبێ هەمووکەس، لەوە ئاگادار بێت، کە مەبەستی ئێمە، لەم باسەمان، باسەکانی پەیوەست بەعەقیدە و پەرستش و رەوشتە نەگۆڕەکان نییە، بەتایبەتی ئەوانەی، کە شەرع بەدرێژیی و بەشێوەیەکی گشتگیری و تەواو لێیان دواوە، نەك کۆمەڵێك دەستەواژەی دانابێت و کردبینییە پێوەری نەرم بۆیان!، هەرلێرەوە راستیی ئەودروشمەیشمان بۆ دەردەکەوێت، کە دەڵێ: شەریعەتی ئیسلام، بەردەوامە و بۆ هەمووکات و بۆ هەموو شوێنێك دەشێ و دەستدەدات.



ئەو بۆچوونەی ئێمە، کە دەڵێین: تازەکردنەوەی فیقهی ئیسلامی و گۆڕانکاری بەسەریدا هێنان، لەگەڵ گۆڕانەکان روودەدا، وەك ئەوگوتنە وایە و زۆر نزیکن لەیەکتر، کە دەڵێت: دەروازەی ئیجتیهاد کردن، بۆدۆزینەوەی حوکمی شایان و گونجاو، لەڕووی ئەوانەی، کە کەسی ئەو بوارەن، هەردەم والاّ و کراوەیە، هەر ئەم را و بۆچوونەیشە، کە بەشێوەیەکی زۆر دیار و روون، ئیمامیی (شیعە)کان، لەفیقهەکەیاندا، لەسەری دەڕۆن و ئەزهەری شەریفیش، لە سەردەمی شۆڕشە تازەگەرییەکەی (شێخ مەحەممەد عەبدە) و دوای ئەویش، خۆی لێکردە خاوەن و پێی هەستا و لەئامێزی گرت و کاری تۆکمەی بۆکرد!.

وەختە بڵێین: سەرجەم کۆڕبەند و دەزگا زانستییە فیقهییە هاوچەرخەکانی ئەمڕۆیش، پەیڕەوی ئەو بۆچوونە تازەگەرییانە دەکەن، گەرچی لە هەندێکیانەوە، هێشتا دوودڵی و خۆ یەکلانەکردنەوە هەربەردەوامە و هەندێکیشیان، داکۆکیی لەسەر ئەوە دەکەن، کە لەسنووری داڕشتن و گوتن و زاراوەی فەقیهە کۆنەکاندا بمێنن!. وەك لەئاکاری، فەقیهەکانی تالیبان بینیمان، کە هیچ بەهایەکیان دانەنا بۆسەردەم و شوێن و بەها مرۆییەکان، تا لەئاکامدا، کەوتنە ئەو گێژاوە، بێ سەرووبنەی، کە دنیا پێیزانی!.

**تێبینی:** گەرچی لێرەدا، جێگەی ئەو تاوتوێ کردن و هەڵسەنگاندنە نییە، بەلاّم هەمووڵایەکمان دەزانین، کە یەکێك لە هۆکارە بە دیارخراوەکانی ئەو شەڕانەی لەگەڵ تالیبان، ئەو رازی نەبوونەیان بوو، بەهێشتنەوەی پەیکەرەکانی بووزا و توندوتێژییان لەسەری، کە من لێرەدا بەپێویستی دەزانم، بەشێك لەدەقی گوتاری موفتی میسری، بخەمە بەردەم ئێوەی بەڕێز، بەگێڕانەوەتان بۆ گۆڤاری (روز الیوسف)ی، ژمارە (٤١٤٦)٢٤ی نۆڤەمبەری ٢٠٠٧، لاپەڕەکانی ١٦-٢٥، کە چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ بەڕێزیاندا کردووە و تیایدا هاتووە: (**ان الإمام محمد عبده، كتب مقالا، في المنار، سنة ١٩٠٥، وقال: أنا أرى أن التماثيل تستوجب التفكير فيها ثانية، لأنها تمثل تأريخ أمة**...(عمر)).

وەك راستییەکی بەڵگە نەویست، زۆربەمان ئەوە دەزانین، کە ئەوەی، لە کەلەپووری فیقهیی ئێمەدا، (باو و زانراوە)، ئەوەیە، کە زۆرێك لە لێك جیاوازییەکان و یەك

نەگرتنەوەی، راوبۆچوونی موجتەهیدەکان، لە زۆربەی کاتدا، جیاوازیی سەردەم و شوێن بووە، نەوەك جیاوازیی بەڵگە!. کاتی خۆی زانایان توانیویانە، لەئاکامی بەدوواداچوون و هەڵاوێرد کردنی ئیجتیهادە فیقهییەکان، ئەو یاسایە دابڕێژن، کە دەڵێ: (نابێ کۆسپ لەڕیگەی ئەو بۆچوونەدا هەبێت، کە دەڵێ: حوکمەکان بەپێی سەردەم و شوێن دەگۆڕدرێن)، زانای بەناوبانگ، مەحەممەد تاهیر عاشور، دەڵێ: (شێخ ئەبو مەحەممەد بن ئەبو زەید، لەماڵی خۆیان، سەگێکی راگرتبوو، کاتێك کە یارەکانی پێی دەڵێن: مەگەر نازانی، کە ئیمامی مالیك، گوتوویەتی: کەراهەتی هەیە مرۆڤ لەنێو باژێڕ و لەنێو شار، لەماڵدا سەگ رابگرێت، لەوەڵامیاندا دەڵێ: ئەگەر مالیك، لەم سەردەمەدا بژیایە، شێرێکی لەبەردەمی ماڵی خۆیان رادەگرت!)[١٣]، لەمەوە لەوە تێدەگەین، کە کاتی خۆی، هەر حوکمێکی شەرعی، لەبەر رەچاوکردنی نەریت و عادەت، دامەزرا بووبێت، هەربەپێی گۆڕاندنی سەردەم و شوێن، بەپێی گۆڕاندنی داب ونەریت، حوکمەکە دەگۆڕدرێت!.

ئیمامی قەڕافیی، دەڵێ: (هەر هەموو ئەو شتانەی، کە لەدووی دابونەریت و رەچاوکردنی عادەت دەڕۆن و شەریعەت لێیان بووەتە خاوەن و لەئامێزی گرتوونە، بەپێی گۆڕان هاتن بەسەر دابونەریتەکان و پێویستیی تازە، گۆڕان بەسەر حوکمەکانیشیاندا دێت!)[١٤]. بەدووری نازانم قەڕافی لەو بۆچوونەیدا، پشتی بەو ئایەتە بەستبێت، کە دەفەرمووێت: (خوای گەورە دەیەوێت بۆئێوە روون بکاتەوە و رێنماییتان بکات بۆرێبازی ئەوانەی، بەرلەئێوە تێپەڕیوون و لێتان خۆش ببێت، خوای گەورە، خاوەنی زانست و حیکمەتی بێ سنوورە)[١٥].

ئەم شەریعەتە پڕ لە بەزەییەی ئیسلام، لەلایەکەوە زۆر بەباشیی جێگەی تازەگەری تێدا دەبێتەوە و لەلایەکی دیکەیشەوە، ئەوەندە پێگەی رەچاوکردنی ئارمانجە پیرۆزەکانە، کە وەپێش وردبوونەوە رواڵەتییەکانی دەخات، بەتایبەت ئەو بیرمەندانەی، کە دەیانەوێ ببنە خولیا و هەواداری پیتلێزمی دەقەکان و لێیان لانەدەن و لێیان ناترازێن!.

ئەوەیشمان لە بەردەمدا روونە، کە هەردەم شەریعەت، هاندەری توێژینەوە و ئیجتیهادێکە، کە هەنگاوبێت بۆ بەرەوچاکتر و باشترچوون!، ئەوەیش بەرەچاوگرتنی بەهادانان، بۆ ئارمانجە گشتییەکان و پەند وەرگرتن، لەرێنمایی ئیسلام دەبێت.



گەرچی زۆر بەداخەوە، لەگەڵ ئەوەی، کە دەزگا و کۆڕبەندە زانستییە فیقهییە هاوچەرخەکان، دان بە بوونی ئیجتیهاددا دەنێن، ئەوەی، کە بەچاوی خۆمان دەیبینین، لەوە تێناپەڕێنێ، کە ئیجتیهادە تازەکانی رووداوە تازە و کاتییەکانی ئێستا، کۆمەڵێك پشت بەستن و خۆهەڵواسینن بەفیقهی لاسایی و بەجۆری لێحاڵی بوونی کۆنەکانەوە.

واتە، ئەوانیش لەسەر بنەمای، وابەستەگی بوون، بەکۆمەڵێك یاسا و رێسای زانستیی ئوصول فیقهی ئیسلامی داڕێژراون و بەزۆری رەچاوکردنی رواڵەت، تیایاندا بەدی دەکرێت!، نەوەك رەچاوکردنی واقیع و ئارمانجەکانی داڕشتنی یاسا و شەریعەت!، گەرچی ئەو بەڕێزانەیش، چاك دەزانن، ئارمانجەکانی شەریعەت، قەتعیین و جێگەی گومان نین، بەڵام بنەما و دەستپێك و هۆکارە زمانەوانی و رەوانبێژیی و بەڵگە لێوەرگتنەکان، لەنێو زانستی ئوسوڵی فیقهدا، پڕیانە لە بەڵگە و بۆچوونی گوماناوی و گومانبەخش، وەك بۆچوونە لێك جیاوازەکان، لەسەر بەڵگەییێتی و نا بەڵگەییێتی، تێگەیشتنی پێچەوانە (مفهوم المخالف) و بە بەڵگەدانانی ئەوفەرموودانەی، کە بەڕێگەی (ئاحاد)، دەچەسپن و ئایا دەقە گشتیی گەیێنەکان (النصوص التی تفید العموم)، لەگەیاندنی مانادا، قەتعیین، یان نا؟، ئایا ئەو سیغەی ئەمرەی دێت، واجبێتی دەگەیێنێت، یان نا؟.

کە لێرەوە، دەڵێین پێویستە لەسەر هەرزانا و توێژەرەوە و لێکۆڵەرەوە و خوێندەوارێکی هاوچەرخ، کە دەیەوێت لەنێوان فیقهی ئیسلامی و واقیعی تازەدا، - کە رۆژانە لەگۆڕاندایە - ، ئاوێتەکردن و یەکتر تەواوکردن هەبێت و دروست بکات، بۆئەوەی لەکارەکەیدا سەرکەوتوو بێت، پێویستە، پەنابەرێتە بەر، رەچاوگرتنی ئارمانجەکانی شەریعەت و ئەو بنەما گشتییانەی، کە دەستنیشانی رێگەچارەی کێشەکانی خەڵکیی دەکەن، هاوکات چارەسەری ئەولێك هەڵپژان و یەك نەگرتنەوەی راو بۆچوونانەیش بکات، کە واپێ دەچێ، بەپێی پێوەری زانستی ئوسوڵی فیقە، - لەئاکامی لێك جیاوازی تێگەیشتن و تەفسیر و لێکدانەوە و بەڵگەییێتی دەقەکان- روویان دابێت.

نابێ بەشێوەیەکی وا، لەداڕشتن و گوتن و قسەی فەقیە و گەورە زانایان بڕوانرێت، کە بکرێنە، بنەمای حوکم وەرگرتن، بەهەمان پێوەری زانایانی کۆن، کە لەقورئان و لەفەرموودە، دەیان روانی و حوکمیان لێ وەردەگرتن.

ئیجتیهادێك دەکرێتە بنەمای حوکم لەسەر داڕشتن، کە پاڵپشتی لەدەقێك وەرگرتبێت، کە لەلایەنی شەرع داڕێژەرەوە، قەتعی و بێ گومان بێت، یان لەسەر بنەمای حیکمەتێك دەبێت، کە چەندین ئایەتی روون، بۆیان دەبنە بەڵگە و سەرچاوە، ئیتر هیچ داڕشتن و پەیڤ و وتەگەلێکی فەقیهەکان، کە لەنێو دووتوێی نووسینەکانیادا هاتوون، ناکرێنە بنەمای حوکم لەسەر داڕشتن، بەلاّم، دەکرێ سوود لەو قسانەیان بکەین و لەژێر سایەی تێگەیشتنەکانیاندا، هزر و فەتوا و بۆ چوونەکانی خۆمان بەهێز بکەین.

لەلایەکی دیکەوە، گەربێ و ئێمە بەوردی بگەڕێینەوە بۆ گوتار و قسەی گەورە موجتەهیدەکان، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە هیچ یەك لەو بەڕێزانە، نەیگوتووە: ئەوەی ئەودەیڵێت، هەردەم هەقە و ئی بەرامبەریش بەتاڵ و نابەجێیە!، وەك چۆن هیچکات، هیچ یەکێکیان نەی گوتووە: لاسایی من بکەنەوە!، هەر یەکەیان وەك ئەبوحەنیفە گوتوویەتی: ئەو بۆچوونەی من، باشترین بۆچوونە، کە من پێی گەیشتبم، ئیتر هەرکەس بۆچوون و تێگەیشتنێکی باشتری بۆ هێنابن، وەریان گرتووە، هەر هەموویان چەندجار ئەوەیان دووبارە و سێبارە کردۆتەوە، کە فەرموویانە: (هەرکات فەرموودەیەکی دروست هەبوو، ئەوە بۆچوون و مەزهەبی منە)، وەك لەئیمامی شافیعییەوە دەگێڕدرێتەوە: (بۆچوونەکەی ئێمە راستە و دەکرێ هەڵەیش دەربچێت و نەمانپێکابێت، هاوکات، را و بۆچوونی بەرامبەرەکەمان هەڵەیە و دەکرێ ئەو، راست بکات و ئەو، پێکابێتی)[١٦]. ئەو مانا پڕ بەهایەی، کە ئەم دروشمە بەرزە دەیگەیێنێت، ئەوەیە، کە ئازادی، بۆچوونی لێك جودا و وێڵ بوون لەدووی توێژینەوە و ئیجتیهادی سەربەخۆ، بۆ ئەوەی ئەو کەسە بگاتە ئەوەی، کە خۆی بەلایەوە وایە راستە، لە نێو هزری ئیسلامیدا، زۆر بێ سنوورە و هیچ موجتەهیدێك، مافی ئەوەی نییە بڵێ: هەق و



راستی لای منە و لەسەرخۆی قۆرخی بکات و وابزانێت، کە تێگەیشتن لەدەق، تایبەتمەندی ئەوە و لەو نابوورێ و تێناپەڕێت.

ئەمەو، دەبێ لەوەیش پشت راست بین، کە زۆری و لێکجودایی بۆچوون و ئیجتیهادەکان، نابنە هۆکاری دروستکردنی تەنگژە لەنێو کۆمەڵگەی بڕوادارەکاندا و نابنە هۆکاری بەگژیەکداچوون و رکەبەرایەتی و دژایەتیکردنی یەك، بەپاساوی ئەوەی، کە را و بۆچوونی جیاوازیان تێدا هەیە، وەك لە تێڕوانینێکی رواڵەتی و سەرپێیدا، بەدی دەکرێت و دەخوێندرێتەوە.

بۆچوون و ئیجتیهادی هیچ فەقیهێك، نابێتە فەرمان، بەسەر هیچ تاکێکی نێو کۆمەڵگەوە، بەڵکو تەنها مافی دەوڵەت و دادگایە، کە بەشێوەیەکی فەرمیی، بە پێویستی دەگێڕن، کە لەنێوان چەندین یاسای دیکەدا، فلاّن لێکدانەوە و ئیجتیهاد و بۆچوون، دەبێ پەیڕەوبکرێن و هەر ئەوان، کات و سەردەم، دیارییدەکەن، ئەوەیش لای هەموولایەك روونە، کە هەر بڕیاری دادوەرە، کە بابەتەکانی جێگەی رای جیاواز و لێکجودا، یەکلا دەکاتەوە.

**لێرەوە، دەڵێین:** گەڕان لەدووی دەروازەیەکی پڕبەهای دی، بۆ دۆزینەوەی، رێگەچارەی کێشە سەردەمییەکان، بۆتەکارێکی پێویست، تا ئەو ئەندازەی، کە دەبێ بخرێتە پاڵ زانستی ئوسوڵی فیقهی ئیسلامی، کە لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا، بگونجێ و چارەسەری کێشەتازەکان بکات و لەهەمان کاتیشدا، بنەما و رەگ داکوتان بێت، بۆ ئەم تازەگەرییە، بەلاّم بەپێوەرەکانی شەریعەتی گشتی و هەمە لایەنە، هاوکات، باکەس وا تێنەگات، کە ئێمە بەم بۆچوونەمان، بانگەشە بۆ هەڵوەشاندنەوەی، زانستی ئوسوڵی فیقهی ئیسلامی دەکەین!، بەپێچەوانەوە، بەڕای ئێمە، زانستی ئوسوڵی فیقە، تازەگەری و جوانکارییەکی پلان بۆ داڕێژراو و پڕۆگرامێکی هزری و زمانەوانی و عەقڵی و مەنتیقی ئیسلامییە و یارمەتیدەرمانە بۆ ئەوەی، کەلەپوور و رابردووی فیقهیمان، کە لەمێژوو و دیرۆکی مەزهەبیدا هەمان بووە، هاوکات توانای فتوادان و دەربڕینی رای جودا و ئیجتیهاد، بڵند و بەهێز و پتەودەکات و ئەوعەقڵانە رام دەکات، کە لەدووی بەڵگە هێنانەوە دەچن، تازیاتر بەدوواداچوون و

توێژینەوە و لێکۆڵینەوە بکەن و ئەنجامی بدەن، وەك چۆن دەبێتە یارمەتیدەری قوتابیانی فیقە، تا لە قۆناغەکانی چارەسەر دۆزینەوە بگەن، بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو هەڵسەنگاندن و پێداگوتنەمان، بۆ زانستی ئوسوڵی فیقهی ئیسلامی، لامان وایە، بەتەنها ئەم زانستە، بەس نییە بۆچارەسەر پێشکەشکردنی رووداوە تازەکان و بنەما داڕشتن بۆ تازەگەری.

هێندەی ئێمە لەو بڕوایەدابین، کە ئەو بڕە دەقە گشتگیر و گشتییە شەرعییانەی، پەیوەندییان بەباسی مامەڵە و باسەکانی رامیاری و دنیای خەڵکەوە هەیە، هەوڵی ئەوەدەدەن، کە بەرژەوەندی خەڵکیی جێبەجێ بکەن و بیانپارێزن و ناڕەحەتی و ئەشکەنجەیان لێ وەدوور بخەن و رێنماییان بکەن بۆگرتنەبەری رێگەی ئاسان، دەبێ لەوەیش ئاگادار بین، کە ئەرکی سەرشانی هەر زانایەکی خاوەن بۆچوون و ئیجتیهادێکە، کە لە دووی حوکمێك وێڵە لەگەڵ رووداوی تازەدا بگونجێ، لەپێشدا لەدووی فیقهی واقیع عەوداڵبێت و پاشان سەیری بەرژەوەندیی خەڵکیی بکات تیایدا، پاشان: بەپێی بنەماکانی رەچاوکردنی ئارمانجەکانی داڕشتنی شەریعەت و حیکمەتی بابەتەکە، لەسەردەم و کات و شوێنی دیاریکراودا، حوکمبدات، کە هەرلێرەوە، دەبمە لایەنگری، بۆچوون و بانگەوازەکەی، ئیبن عاشوور، کە ناوی لێ دەنێت بە: (**زانستی ئارمانجەکانی داڕشتنی شەریعەت**)[١٧].

دەشتوانین بڵێین: یەکێك لەگەورە بەڵگەکانی ئەم بۆچوونە، ئەو بیرۆکەیەیە، کە لای زۆرینەی پسپۆڕانی دوو زانستەی فیقە و ئوسوڵی فیقهی ئیسلامی و هزروانەکانی دوو قوتابخانەی (**ماتوریدی و موعتەزیلە**)، هەر زوو، گەڵاڵە بووە و فەرموویانە: (**حوکمەکانی خوای گەورە، هەرهەموویان، لەسەر بنەمای هۆکار و حیکمەت داڕێژراون!**)، هەرئەوەیشە، کە ئیبنی قەییمی جەوزی دەیڵێ و زۆر بەڕاشکاوانە دەفەرمووێت: (هەرگیز ئەوە روونادات، کە وا چاوەڕوان بکرێت، لەخوای گەورەی لە هەموو کەس خاوەن حیکمەت تر و لە هەموو کەس زاناتر، کە لەکارەکانیدا، حیکمەت و بەرژەوەندی و ئارمانجی پیرۆزی جێگە رەزامەندی، وەلانابێت و وەگەڕی نەخستبێت.



قورئانەکەی خوا و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) و عەقڵ و (فیترەت)ی پاك و نیشانەکانی خوا لەگەردووندا، سەرجەم گەواهیی لەسەر ئەو راستییە دەدەن و دەبنە شایەتحاڵ بەسەر ئەوانەوە، کە وا دەزانن، ئاکاری وای پەروەردگار، هەیە، کە بەبێ رەچاوکردنی ئەو شتانەی باسمان لێکردن، هاتۆتەجێ)[١٨].

ئەوەی، کە ئێمە، لەمەڕ پەروەردگارمان لێی تێگەیشتووین، ئەوەیە، کە خوای گەورە، هیچ پێغەمبەر و هیچ شەریعەت و یاسایەکی نەناردووە، بۆئەوە نەبێت، کە ببنە رێگەنیشاندەر و چەسپاندنی یاسایەك بۆ مرۆڤ، تاببێتە یارمەتیدەریان، بۆ هەستپێکردن و دۆزینەوە و گەیشتن، بە بەرژەوەندییەکانیان و چەسپاندن و جێبەجێکردنی دادپەروەری.

قورئان بەشێوەیەکی بەدوور لەهەرگومانێك، زۆر بەوردەکاری و فراوانی، ئەو راستییە ئوسووڵییەی گەیاندووە و دەفەرمووێت: (**لقد أرسلنارسلنا بالبينات و أنزلنا معهم الكتاب و الميزان ليقوم الناس بالقسط**).

**واتە:** (بەڕاستی، ئێمە، کە پێغەمبەرانمان ناردووە بۆ روونکردنەوە، لەسەر چاورۆشنی و هاوکات کیتاب و پێوەریشمان لەگەڵدا ناردوون، بۆئەوەی خەڵکی بەدادپەروەری رەفتار بکەن)[١٩].

وشەی (**قسط**)، کە لەئایەتەکەدا هاتووە، بەمانا ئەو دادپەروەرییەی، کە بەرژەوەندییەکانی خەڵکی، رەچاو و جێبەجێ دەکات و گرانکاری و ناڕەحەتییان لێ دوور دەخاتەوە، هەربۆیەکە لەهەرکات و شوێنێکدا، دادپەروەری هاتە کایەوە، لەوکات و شوێنەدا شەرعی خوا پیادەکراوە[٢٠].

دادپەروەری، مانای وابەستەگی بوون نییە بەو وشەیەوە، بەدەر لەناوەڕۆك، بەڵکو دادپەروەری، بەوە دێتە پێش و پیادەدەکرێت، کە هەق بێتە جێ و ئارامیی ببەخشێتە دڵی مرۆڤایەتی و عەقڵەکان لە رووبەڕووبەنەوە و ئاستی دەسەلاّت و حاکمدا، ئارام بن. بەکورتی: دادپەروەری ئەوخێر و بیرەیە، کە هەموو شەریعەتەکانی دنیا و نەتەوە شارستانییەکان لەسەری دامەزراون[٢١].

لێرەوە تێدەگەین، کە بۆچی دروستە بۆ مرۆڤی موسڵمان، ئەگەر سوێندی لەسەر شتێك خواردبوو، دواتر بۆی دەرکەوت شتێکی دیکەی لەو باشتر هەیە، سوێندەکەی یەکەمی بخا و (کەفارەت)ــە کەی بدات، کە ئەوە لەدەقی دروستی فەرموودەی پێغەمبەردا هاتووە (د.خ) و دەفەرمووێت: (هەرکەس سوێندی لەسەر شتێك خوارد و دواجار وای بەباش زانی، کە شتێکی دیکە باشترە، با ئەوە بکات، کە بەلایەوە باشە و (کەفارەت)ی سوێندەکەی بدات)[٢٢].

بەڵام ئەوشتانەی، کە بەپێویستی دەگێڕن، کە بنەمای فیقهی تازە، لەسەر، بە ڕەچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی دابمەزرێت، نەوەك ڕەچاوگرتنی لایەنی زمانەوانی و مەنتیقی و پەنابردن بۆپێکهاتە زمانەوانی و (فەرەزی)یە، چاوەڕوانکراوەکان و بایەخدان بەلایەنی رەوانبێژی، نەوەك ڕەچاو کردنی واقیع و ئارمانج و ڕۆحی شەریعەت، ئەوەیە، کە دەبێ (ئوسوڵی فیقە)، بێگومان (قەتعی) و دووربێت لە دانووسان و کێبڕکێ و دەمەقاڵێ و جیاوازی.

وەك چۆن بەڵگە هێنانەوەی عەقڵی و مەنتیقی، بۆ ئەوەی، کۆتایی بەململانێ و کێبڕکێیەکانی نێوان لایەنە رکابەرەکان بهێنێت، دەبێ لە کۆمەڵێك بنەما و پێشەکی زۆر روون و دیاردا کۆتایی پێ بێت، هەروەهایش، شتێکی زۆر مەنتیقی و چاوەڕوان کراوە، کە بەڵگە فیقهییەکان، لە کۆمەڵێك بابەتی بێگومان (قەتعی)، وادا کۆتاییان پێبێت، بەشێوەیەکی وەها، کە کۆتایی بە ململانێیەکان بهێنێت.

ئەوەیش بەتەنها، لە نێوئارمانجەکانی شەریعەت و لەپێوەرەگشتییەکان و یاسا کۆگیرەکاندا، بەرجەستە ئەبێت، کە لە هەڵاوێرد کردنی وردەکارییەکانی جێبەجێکردنی پێغەمبەردا (د.خ)، هاتۆتەکایەوە و لەو بنەما گشتییانەیشدا، کە بوونەتە باو و خەڵك لێیان راهاتوونە و لە هەموو گەلاندا زانراون.

ئەوەیش روونە، کە لەزۆربەی راوبۆچوونە فیقهییەکانیاندا، هەر هەموویان لێکجودان، ئەم جیاوازی بۆچوونانەیشیان، لەئاکار و بابەت و مەسەلە فیقهییە لاوەکییەکانیشدا، رەنگی داوەتەوە، کەوابوو لەباتی ئەوەی بابەتە ئوسوڵییەکان، کێشە لاوەکییەکان، چارەسەر بکەن!، خۆیان جیاوازییەکان دەکەنە بنەما و دامەزراو!.



زانستی ئوسوڵی فیقە، بۆ ئەوە نابێت کە: رایەکان یەك بخات، یان بۆچوونە فیقهییە لێکجوداکان لەیەك نزیك بخاتەوە.

لێرەوە، بەتەواوی من بۆلای ئەو بۆچوونە دروستە هۆشمەندانە، دەچم و پەسەند دەکەم، کە زانای گەورەی تونسی (مەحەممەد تاهیر، ئیبن عاشوور)، دەیویست ببێتە پرۆژەیەکی تازەگەری و چاکسازی، لە هزری ئوسوڵی فیقهی ئیسلامیدا، بەڵام کەسی وای بەدەست نەکەوت، کە دایبڕێژێت!، ئەو، دەفەرمووێت: (ئەگەر ئێمە بمانەوێت ئوسولێ فیقهێکی، (قەتعی)، بێگومان بنووسینەوە، بۆئەوەی لەسۆنگەیەوە لەئاین تێبگەین و ببینە فەقیە، پێویستە لەسەرمان، بچینە لای ئەوبابەتە ئوسوڵییە باوانەی، کە خەڵکیی لێیان راهاتوونە و جارێکی دیکەیش، لە بۆتەقەی نووسینەوەدا، سەرلەنوێ بیانتاوێنینەوە و بە پێوەری زیرینی وردبوونەوە و رەخنەگرانە، ئەوشت و بەشانەی، کە لەو نییە و پێوەی هەڵواسراوە، لای ببەین.

بەڵێ پێویستە بۆئەوەی لەفیقە تێبگەین، دەبێ بە لێوردبوونەوە و تێڕوانینەوە، باشترین پێوەر دابنێین و دایبڕێژینەوە و ناوی بنێین: (زانستی ئارمانجەکانی شەریعەت) و لەسەر ئەو واقیعەی ئێستای خۆی، واز لە زانستی ئوسوڵی فیقە بهێنین، بەڵام شێواز و رێگەکانی پێکهێنانی بەڵگە فیقهییەکان، لەو بخوازین و بچین ئەو بابەتە ئوسوڵییانە بهێنین، کە لەژێر ئەم لایەنەی ئێمە باسمانکرد، جێگەیان دەبێتەوە، - نووسینەوەی ئارمانجەکانی شەریعەت — بیانکەینە بنەمای ئەم زانستە باشە گەورەیە، - زانستی ئارمانجەکانی شەریعەت -)[٢٣].

هەندێکی دیکەیش وادەزانن، کە نابێ قەتعییات بۆ ئوسوڵی فیقە ببینینەوە، چونکە زۆرتر لە حوکمی فیقهیی، نزیکە تا بە ئوسوڵی ئاین دەگات، هەر لە بەرئەوەیشە، ئەوەی کە نەیار و رکابەری رایەك بێت، بە بیدعەچی و فاسق دانانرێت!.

لەلای هەندێکیان دەگوترێت: هیچ رێگەیەك نییە بمانگەیێنێتە ئەوەی، کە بەمتمانە (یەقین) ــەوە، سوود بکەین، لەو وتانەی، کە بەڵگەیێتی دەگەیێنن، بەبێ پاڵپشتی لێکردنیان بەهۆی چەندین بەڵگەی لاوەکی (قەرینە)وە، کە ئەوان (یەقین) بگەیێنن، ئیتر ئەوبەڵگە لاوەکی و یارمەتیدەرانە، لەوانەبن، کە بەچاو دەبیندرێن، یاخود لەوانە بن، کە لە رێگەی (تەواتور)ــەوە، بەدەستمان گەیشتوون[٢٤].

ئەوەی راستی بێت، ئەوەی، کە لای من مەبەستە و دەمەوێ لەم ساتەوەختە و لێرەدا بیگەمێ و کردوومەتە ئارمانجی خۆم، زۆر فراوانترە لەتازەگەرییەکی فیقهی، کە بەشوێن تازەگەری ئوسوڵی فیقهدا بێت!، من هەوڵی ئەوەمە، کە بگەمە چەند دەروازەیەك، کە لێیانەوە رێگەکانی ئیجتیهاد و هەڵبژاردن و پۆلێنکردن، ئاسان بکەن، نەوەك رێگەکان لەئاست و لەبەردەم توێژەرەواندا، ئەوەندە، بچووك و تەنگ بکەنەوە، ببنە جۆرێك لە وابەستەگێتی بەدروستکردنی پێتئامێزی!. ئەوەی، کە دەبێتە هاندەریشم، لەم هەوڵ و بۆچوونانەمدا، ئەوەیە، کە دەزانم، کاتێ کە شەرع هاتووە، نەك هەر نەریت و باو و (عورف)ـە باشەکانی هەڵنەوەشاندۆتەوە و بەس، بگرە یارمەتیدەر و چەسپێنەر و پاکسازیکەربووە، بۆئەو نەریت و باو و عورفانەی، کە لەکاتی خۆیدا بوونەتە هۆکاری دامرکاندن و دامەزراندنی کۆمەڵگەی سەردەمی نەفامی!. ئەوەیش، کە بەکەڵك نایە و لەگەڵ بنەما پیرۆز و گەورەکانی ئیسلام و رۆحی ئیسلام و لەگەڵ دادپەروەریدا ناگونجێت، هەڵیوەشاندۆتەوە، وێڕای ئەوەی، کە ئەوەیشی کردووەتە بەرنامە و تەشریعی خۆیەوە، کە ئەساس و بنەمای هەرشتێك رەوایەتی (موباح)ـێتییە و ئەوەی، کە دروست نییە و نابێیە، ئەوانەن، کە جیاکراونەتەوە، نەوەك بەشێوەیەکی گشتی هەمووشت هەر نابێ بێت!.

لەژێر رۆشنایی و سایەی ئەم راستییانە و رەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتیدا، وای لێ تێگەیشتم کە: لەبوارەکانی کار و رەفتاردا، زۆرشت هەن، کە پەیوەندییان بەدنیای خەڵکەوە هەیە، گۆڕەپانێکی بەرفرە و والاَن، بۆ وەگەڕخستنی عەقڵ و حیکمەت، بۆ گەڕان و توێژینەوە و دۆزینەوەی، حوکمی شایان، بۆئەو شتانەی، کە لەگەڵ دابونەریتی چاك و فیقهی مامەڵە و هەڵسوکەوتی سیاسی خەڵکدا دەگونجێن، وەك چۆن لەلایەکی دیکەیشەوە، وا لەو هەموو فەرموودە پیرۆزانەی، پێغەمبەریش (د.خ)، تێگەیشتم، کە شتی وایان تێدانییە، رێگە لەوەبگرێت: کە وابزانین، مەبەست لە هەر هەموویان، بەدەرە لەئامۆژگاری و رێنمایی کردن، بەمانا، لە زۆرینەی کاتەکاندا، دوورن لەبەسەردا سەپاندن و بەتۆپزی بەسەردا دابڕان. ئەوەی لەلێکجودایی راوبۆچوونە فیقهییەکان وردبێتەوە، ئەوەی



بۆدەردەکەوێت، کە بەڕاستی، گۆڕانی سەردەم و کات و بۆلوان و بۆ نەلواندن، کاریگەرییەکی زۆر و گەورەیان هەبووە بەسەر زۆرێك لە را جیاوازەکانەوە. ئەوەیش لای هەمووان زانراوە، کە: ئیمامی شافیعی، دوای ئەوەی چووە میسر، هەندێك لەو حوکمانەی گۆڕی، کە کاتی خۆی لەبەغدا فەتوای پێدابوون، زۆرێك لە فەقیهە حەنەفی مەزهەبەکانیش، لەزۆربابەت و حوکمدا، سەرپێچییان کردووە، لەئیمامەکەی خۆیان، چونکە زانیویانە ئەگەر ئەبوحەنیفە لەسەردەمی ئەماندا بژیابایە، وەها بڕیاری دەرنەدەکرد و ئەوەی ئەوان دەیلێین، ئەویش وەك ئەوانی دەگوت!. یەکێك لەو فەتوایانە ئەوەیە کە: لەمەزهەبی ئەبوحەنیفەدا زۆر کردن (ئیکراه)، مەگەر لەلایەن دەستەلاَتەوە بێت، دەنا نابێتە هۆی گۆڕینی حوکم، بەلاَم زاناکانی دواتریان، کە بینییان سەردەم گۆڕاندنی بەسەردا هاتووە و هەندێ کەس، بەبێ ئەوەی لە حوکمەکەی بترسن لای خوا، خۆیان سەپاندووە بەسەر هەندێکی دیکەدا و بینیویانە پاڵپێوەنەر و ترسێنەری ئایینی کەم بۆتەوە، فەتوای ئەوەیان داوە، کە لە کردەوە و گرێبەستەکاندا، زۆر کردن (ئیکراه)، بەهەند وەربگیرێت، بائەوکەسەی، زۆرەکەیشی کردووە، بەدەربێت لەدەسەلاَتی گەورە و هەرە چڵەپۆپە هەرەمییەکەدا[٢٥].

ئەمە ئەوەیە، کە زانای گەورە ئیبن قەییم دەفەرمووێت: (لێرەدا دووجۆر تێگەیشتن (فیقه) هەیە، کاربەدەستی خەڵك (حاکم)، پێویستیی بەهەردووکیان هەیە: تێگەیشتن لەحوکمی رووداوە گشتگیرییەکان و تێگەیشتن لەواقیع و کاروبار و ئەتوار و هەڵسوکەوتی خەڵکی، تا لەڕێگەیەوە، بۆیان دەربکەوێت، کێ راستە و راست دەکات و کێش درۆدەکات، کێ لەسەر هەقە و کێش لەسەر بەتاڵ، پاشان لەنێوان ئەم و ئەودا، بەراورد بکات و ئەوکات، حوکمی خۆی بەواجب دەداتە واقیع، نەوەك حوکمێکی واجب دەربکات، کە دژبێت بەواقیع)[٢٦].

ئەم تێڕوانین و بۆچوون و بینینە تازەیەی، کە ئێمە مەبەستمانە، پشت دەبەستێ، بەکۆمەڵێك دەلیقە و دەروازە، کە لەنێو توێژینەوە و تەفسیر و لێکدانەوەی ئوسوڵیدا باون، نەوەك لێیان نامۆبن، بەرلە هەرشت لە گۆڕەپانی، بەربلاَوی بێ سنوور و

فراواندا، بۆئەوەی، لەبەردەم دادوەر و یاسا دارێژەکان، ئاسۆیەکی عەقڵیی فراوان هەبێت، وەك پێشتر ئاماژەمان بۆکرد، ڕەچاوی یاسای (موباح)ییەت دەکات، تائەو کەسایەتییانە، بەکاری خۆیان هەڵبسن و بۆچوون و تاقیکردنەوە و تێگەیشتنە زانستی و ئاکارییەکانی خۆیان، لەژێر ڕووداوە گۆڕراو و بگۆڕەکان و لەژێر ڕۆشنایی پێداویستییە گشتییەکاندا، کە دەبنە بنەمای دادپەروەری، بەگەڕبخەن، لەوەیشدا، سوود لەوبنەما و پێوەرەگشتییانەی شەریعەت دەکەن، کە دەبنە دارێژەری بەزەیی و میهرەبانی بۆهەموو کەس و لایەنێك و هەموو نارەحەتی و قورسی و زیان بەخۆ و بەبەرامبەر گەیاندنێك دوور دەخەنەوە لەئایین و فەرماندەدات بە دادپەروەری و بەچاکەکردن و خەڵکیی بانگ دەکات بۆ یەکگرتن و بۆ ئاشتی و ئیسلام دەکاتە ئایینی هەر بڕوادارێك و لەدنیادا، دان بەرووگەی هەموو شوێنکەوتەی ئایینێك دەنێت، خوای گەورە دەفەرموێت: (لەرووگەکانیاندا، هەندێکیان شوێن هەندێکیان ناکەون)(٢٧) وەك چۆن زەوی دەکاتە گۆڕەپانێکی فراوان و ڕێگەپێدراو و کراوە لەبەردەم هەر هەموو لایەکیاندا و بۆ هەموولایەك، دەفەرموێت: (یارمەتی، هەریەك لەوان و لەوانی دی دەدەین و بواریان بۆ دەرەخسێنین)(٢٨).

قورئان زۆربەڕوونی هەمووان بانگدەکات بۆ پێشبڕکێ کردن لەسەر کاری باش و دەفەرموێت: (پێشبڕکێ بکەن، بۆ چاکەکردن)(٢٩) نەك بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی نێوان شارستانییەکان.

ئەم دید و بۆچوونە تازەی، کە ئێمە باسی لێدەکەین، بۆ گەیاندن و چەسپاندنی ڕاستی و هەق، بەبێ دەمارگیری و تاك لایەن پەروەری، هەردەم، لەدووی حیکمەت و دانووسانی بەئارمانج، وێڵ و عەوداڵ دەبێت.

ئەم دید و بۆچوونە تازەی ئێمە باسی لێ دەکەین، ناڵێین ئێمە دامان هێناوە، بەڵکو ئێمە لەو بڕوایەداین، کە شەریعەتی ئیسلامی، نەهاتووە بۆئەوەی کۆمەڵێك یاسای سیاسی، یان یاسای گشتی دابڕێژێت و ڕێکی بخات، بەپێچەوانەوە، ئەوەی بەجێ هێشتووە، بۆ تێگەیشتنی خەڵکی و گۆڕانکارییەکان، ئیتر ئەوکات سیاسەت لە ئاسۆیەکی بۆشایی و کراوەی خواستراودا جێگەی دەکرێتەوە، لە ئاسۆیەکدا، کە



یاساکانی دادپەروەری و لێبووردەیی و هەق ویستی ڕووت، حوکمیان دەکات و دەیانگرێتەوە، هەروەها بنەماکانی برایەتی هاوئایینی و برایەتی لە مرۆڤایەتیدا و ویستی چاکسازی ڕێکیان دەخات، ئەو ڕێساویاسا ڕەوشتییانەی، کە پێگەی فراوانی شەریعەتی ئیسلامن و ئەو حیکمەتەی، کە ئارمانجی بڕوادارە و کەی پێی گەیشت، خۆی خاوەنیەتی، ژیان ڕێکدەخات.

لەژێر ڕۆشنایی ئەم ئاکارە بەرزانەدا، من کۆمەڵێك ئاماژەی گشتی دەقۆزمەوە و هەڵاوێردیان دەکەم و هەڵیان دەبژێرم و گوڵبژێریان دەکەم، بۆئەوەی ببنە کۆمەڵێك ڕێگا و ڕێباز، بۆ تازەکرنەوەی فیقە و تێگەیشتن، یاخود ناوی دەنێین: وردبوونەوە و لێڕوانینێکی تازە، بۆ فیقهی ئیسلامی، کە کۆڵگرانی و بارقورسیی، کەلەپوورێکی فیقهی کۆنی چەند ساڵەیان، لەسەر ئاسان بکات، ئەو کەلەپوورەی، کە زۆرینەی بریتییە، لە بەرهەمی زانستیی نەحوی و ئوسوڵی و بەڵگە ئامێزی فیقهی، عەوداڵ لەدووی بەڵگەی ڕووت، بۆ چەندین واقیعی لێکجودا. ئەمەی ئێمە باسی دەکەین، بانگەشەیە بۆ: مەبەستە گشتییەکانی شەریعەت، لە پاراستنی مرۆڤدا و بانگەشەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشە و خەمەکانی، لەگەڵ ڕەچاوکردنی دادپەروەری ویژدان، کە بەکورتی ئەم شەشەی، لەخوارەوە باسیان دەکەین، لەمیانەی ئەو ڕێتم و ڕێباز و ڕێگایانەن، کە ئێمە بانگەشەیان بۆ دەکەین:

**یەکەم:** خوێندنەوەیەکی بابەتییانە، بۆ ئیشی فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ).

**دووەم:** بایەخدان، بە تێگەیشتن لەمانای دەقەکان، نەوەك مانای وشە و پیتەکان.

**سێیەم:** خوێندنەوەی دووربینانی ڕامیاری لەهزری ئیسلامیدا.

**چوارەم:** خوێندنەوەی دووربینی شارستانی، لەهزری ئیسلامیدا.

**پێنجەم:** وردبوونەوە لەبیرۆکەی دەسەڵاتکاری (حاکمیەت).

**شەشەم:** پتەوکردنی ڕەچاوکردنی حیکمەت، لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا. ئەوەیش ڕوونە، کە بۆ توێژینەوە و گەڕان بەشوێن چارەسەری شایان بۆڕووداوە ڕامیاری و ڕووداوە دنیاییەکانی کۆمەڵگەی هاوچەرخ، ئەم دەلیڤە و دەروازانە، بواری کاری عەقڵ، فراوان دەکەن و تاقیکردنەوەی مرۆڤ بەهێز دەکەن، بەبێ گەڕانەوە بۆپێوەر

و لێکچواندن و بەراوردکردن، لەسەر کۆمەڵێك شتی ئەوتۆ، کە ئەمڕۆ لە ڕووداوەکاندا ڕۆڵیان نەماوە.

من گومانی ئەوە نابەم، کە بڵێم: ئەم بۆچوونەی ئێمە پلەی تەواوێتی و ڕاستیی تەواوی بەدەستهێناوە، یان لێیان نزیك بووەتەوە!، بەڵام ئەوەی دەمەوێ بیڵێم، وا لەدووتوێی پەرتۆکێکدا، جێگەی دەکەمەوە و بڵاوی دەکەمەوە و دەیخەمە بەردەم ئێوەی هێژا، بۆئەوەی، بەشێوەیەکی زانستییانە، ببێتە توێشووی بابەتێك بۆ دانووسانی ڕەخنە ئامێزی دروستکەر، ئەوکات ئەگەر، وەرتانگرت و هەر هەمووی، یان هەندێکی، بەدڵی توێژەرەوەکان بوو، ئەوە، ئەوەیە، کە من دەیخوازم، ئەگەر وەهایش نەبوو، ئەوەم بەسە، کە گەیشتبم بەمەرامی خۆم .[٣٠] خوای گەورە یارمەتیدەرە.

**تێبینی:** بەپێویستی دەزانم، کە لێرەدا کورتەی گوتارێکم بێنمە بەردەم ئێوەی بەڕێز، کە لەڕێگەی ڕۆژنامەی (خەبات)ی ئازیز، ژمارە (٢٨٩٣) ٢٨\٦\٢٠٠٨ی لاپەڕە١١، لەژێر سەردێڕی: (بنەماکانی دانووساندنی نێوان شوێنکەوتەی، ئایینە لێکجوداکان)، کە گەڕانەوەیە بۆ کۆمەڵێك بڕیار، کە وەك مەرجی هاوبەشی کردنی مرۆڤی بڕوادار، لەدانووسان، کۆمەڵێك گەورەزانای هاوچەرخ و ئەندام لە کۆمکاری فیقهیی ئیسلامی، بەشی ئەمەریکا، دەریان کردووە، ئەوەیش لە دوای کۆبوونەوەیان، لە(مەنامە)ی پایتەختی بەحرێن، لە١٤-١٧\١١\١٤٢٨ی کۆچیی ٢٤-٢٧\١١\٢٠٠٧ی زایینیی، ماڵپەڕی (اسلام أون لاین)، بەشی وەڵامدانەوەی پرسیارە شەرعییەکان) وەرمگرتووە، کە هیوادارم گشت یەکێك لەوانەی، کە دەیانەوێت، لەبواری بانگەوازی ئایینیدا، چ لەڕێگەی نووسین، یان لەڕێگەی دوانگە و میحرابی مزگەوت، یان کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا، تابزانن مەرج نییە، ئەوکاتەی مرۆڤ خۆی بەهەق زانی، ئیتر بۆی هەبێت خەڵکی وەلابنێت و کەسی دیکەی قەبووڵ نەبێت، کە ئەمەیش دەقی بڕیارەکانیانە.



## بنەماکانی دانووساندنی نێوان شوێنکەوتەی، ئایینە لێکجوداکان:

**یەکەم:** دانووسان، یان دایەلۆك، دەستەواژەیەکە، بۆ زۆر مانا بەکاردەهێندرێت، هەیانە کە باشە و هەیشیانە، کە خراپە.

**دووەم:** بۆمرۆڤی موسڵمان، ئەگەرمەبەست لەئەنجامدانی کارەکە، بانگەشە بوو، بۆئایینەکەی خوا و بۆهێنانەوەی، بەڵگەبوو، بۆ خەڵکی و بۆچەسپاندنی پەرستشی خوا بوو، بۆ ڕێنماییکردن بوو بۆئەوانەی دەیانەوێت لەئایین شارەزابن و بۆ دوورخستنەوەی نەیاران و تاوانکاران بوو، ئەوە کارێکی باشە و ئەوەی پێی هەڵدەستێ سوپاسی دەکرێت.

**سێیەم:** ئەگەر مەبەست پێی، بەتەنها هەر پێناسەکردنی ئیسلام بوو، بۆ کەسانێك، کە لێی بێ ئاگان و لەناوەندێکدا بوو، کە متمانە و باوەڕیان پێی نەبوو، کارەکەیش بۆ لابردن و ڕەوینەوەی ئەو تەم و مژ و تێنەگەیشتن و ناحاڵییەتە بوو، بۆ شکاندنی تەلیسمی لێك هەڵبەزینەوە و پێکهەڵپژانیان بوو، بۆئەوەی دوای بۆ ڕوون بوونەوەی ڕاستییەکان، هەرکەس بۆخۆی ئازاد بێت لەوەدا، کە متمانەی پێیەتی و پێی ڕازییە، ئەمە کارێکی خێر و پڕلەفەڕە و سوپاسی ئەوکەسانە دەکرێت کە پێی هەڵدەستن.

**چوارەم:** ئەگەر مەبەستیش پێی، ئەوەبوو، کە پێکەوە ژیانێکی باش بۆ هەمووولایەك دابین بکرێت، خوێنرشتنی تێدا بەدوور بخرێت و گیانی خەڵکی پارێزراوبێت، بۆئەوەی لەدەرەنجامیدا هەموو لایەك بتوانن بە ئاسوودەیی گەشت و گوزار و جموجوولیان بکەن، هەر لایەنە بتوانێت بەئاسانی پەیامی خۆی بگەیێنێت، هەریەکەیان پۆزش بۆئەوی دیکەیان بهێنێتەوە، بۆ ئەوەی لێك هەڵبەزینەوە و تەمی یەك نەویستییان بڕەوێتەوە، ئەمە خۆی لەخۆیدا کارێکی شەرعی و خواستێکی ئایینییە.

**پێنجەم:** ئەگەر مەبەست پێی، گەیشتن بێت بەسیغەی، داڕشتنی یاسایەك، کە لەدەرەنجامیدا، بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان پارێزراو بێت و بەباشی ژیانی هاوبەشیان بچێت بەڕێوە، بەتایبەت لەنێوان ئەوانەی، کە نیشتەجێی هەرێمێکی دیاریکراو بن،

که کۆمەڵێك پەیوەندی هاوبەش پێکەوە بیانبەستێتەوە، ئەوە، ئەوکات، زۆرتر پێویستە و ئەم شێوە هاریکارییەی یەکدی، هیچ نەنگییەکی لەسەر نییە و دروستە و رەوایە، چونکە خوای گەورە، زەویی هەرهەمووی، بۆ هەموو مرۆڤەکان دروست کردووە، بەبێ جیاوازی چین و ئایدلۆژیاکانیان، رۆزییان دەدات و بارانیان بۆ دەبارێنێت و بۆخۆی دەفەرمووێت:

**(والأرض وضعها للأنام)** (١٠الرحمن).

**واتە:** (خوای گەورە زەوی کردووەتە پانتایی و رایەخ بۆ هەمووخەڵك).
لەئایەتێکی دیکەدا دەفەرمووێت:

**(كلا نمد هؤلاء وهؤلاء من عطاء ربك، وما كان عطاء ربك محظورا)**( ٢٠ الإسرا).

**واتە:** (یارمەتی هەر هەموو لایەکیان، دەدەین و کار ئاسانییان بۆدەکەین، چ ئەمان و چ ئەوان، واتە چ بړواداران و چ بێ بڕوایان، لەبەخششی خوا بەشیان دەدەین، هەرگیز بەخششی خوا، سنوور و بەربەستی بۆدانانرێت).

که ئەمە خۆی لەخۆیدا، ئاوەدانکردنەوەیەکی بێ سنووری خواییە، بۆ کوورەی زەوی و باسکردنە لە بواری ژیان بەخشین، لەسەر بنەمای مرۆڤێتی و بەس.

**شەشەم:** ئەگەر مەبەست پێی، تواندنەوەی ئایینەکان بێت لەیەکتریدا و هەوڵ و کۆشش بێت بۆئەوەی، که بازنەیەکی عەقیدەیی هاوبەشی وەها دروستبکرێت، که بگاتە ئەوەی، تەورات و ئینجیل و قورئان، لەدووتوێی، یەك کتێبدا بەچاپ بگەیێندرێن و لەنێو یەك بەرگدا بلاّوبکرێنەوە، ئەوە دوژمنکارییە لەدژی هەموولایەك و فێڵ و تەڵەکەبازییە، لەکلتوور و رۆشنبیری و زیانی ئەوکارەیش، زۆر زۆرترە لەزیانی، ئەوفێڵ و تەڵەکە و فریودانانەی، لەنێو کارە بازرگانییەکاندا دەکرێن، که هەندێك یاسا لەمەڕیان دەرچووە و بەتاوانیان دادەنێن و تۆڵەیشی لەبەرامبەردا دانراوە.

**حەوتەم:** بنەمای ئەم کاری دانووساندن و تاوتوێی را و بۆچوونە لێکجوداییانە، لەبنەڕەتدا، کارێکی زانستییە و پێویستی بەشارەزایی و بلیمەتییەکی چاك هەیە.



شارەزای دەوێت لەشێوازی بانگەشەدا بۆ ئایینی خوا، دەبێ ئەوەی پێی هەڵدەستێت، پاشکۆ و پاشخان و دامەزراوەییەکی باشی لەزانستە شەرعییەکاندا هەبێت.

دەبێ بزانێت، لەکاتێکدا، لەگەڵ بەرامبەرەکەی کودەبێتەوە، گوتاری لەگەڵیان چۆنە و داب و نەریتی ئەوشوێنە بزانێت، که تیایدا ئەوکارە ئەنجامدەدەن، ئاگایان لە یاسا و رێساکانی ئەوشوێنە هەبێت، کەوابوو، ئەو دەزگایەی، بەم کارە هەڵدەستێت، نابێ جێگەی نەخوێندەوار و کاڵفام و کەسی هەڵچوو و تێنەگەیشتووی تێدابکرێتەوە!.

دەبێ ئەو کەسەی، که بەم کارە هەڵدەستێت، ئەوەندە زانستی پێبێت، که گومانەکانی بەرامبەر، بۆی دروستدەکەن، کاریگەر نەبن لەسەری و بتوانێت بە تواناییەوە، بەرپەرچیان بداتەوە، ئەوەندە پرچەك بێت، بە چەکی زانست، که لە هەڵفریواندن، دەرباز ببێت، ئەوەندەی لەخواترسان تێدابێت، که زاڵبێت بەسەر حەزەکانیدا، ئەوەندەی پێویست بێت و زیاتریش توانای، گوتار و دانووسان هەبێت، که بتوانێ لەگەڵ بەرامبەرەکانی بدوێت و نەڕووخێت.

ئەوەندە، بەهێزبێت، بتوانێ ئەو مەبادیئانەی، نێو ناخ و بڕوایەتی بیانڵێت، داکۆکی لەهەق بکات و بەرهەڵستی لەمافی رەوای بیر و هزری خۆی و ئەوانەیش، ئەو نماییندەیانە بکات.

**هەشتەم:** پێویستی بەوەهەیە، که ئەوکەسە موسڵمانە، مکوڕبێ لەسەر ئەوەی، که پەیامەکەی مەحەممەد (د.خ)، دوایین پەیامی خوایە، بۆمرۆڤ و بە متمانەوە، داکۆکی بکات لەسەر بۆچوونەکانی خۆی، لەسەرئەوە مکوڕبێت، که کرۆك و ناوەڕۆکی هەموو ئایینە ئاسمانییەکان لەڕووی بیر و باوەڕ و هزر و عەقیدەوە، لەم ئایینەدا کۆبۆتەوە، لەسەر ئەوە مکوڕبێت، که ئەم نامە و پەیامە، کۆتایی زنجیرەی پێغەمبەرایەتییە، وەك پەیامەکانی بەر لە خۆی نییە، بەتەنها بۆ ناوچەیەك هاتبێت، بەڵکو بۆ هەمووڵایەك و تاهەتاییە.

**نۆیەم:** کۆڵەکەی هەرە گەورە و بنەمای گرنگ و چەق بەستوو و رەگ داکوتیوی دانووساندن، لەگەڵ شوێنکەوتەی ئایینە ئاسمانییەکانی دیکەدا، ئەوەیە، که بەباشی و

دوور لە هەڵچوون و گرتنەبەری، باشترین ڕێگای پڕ لەچاکە و ئیحسان بێت، بەدەر لەگرژی و توندوتیژی، مەگەر لەگەڵ ئەوانەیان، کە ستەمیان کردبێت، کە قورئان دەفەرموویێت: (**ولاتجادلوا أهل الكتاب، إلا بالتي هي أحسن، إلا الذين ظلموا منهم، وقولوا: آمنا بالذي أنزل إلينا و أنزل إليكم، وإلهنا وإلهكم واحد، ونحن له مسلمون)** (العنكبوت ٤٦).

**واتە:** (نەکەن ململانێ و دەمقاڵێ بکەن لەگەڵ ئەوانەدا، کە خاوەنی نامە و پەیامی ئاسمانیی بەرلەئێوەن!، مەگەر بەگرتنەبەری ئەو ڕێگایەی، کە باشترین شێواز و ڕێگای پڕلەئیحسانە، ئەوانەیان نەبێت، کە ستەمیان کردووە، ئێوە لەبەرامبەریاندا، بڵێن: ئێمە بڕوامان بەو پەیامە هێناوە، کە بۆمان هاتۆتە خوارەوە و بەو پەیامەیش، کە بۆئێوە هاتۆتە خوارەوە، خوای ئێمە و خوای ئێوە، یەك خوایە و ئێمە موسڵمانین و خۆمان بۆئەو داوە بەدەستەوە).

ئەو کەسەی، کە هاوبەشی دەکات، لەدانووساندن، بەناوی ئایینی ئیسلامەوە، دەبێ مەبەستی لە ئیشەکەی، وەدیارخستنی هەق و ڕاستی بێت و بۆ وەلانان و دوورخستنەوەی، گومانەکان و ڕەواندنەوەی بۆچوونە پڕلە درۆکان بێت.

دەبێ لەڕێگەی گوتارەکانیەوە و لەنێو ئاماژەکانی نێو گوتارەکەیدا، بەدووربێت لەهەڵچوون و خۆ بەگەورەدانان، چونکە موسڵمانان، لە هەموو کەس زۆرتر و باشتر دەزانن، کە ڕێگەکانی ئاسانکاری و هەق گەیاندن و بەزەیی چۆن دەگیرێتە بەر.

**دەیەم:** بنەمایەکی دیکەی، ڕەگ داکوتیوی هەردانووساندنێك، ئەوەیە، کە لەسەر چاورۆشنی بێت، ئەوەیش، کە پێی هەڵدەستێ بۆخۆیشی خاوەن توانایی و زانست بێت و داکۆکی بکا و مکوڕبێت لەسەر ئەوشتانەی، کە دەکرێ پێکەوە لەسەری کۆکبن.

لەوشتانەوە دەستپێبکات و بەڵگەیشیان بۆ بێنێتەوە، کە جێگەی فرە ڕایی و ڕا و بۆچوونی لێکجودا و جیاوازن، لەپێشدا هەوڵی چەسپاندنی بیرە چەق دابەستوو و ڕەگ داکوتیوەکان بدات، بەرلە بابەتە لاوەکییەکان.

بابەتە لاوەکیی و لق و پۆپ و بەشەکان، بگێڕێتەوە بۆ ئەسڵەکان، لە هەمووئەم کارانەیشیدا نییەتی باشی هەبێت.



**یازدەیەم:** نابێ ئەوکەسەی، کە دانووسان دەکات، شتە بەرفرەکان، بەرتەرسك بکات، ئەگەر بابەتێك هەبوو، دەگونجا راکاری تێدا بکرێت و رای بەرامبەری تێدا بەلاوە پەسەند نەبوو، بیبووڕێنێ و جێی بهێڵێ و سەرقاڵی بەرپەرچ دانەوەی نەبێت، با بەلایەوە پەسەندیش نەبێت، چونکە دەروازە و جیهانی دانووساندن، زۆر والاّ و بەرفرەترە، لەڕای خۆ پەسەند کردن و بە پەسەند زانین و پێویست (فەرز) کردنی، کە ئیبراهیم پێغەمبەر (د.خ)، باشترین نموونەیە، کە لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا، بۆ ئەوەی دانووساندنەکە، بەردەوام بێت، گوێ بەتوندڕەوی و مل نەدانەکەی بەرامبەری نادات و چمکی باسەکە دەگۆڕێت لەشتێکەوە، بۆ شتێکی دیکە، کە قورئان دەفەرموویێت: (**ألم تر إلى الذي حاج ابراهيم في ربه، أن آتاه الله الملك إذقال إبراهيم: ربي الذي يحيي ويميت، قال أنا أحيي وأميت، قال إبراهيم: فان الله يأتي بالشمس من المشرق فأت بها من المغرب، فبهت الذي كفر والله لايهدي القوم الظالمين (٢٥٨ البقرة)**.

**دوازدەیەم:** چاکەکردن و دادپەروەری، بنەمایەکی دیکەی سەرەکی هەڵسوکەوت و مامەڵەکردنە لەگەڵ یەکدی، بەتایبەت لەگەڵ ئەوانەی، کە بڕوادار و موسڵمان نین، بەمەرجێك ئاشتی ویست و ئاشتی خوازبن.

ئەوانەیش، کە شوێنکەوتەی نامە ئاسمانییەکانی دیکەن و نامەی خوایان بووە و پێیان دەڵێین: ئەهلی کیتاب، تایبەتمەندییەکی خۆیان هەیە، کە ئەوەتا دروستە، ئێمە سەربڕاوی ئەوان و خواردنی دەستیان بخۆین و ژنیان لێ بهێنین، کە ئەمانە بۆ کەسانێکی دیکە نییە.

**سیازدەیەم:** ئەوچاکە و دادپەروەرییەی، کە لەموسڵمانان داوادەکرێت، پێیەوە وابەستە بن، ئەوە نییە، کە لەعەقیدە و بابەتەکانیدا، بڕوا بەبڕواکانی ئەوان و ئەوشتانەی، کە ئەوان باوەڕیان پێیەتی بهێنین، نابێ بەوە لێکبدرێتەوە، کە ئیتر مرۆڤی بڕوادار، متمانەکەی خۆی بگۆڕێت، بەوەی، کە بڕوای وایە، ئایینەکەی ئەم هەڵوەشێنەرەوەی ئایینەکانی دیکەی بەر لەخۆیەتی.

**چواردەیەم:** هیچ نەنگییەك لەوەدا نییە، کە دانیشتن بۆ دانووساندن، لەنێو مزگەوت، یان لە هەر پەرستگایەکی دیکەدا بێت، بەمەرجێك ئەگەر لەمزگەوتدا

بوو، رێز و بەهاکانی مزگەوت بپارێزرێت و نەبێتە هۆکاری تێکدانی نوێژ و سەر لێتێکدانی نوێژ خوێنەکان، کە ئەمە رای دروستی زۆرینەی زاناکانە، کە دەڵێن: بۆبەدەر لەمزگەوتی حەرام، کە کابەی پیرۆزی لێیە، دروستە بێ بڕوایان بچنە نێو مزگەوتەکانەوە.

هیچ نەنگییەکیش لەوەدا نییە، ئەگەر کاتی نوێژەکان هات و کۆبوونەوەکە، لەنێو پەرستگاکانی دیکە و نەتەوەکانی تردابوو، موسڵمانان نوێژەکەیان بکەن، بەڵام بەخۆ پاراستن لەوەی، کە روو بکەنە پەیکەر و وێنەکان ئەگەر تیایاندا هەبوو.

دروستە موسڵمانان، رێگەیش بدەن بەوانەی، کە بڕوادار نین و موسڵمان نین، ئەوانیش بێن لەنێو مزگەوتی موسڵمانان، نوێژ بکەن، چونکە لەیاساکانی داڕشتنی شەریعەتدا، شتی وای زۆرتێدا هەیە، بەمەرجێك ئەوەیش نەبێتە دابونەریت و بۆیان نەبێتە رەسمێك، کە هەروا هەڵسوکەوت بکەن.

**پازدەیەم:** ئەوکەسەی، کە بەدەر لە موسڵمانانە و بیەوێت، هاوبەشی موسڵمانان بکات، لە نوێژیاندا، نابێ رێگای لێبگیرێت، بەمەرجێك بزانین ئەو رێگە پێدانەی، بەرژەوەندیی دڵ رامکردن و راکێشانیمان وەدەست دێت بۆنێو ئیسلامەتی، بەڵام، پێویستە ئەوان لەریزێکی تایبەتدا بن و لەنێو جەماعەتەکەدا نەبن، یان لەلایەکی ریزێکەوەبن، چونکە، ئێمە دەزانین، کە یەکێك، لەمەرجەکانی قەبوڵ بوونی نوێژ، ئەوەیە، کە دەبێ ئەوکەسە، بڕواداربێت.

**شازدەیەم:** چ نەنگییەك لەسەر ئەوە نییە، کە لەکاتی ئەم دانیشتن و کۆڕ و کۆبوونەوانەدا، دیاری ئاڵوگۆڕ بکەن و بی بەخشنە یەکدی، چونکە ئەوەیش لە کۆی چاکە و دادپەروەرییە، کە لەوەوپێش باسمان لێکرد و ئێمە فەرمانمان پێدراوە جێبەجێی بکەین، بەمەرجێك ئەوە نەبێتە هۆکاری پێشێلکردنی هەقێك، یان ئاسانکاری کردن بۆ بەتاڵ و کارێکی نابەجێ، یان وەك یارمەتییەك نەبێت بۆ نەیارەکان و ناحەزان.

**حەڤدەیەم:** ئەوکاتەی، کە ئەم کۆڕ و کۆبوونەوانە، بەهەندێك خوێندنەوەی دوعای تایبەتی دەکرێنەوە و دەستپێدەکەن، بەمەرجێك دوعا و پاڕانەوەکان نزای هاوەڵ



بۆخوا پەیداکردن و داهێنراویان تێدانەبێت، دروستە هاوبەشی کردن تێدا، چونکە، لەلای ئێمە، ئەوە هەیە، کە کاتی خۆی، رێگە دەدرا، بەدەر لەبڕوادارنیش، بێنە هاوبەشیکردن لە دوعای نوێژە بارانە، بەمەرجێك، دەبێ هەمووڵایەك، کۆك بن لەسەرئەوەی، کە ئەوشتانەی، لەعەقیدە لێدانیان تێدایە، روونەدەن.

**هەژدەیەم:** ئەو چالاکییانەی، لەنێو ئەو کۆبوونەوانەدا دێنەپێش، بەمەرجێك، کارێکی عیبادەتی نابەجێ نەبێت، دروستە هاوبەشیکردن تیایاندا، ئەگەر هەندێك دابونەریت بوون و لای خۆیشمان، بەحەرام دانەنرابوون.

**نۆزدەیەم:** دروستە ئەم کارانە، سەربکێشێت بۆ پەیمان گرێدان، دژی ستەمکار و دوورخستنەوەی ستەم لە ستەم لێکراو، ئەگەر ستەمکارەکەیش هەندێك بن لەوانەی بۆخۆیان ئەندامن لەوکۆڕ و کۆبوونەوانەدا، وەك چۆن پێغەمبەر (د.خ)، لەسەردەمی لاوێتیدا، هاوبەشی کرد لە پەیمانی فزولدا و هەروەها، دوای بوونیشی بەپێغەمبەر (د.خ)، کە هاتە مەدینە، لاپەڕە پڕ لەئاشتەواییەکەی مۆرکرد لەنێوان هەموو پێکهاتەکانی نێو ئەو شارەدا، کە موسڵمان و جوولەکە و بێ بڕوا بوون.

**بیستەم:** پێویستە لەسەر ئەو لایەنانەی، بەناوی موسڵمانانەوە، لەم دانووساندنانەدا، هاوبەشی دەکەن، خۆیان بەباشی ئامادەبکەن و چەکی زانست و تەقوایان بەهێز بێت و ئاگایان لە بۆچوونەکانی بەرامبەریان هەبێت، وەك چۆن لەرووداوی ناردنەکەی پێغەمبەردا (د.خ) بۆموعازی کوڕی جەبەل (ر) بۆیەمەن، بەدی دەکەین.

## پەراوێزەکانی ئامادەکردن و پێشەکیی دانەر

(١) (ئاماژەیە بۆئایەتی ٤٠ی سورەتی یاسین).

(٢ و ٣) (ئاماژەیە بۆئایەتی ٨٨ی سورەتی ئەلنەمل).

(٤) (بەشێك لەمانای، ئایەتی ٢٩ی سورەتی ئەلرەحمان).

(٥) (زۆرجار لەنووسینمدا، گوتوومە: (لەو بڕوایەدام خودی دەقە پڕ لە بەخششەکانی قورئان نەبن، کە (سەوابیتن و قەتعیول سبوتن) نەك (قەتعیول دەلالە) دەقی فەرموودەکان، چەند دروستیش بن، نە (قەتعیول سبوتن) و نە (قەتعیول دەلالە)یشن!، کەوابوو بۆچوونە لێکجوداکان، بۆ لێکدانەوەیان، دەبێ ئاوڕیان لێ بدرێتەوە و توێژینەوە بکرێت لەسەر ئەوەی، کە ئایا دیاردەی ئەنفال، قۆناغ بووە، یان یاسای داڕێژراو؟، بەمانا هەر کە ئیسلام دەستەلاتی گرتەدەست، دەبێ وابکات، یان نا؟) (عمر).

(٦) (بیرۆکەی هاتنی مەهدیی چاوەڕوانکراو، بیرۆکەیەکی شۆڕشگێڕییە لەنێو بیری ئیسلامیدا، بەڵام زۆر بەداخەوە، بەهەندێك ئاقاری سەیردا چووە و هەرلایەنەی، بەپێوەری تەسکی لاسایی و مەزهەبیی خۆی، مانای دەکات و هەریەك بەسەدان دەقی بۆ ئامادەکردووە، کە من یەك بەخۆم لەهەزاردا یەکێك زیاتریم باوەڕ پێ نییە و ئەوەیش هەروا ئاسان نییە و پێویستیی بە کاری گرنگ و ماندووبوونی گەورە هەیە، بەڵام لای هەموان ئەوە روونە، کە بڕوابوون، بە پێنج پایەکەی ئیسلام، (شایەتمان، نوێژ، زەکات، رۆژوو، حەج) بەهیچ شێوەیەك رانەوێستاوە لەسەر بڕوابوون بەمەهدی چاوەڕوانکراو، وەك چۆن، بڕوابوونیش، بەشەش بەش و پایەکەی ئیمان، (بڕوابوون بەخوا، بەفریشتە، بەنامە ئاسمانییەکان، بە پێغەمبەران، بەرۆژی دوایی، بەقەدەر بەخێر و شەڕیوە)، هیچیان بڕوا نییە بەمەهدی، چاوەڕوانکراو!) (عمر).

(٧) (بەشێك لەمانای ئایەتی ٧ی سورەتی ئەلحەشر).

(٨) (بڕوانە سونەنی ئەبوداود، فەرموودەی ژمارە(٤٢٨٤) هاوکات ئەلبانی لەسەحیحەی ئەبوداود بەژمارە (٤٢٩١) لاپەڕە ٢٣ چاپی مكتبة المعارف بەرگی سێ هێناویەتی).

(٩) (کە ئایەتی ٤٨ی سوڕەتی ئەلمائیدە زۆر بەڕاشکاوی، باسی ئەو بڕینە دەکات).



(١٠) (ئایەتی ٦٠ لەسوڕەتی ئەلتەوبە بخوێنەوە).

(١١) (ئەگەر خوێنەر بیەوێت، باشتر لەم رووداوانە شارەزابێت، دەتوانێ وێڕای سەرچاوەکانی مێژوو بگەڕێتەوە بۆ کتێبی: (فصل الخطاب في سيرة عمر بن الخطاب، شخصيته وعصره، د . علي محمد محدم الصلابي، ط، دار الايمان اسكندرية)(عمر).

(١٢) (تائێرە، بەشی دووەمی بابەتەکە بووە، کە لەرۆژنامەی، خەباتی ژمارە (٢٣٤٢)١٢\٢\٢٠٠٦ لاپەڕە چوار)دا، بلاوکراوەتەوە).

(١٣) (العلامة الطاهر بن عاشور، مقاصد الشريعة الاسلامية. تونس: الشركة التونسية للتوزيع، ١٩٧٨، ط ١،ص٨٧).

(١٤) (صبحي محمصاني. فلسفة التشريع في الإسلام. بيروت: دار العلم للملايين، ١٩٦١، ص ٢١٤).

(١٥) (بەشێك لەمانای ئایەتی ٢٦ی سورەتی نیسا).

(١٦) (داوامە لەخوێنەری بەڕێز، زۆر بەوردی بۆ بەدوواداچوونی ئەم بۆچوونە کراوە و بڕوا بە خۆبوون و مافی بەرامبەر دانە، بگەڕێتەوە بۆ بچووکترین سەرچاوەی گرانبەها، لەم بوارەدا، (رفع الملام عن الأئمة الأعلام)ی ئەحمەد عەبدولحەلیم، ئیبن تەیمییە، تابزانێ لەوێڕا چ باسە و بەوردی، لەوە بگات، کە ئەو بەڕێزانە، (أبوحنيفة، مالك، شافعي، احمد بن حنبل) چەند بەدوورن لەوانەی خۆیانیان پێدا هەڵدەواسن) (عمر).

(١٧) (الطاهر بن عاشور. مقاصد الشريعة الإسلامية. ص٨).

(١٨) (ابن قيم الجوزية، الطرق الحكمية في السياسة الشرعية. القاهرة: مطبعة السنة المحمدية، ١٩٥٣، ص١٤).

(١٩) (بەشێك لەمانای ئایەتی ٢٥ی سورەتی ئەلحەدید).

(٢٠) لە خەباتی ژمارە، (١٦٥٢) ٢٠٠٤/١٢/١٨. لاپەڕە ٣.دا گوتوومە: لەکتێبی (السياسة الشرعية)ي ئیبن وتەیمییەدا هاتووە: (دەبێ بۆ هەرپلە و پایە و بۆ هەر شوێنێك، تەماشای ئەوە بکرێ، کێ و چی بکرێت باشە؟، چونکە بەرپرسیارێتی لەسەر دوو کۆڵەکە و لەسەر دوو ستوون بەندە و لەسەریان رادەوەستێ، کە بریتین لە هێز و توانایی، لەگەڵ ئەمانەت پارێزی و خیانەت نەکردن و دەستپاکی، پەروەردگارمان لەئایەتی ٢٦ی سورەتی ئەلقەصەصدا،

دەفەرمووێت: (بەڕاستی، باشترین کەس، کە بەکاری ئەوەبێت کاری پێ بسپێردرێت و مەسئولیەتی پێ بدرێت، ئەو کەسەیە، کە هەم بەتوانا و هەم دەستپاك بێت.......دووسیفەتەی ئازایەتی و دەستپاکی، بەکەمی نەبێت دەست ناکەون، هەر بۆیەکە، عومەر (ر.خ) دەیفەرمود: ئەی پەروەردگارم: هانات بۆ لادەبەم لەدەست کارمەندی ئازا و بەجەرگی گوناهکاری کەم تەقوا و لەدەست مرۆڤی دەستپاکی ترسنۆك). وەها پێویستە بۆ هەرشوێنە — مەرکەزە — کێ و چی باشبێت وابکرێت، بۆ وێنە ئەگەر سەرپشککراین لە نێوان دەستپاکێك و ئازایەکدا، کە یەکێکیان هەڵبژێرین، بۆ بەڕێوەبردنی کارێك، لێرەدا لەلایەك تەماشای جۆری کارەکە دەکەین، لەلایەکی دیکەیشەوە، تەماشای ئەوە دەکەین، کامیان دەتوانێ: سوود بگەیێنێت بەخەڵك و کەمترین زیانبدات!)(عمر).

(٢١) (تائێرە، بەشی سێیەمی بابەتەکەبووە، کە لە رۆژنامەی، خەباتی ژمارە (٢٣٤٩)٩\١٢\٢٠٠٦ لاپەڕە چواردا، بلاوکراوەتەوە).

(٢٢) (دەقی ئەم فەرموودەیە، لەچەند رێگەیەکەوە گێڕراوەتەوە، وەك فەرموودەی ژمارە (١٠١٩)ی (مختصر صحيح مسلم) و فەرموودەی ژمارە (١٥٢٩ و ١٥٣٠) تورمزی).

(٢٣) (الطاهر بن عاشور، مقاصد الشريعة، مرجع سابق، ص ٨).

(٢٤) (الامام الرازي. المحصول في علم الاصول. تحقيق طه جابر العلواني ١/٤٠٨).

(٢٥) (ابن عابدين. رسائل ابن عابدين ٣ /١٢٥).

(٢٦) (ابن قيم الجوزية. الطرق الحكمية في السياسة الشرعية، مرجع سابق، ص ١٢٢).

(٢٧) (بەشێك لەمانای ئایەتی ١٤٥ی سورەتی ئەلبەقەرە).

(٢٨)(بەشێك لەمانای ئایەتی ٢٠ی سورەتی ئیسرا).

(٢٩) (بەشێك لەمانای ئایەتی ١٤٨ی سورەتی ئەلبەقەرە).

(٣٠) (تائێرە، بەشی چوارەمی بابەتەکە بووە، کە لە رۆژنامەی، خەباتی ژمارە (٢٣٥٦) ١٦\١٠\٢٠٠٦لاپەڕە چواردا، بلاوکراوەتەوە).



## (٣)

## دەروازەی یەکەم

### خوێندنەوەیەکی بابەتییانە، بۆ ئیشەکانی فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ)

### لەبەرایی دەروازەی یەکەمدا:

کاتی خۆی، لەکاتی بلاوکردنەوەی وەرگێڕانەکەدا، لەڕێگەی لاپەڕەکانی (خەبات)ـەوە، بەرلەوەی بچمە نێو دەروازەی یەکەمی کتێبەکە، لەژێر ئەم سەردێڕەدا: (مەرج نییە، ئەوەی پێی گوترا: فەرموودە، بۆپەیڕەوی لێکردن بێت!، وەك چۆن مەرجیش نییە، هەموویان هەر راستبن!) گوتوومە: ئەوەی کەمترین شارەزایی هەبێت، لەژیاننامە و فەرموودەکانی پێغەمبەردا (د.خ)، لەوە تێگەیشتووە، کە لەنێو جیهانی فەرموودەی پێغەمبەردا (د.خ)، سەدان هەزار گوتە هەیە، کە دەدرێنە پاڵ ئەو و زۆریش دوورن لەڕاستییەوە، هەموو قوتابییەکی زانستیی (**علوم الحديث**)یش، ئەوە دەزانێت، کە فەرموودە و ئاکاری ئەو کەسایەتییە بەرزە، دابەش دەبنە سەر دوو جۆری سەرەکی:

**أ:** ئەوسوننەتانەی، کە تەشریع بوون و دەبێ بڕواداران بەپێی تواناایان لە دوویان بچن و مامۆستا و پێڕەو و رێبازن بۆ ئێمە.

**ب:** ئەو سوننەتانەی، باس لەهەندێك رەوشت و ئاکاری زۆر تایبەت بەخۆیەوە دەکەن و پێیان دەگوترێت: (تایبەتمەندییەکانی پێغەمبەر (د..خ)). ئەوەی من لەم نووسینەمدا دەمەوێت لێی بدوێم، باسکردنە لەو پۆلێنکردنەی زانایان و وروژاندنی ئەم بابەتە زۆر پڕ بەهایەیە، کە لەو بڕوایەدام، ئەمڕۆ، یان سبەی، دەبێ ئەو راستییانە بۆ خەڵکی ئێمە روون بکرێنەوە و چیدی بەناوی سوننەتەوە، سەر لەخەڵکیی تێك نەدرێت و چەواشەنەکرێن![1]، کە ئەمەیش وا دەخوازێت، زۆر بوێرانە، رەفتار لەگەڵ ئەم بابەتە هزرییانەدا بکەین و بەڕوونی ئەوشتانە بڵێین، کە دەبێ

بگوترێن، گەرچی ئەرکێکی زۆرگرانە و بەخۆ پێوەبادان نابێت و بەڵێ بێدەنگ بوون، هیچ خزمەتێك ناكرێت!، ئەوەی بڕوای بە گۆڕانكاری و تازەگەری هەبێت، نابێ بەدوو فاقەیی كاربكات، بەڵكو دەبێ، كاری تۆكمە و جیددی بۆبكا و هەنگاوی باشی بۆبنێت.

لەگەڵ ئەوەی، كە من لەلای خۆمەوە، شانازی دەكەم، بەبیری تازەگەری، سوپاس بۆخوا، توانای شارەزاییم، لە زانستی حەدیسدا، بایی ئەوەندە هەیە، كە بتوانم، هێندەی بمەوێت، بەپێوەری ئەو زانستە، لەدوو توێی سەرچاوەكاندا، بەڵگە پەیدا بكەم و لەبابەتێكی ئەوها بدوێم و لەجۆرە نووسینێكی وا نزیك ببمەوە.

بەهادانان و هەڵسەنگاندنم بۆ ئەو كەسایەتییە، پڕلەبەزەیی و میهرەبانییەیش، كە پێغەمبەرە (د.خ)، زۆر لەوە گەورەترە، بڕوام بەوە هەبێت، كە پەیڕەوی لێكردنی، لە پێداگوتن و دەف لێداندا، قۆرخ بكرێت و لە هەندێك قۆریات و باسكردن لەگێسو و عارەقی نێرگزانەیدا، بچووك بكرێتەوە. متمانەی تەواوم بەوە هەیە، كە وەك قورئان و سیرە باسی لێدەكەن، پێغەمبەر (د.خ)، كەسایەتییەكی كەم دوو و رەوانبێژێكی وا بووە، كە وتەكانی (جەوامیعولكەلیم) بوون، كە هەرئەوە، وام لێدەكات، بەسەرسوڕمانەوە، بپرسم: ئەو هەموو سەدان هەزار فەرموودەیەی، لەدوو توێی كتێبەكاندا، نووسراونەتەوە و لەباسی ژیاننامەی، زۆرێك لەزاناكاندا، دەگوترێن: (فلاّن كەس، دووسەد هەزار، یان سێسەد هەزار، یان زۆرترین، فەرموودەی لەبەربووە) و دەدرێنە پاڵ ئەو، تاچەند راستن؟، كە من پێم وایە نە ئەو هەموو فەرموودانە، راستن و نە ئەو هەموو پێداگوتنانەیش بۆ هەندێك لە شارەزایانی حەدیس، بەدوورن لە زێدەرۆیی!.

لێرەوە، دەگەڕێمەوە، بۆلای كتێبە بەنرخەكەی جەنابی مامۆستا محەممەد شەریف، (تازەكردنەوەی هەڵوێستی موسڵمانانە، لەمەڕ فیقە و هزر و سیاسەت!)، كە بەپێی دابەشكردنی خودی پەرتووكەكە، دانەر، كردوویێتیە شەش بابەتی سەرەكی و بە دەروازە ناویان دەبات و لە دەروازەی یەكەمدا، خوێندنەوەیەكی بابەتییانە، بۆ ئیشەكانی فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ): دەڵێت: مەبەستی سەرەكی ئێمە، لەم



خوێندنەوەیەماندا، ئەوەیە، كە دەمانەوێت ئەو جیاوازییە یەكلاییكەرییە، بەدیار بخەین كە: لەنێوان دوو سیفەتەی پێغەمبەردا هەیە (د.خ)، لەلایەك، وەك پێغەمبەرێك و لەلایەك، وەك مرۆڤێك، لەوشتانەدا، كە لێیەوە دەگێڕدرێتەوە، چ ئاكار، یان گوتار، یان بێدەنگ بوون و بڕیاردان لەسەر ئاكاری یارەكانی (تەقریر).

ئەوجیاوازییەی دەق روون بكەینەوە، كامەیان دووربینی رێنمایی كردنە و كامەیان سیفەتی (ئیلزامی) و دەبێیە و پێویستە، بەگوێی بكرێی تێدایە، بۆئەوەی ئەم ئارمانجەیشمان بپێكین: سێ بابەت دەكەینە تەوەری سەرەكی:

**یەكەم: ئیشی سوننەتی پێغەمبەر (د.خ).**

**دووەم: دووربینی و رەچاوكردنی رێنماییكردنی رووت لە دەقەكانی پێغەمبەردا (د.خ)، كە چارەسەری لایەنە ئایینییەكان دەكەن.**

**سێیەم: ئەو شوێنەوار و كاردانەوانەی، لەئاكامی، فراوانكردنی پانتایی لایەنی رێنمایی (ئیرشادی) دەقدا، دێنە پێش.**

# دەروازەی یەکەم
# خوێندنەوەیەکی بابەتییانە، بۆ ئیشەکانی فەرمووودەی پێغەمبەر (د.خ)

## (١-٣)

### ئیشی سوننەتی پێغەمبەر (د.خ):

قورئانی پڕ لە بەخشش[٢]، ئیشەکانی پێغەمبەری، بەپێغەمبەرایەتی، ناودار و دیار کردووە و دەفەرمووێت: (مەحەممەد پێغەمبەری خوایە)[٣]. ئەرکەکانی سەرشانیشی، بەوە دیاریدەکات، کە دەبێ ئەو پەیامە بگەیێنێت و روونی بکاتەوە و دەفەرمووێت: (ئێمە ئەم نامە  و بیرهێنانەوەمان، بۆ ناردوویتە خوارێ، بۆ ئەوەی، بۆیان روون بکەیتەوە)[٤].

(ئەی پێغەمبەرەکەی ئێمە، ئەو پەیامەی بۆمان ناردوویت روونی بکەرەوە بۆیان)[٥].

پێغەمبەریش (د.خ)، هیچ کەمتەرخەمی نەکرد لەگەیاندنی ئەو پەیامەدا و ئەو ئەمانەتەی، کە لە ئەستۆی بوو، گەیاندی و رایگەیاند، لەحەجی ماڵئاوییدا، وێڕای ئەوەی، کە شوێنکەوتووەکانی کردە گەواە لەسەرگەیاندنەکەی[٦]، فەرمووی: خوایە بەشایەتبە، کە من ئەم ئایینەم گەیاند.

بۆزۆرێك لەحوکمەکانی ئیسلام، وەك فەرماندان بەکردن و قەدەغەکردن لەکردن، کە بەکورتی لە قورئاندا هاتوون، ئەگەر روونکردنەوەکانی پێغەمبەر (د.خ) و ژیاننامەی ئەو نەبوایە، زۆرێك لەپەرستشەکان  و شێوازی جێبەجێکردنیان و حوکمە داڕێژراوە بنەڕەتییەکان،  مشتومڕی نێوخاوەن، را و بۆچوونە لێکجودا و جیاوازەکان دەمایەنەوە، بەڵام، لەگەڵ ئەوەیشدا، کە روونکردنەوەی بانگەکەی ئیسلام، چەند پێویستیی بەپێغەمبەر (د.خ)، هەبووە، پێغەمبەرایەتی، سیفەت و سروشتی کەسایەتی، وەك (مرۆڤ)ـی لێ نەسەندۆتەوە !، بگرە قورئان بۆخۆی فەرمانی ئەوەی



پێداوە، کە ئەوە بگەیێنێت و بڵێ: (بەڕاستی من لەوە بەدەرنیم، کە مرۆڤێکم وەك ئێوە)[٧]، کەوابوو، لەنێوان پێغەمبەرایەتی و سروشتی مرۆڤێتیدا، کۆ کردنەوەیەکی ئەنجامداوە، بەڵام، دەبێ ئەوە بزانین: کە هەر هەموو گوتارەکانی، پێغەمبەر (د.خ)، بریتی نەبوون لە روونکردنەوەی ئایین، یان جێبەجێکردنی یاسایەك، کە واپێویست بوویێت لەسەر خەڵکی، پیادەی بکەن، بگرە زۆری پێناخۆشبوو، کە پرسیاری زۆری ئاراستەبکرێت و لەوە دەترسا، کە وەڵامێك بداتەوە، بەگران بکەوێت لەسەر شوێنکەوتووەکانی.

لەمیانەی باسەکانی ژیاننامەیدا، ئەوە هاتووە، کە لەبەرامبەر شوێنکەوتووەکانی کەسایەتییەکی، بە بەزەیی و میهرەبان بووە. لە دەقێکی دروستی خۆیدا هاتووە، کە فەرموویەتی: (لێم گەڕێن لەسەر ئەوەی، کە جێتان دێڵم لەسەری، ئەوەی، کە ئوممەتەکانی بەر لە ئێوەی بەفەوتان  و لەناوچوون برد، زۆریی پرسیار و ململانێ کردنیان بوو، لەگەڵ پێغەمبەرەکانیان، ئەگەر پێم گوتن: لەشتێك دوور بکەونەوە، لێی دوور بکەونەوە و کە پێم گوتن: شتێك جێبەجێ بکەن، ئەوەندەی لەتواناتاندایە جێبەجێی بکەن)[٨].

لەفەرموودەیەکی، عائیشەدا هاتووە: (زۆر شت هەبوو، کە پێغەمبەر (د.خ)، وازی لەئەنجامدانی دەهێنا و نەیدەکرد و حەزیشی دەکرد بیکات و ئەنجامیبدات!، لە ترسی ئەوەی نەبادا خەڵکیش  بەکردنەکەی ئەو، کرداری هاوشێوە، ئەنجامبدەن  و لەدەرەنجامی ئەوەدا لەسەریان بەپێویست بگێڕدرێت)[٩].

هەر ئەوەیشە، کە زانایانی ئوسوڵی فیقهی ئیسلامی، هەستیان بۆی چووە و پێیان زانیوە و گوتوویانە: ئەوسوننەتەی، کە پێویستە و دەبێ جێبەجێبکرێت، ئەوەیە، کە لەئاستی گەیاندنیدا، لە پێغەمبەرەوە (د.خ)، لەڕێگەی خوای گەورەوە، گێڕدرابێتەوە، بۆئەوەی ببێتە ئایین بۆ شوێنکەوتووەکانی و ببێتە بنەما و یاسای سلووکیی بۆیان، بەڵام،  ئەو سوننەتانەی، بۆ بارودۆخ و کاتێکی تایبەتی گوتراون، یان روویانداوە، یان لەئاکامی وردبوونەوە و وەڵام بۆ ئاکارێکی ئاشتییانە، یان بۆ پلانێکی جەنگ هاتبنە گوتن، یان بەرهەمی تاقیکردنەوە و هەندێك شارەزایی

بوارێکی کشتوکاڵی، یان بارێکی ئابووری، یان پزیشکی بووبن و گوترابن، یان بۆ (تەعبیر)دانەوە، لە هەڵوێستێکی مرۆڤانەی خۆی، کە واپێویست بووبێت، ئەوانە هەرگیز ئایین نین و بۆ کارپێکردن نین و نابنە یاسایەکی بنەڕەتی بۆئێمە و لەوە تێناپەڕێن، کە هەندێك ئامۆژگاریی تایبەتی، یان هەڵوێستی دنیایی، ڕێگە پێدراو (موباح)ن و بەس.

هەربۆیەکە، زانایان، جیاوازییان خستووە، لەنێوان ئەو سوننەتەی، ئاست و توانای ئەوەی هەیە، کە وەك داواکردن (تەکلیف) بێت و نێوان ئەو سوننەتەی، کە وەك ئەوەنەبێت و بەڵکو بریتی بێت لەئامۆژگاری و ڕێنمایی کردن و بەس، بەپێی ئەوکار و فەرمانەی، کە کاتی خۆی سوننەتەکە، گەیاندوویەتی.

پێغەمبەری میهرەبان (د.خ)، وەك چۆن، لەلایەك، وەك پێغەمبەرێك، پەیامی خوای دەگەیاند و بۆئەوە نێردرابوو، لەلایەکی دیکەیشەوە، وەك دادوەرێك حوکمی دەکرد، لەهەمان کاتیشدا، سەرکردەیەك بوو، کە پلانی بۆ جەنگ و بۆ هەر بارودۆخێکی تایبەتی، یان بۆ دروستکردنی نەتەوەیەك دادەڕشت، هاوکات مرۆڤێك بوو، کە بەکۆمەڵێك سیفەتی بەرز ناسرابوو.

ئەوەیش زۆر روونە، ئەوکاتەی، کە پێغەمبەر (د.خ)، لەگەڵ ماڵ و منداڵ و خانەوادەکەی دەبوو، یان دەچووە سەردانی شوێن و کەسێك، یان ئەوکاتەی بۆ جێبەجێکردنی کارێك، راوێژی بە هەندێك لە هاوەڵەکانی دەکرد، لەو کاتانەدا، زۆریی گومان، بۆ ئەوە دەچێت، کە سوننەتەکانی، بۆدارِشتنی یاسایەك نەبوون، کە پێویست بێت، گوێ لەمشتیان بین!.

بەڵام ئەوکاتەی، کە سەرقاڵی بانگی خوایی بووبێت، یان بە روونکردنەوە و لێکدانەوەی، ئایەتێکی قورئانەوە خەریك بووبێ، کە بەکورتی هاتبێت، ئەوکات، ئەوە، یاسایەکی دارێژراو و بنەڕەتی و سلوکیی گەورە و ئایینە.



### سوننەتە فیعلییەکانی پێغەمبەر (د.خ)، کامیان بۆ پەیڕەوی لێکردنن؟

ئەو سوننەتانەی، کە پەیوەندییان بەکرداری پێغەمبەرەوە (د.خ)، هەبووە و بە (سوننەتی فیعلی) ناسراون، ئەگەر بەڵگە و (قەرینە) یەکی دیکەی وایان لەگەڵ نەبێت، ئەوە بگەیێنێت، کە بۆ کردەوەپێکردن و بەپێویست گێڕان (ئیلزام)، کردن بن لەسەر بڕوادار، یان بەڵگەی ئەوەیان لەگەڵ نەبێت، کە سەرپشککردنی بڕوادار بگەیێنێت، یان بەڵگەی وایان لەگەڵ نەبێت، کە تایبەتمەندی پێغەمبەر (د.خ)، بگەیێنێت و لەو تێناپەڕێنێت وەك دەفەرموێت: (ئەوەبۆ تۆیە، بەتایبەتی نەوەك بۆ بڕواداران)[١٠].

ئەو سوننەتانەی، کە لەم جۆرانەبن، واتە (سوننەتی فیعلی) بن، زانایان لە مەڕیان، چوار رایان گوتووە:

**یەکەم و دووەمیان:** وەك زانای پایەبەرز (تەفتازانی) دەڵێ: خاوەنی ئەم دوو ڕایە، کۆکن لەسەر ئەوەی، کە دەبێ بوێستین لەسەریان و بەنیسبەت پێغەمبەرەوە (د.خ)، حوکم نەدەین بەسەر ئەو جۆرە فەرموودانەدا، بەڵام بۆحوکمیان بۆ خەڵکیی، رای جیاواز هەیە، ئایا واجبە دەبێ کاریان پێبکەین؟، یان، تا روون دەبنەوە، لەدیاریان دەوێستین؟، کورتەی هەردوو بۆچوونەکەی دیکە، یەکڕاییە لەسەر ئەوەی، کە بۆ پێغەمبەر (د.خ)، حوکمی (موباح)ێتییان، هەیە، بەڵام رای جیاواز هەیە بۆ خەڵکی، کەچی دەگەیێنن، ئایا دروستە بۆ ئێمە لەدوویان بچین یان، نا؟[١١].

تەفتازانی، ئەمەی، لە بەدوودا چوونی، قسەیەکی، (صدر الشريعە)دا، گوتووە، کە دەڵێ: (ئەمە فەسڵێکە، باسی کردارەکانی پێغەمبەرمان (د.خ) بۆدەکات، کە هەندێکیان لەوانەن، دەکرێ بڕوادار لەدوویان بچن و کاریان پێبکەن و پێڕەوییان لێبکەن، ئەوانەیش موباح و موستەحەب و واجب و فەرزن، هەندێکیشیان بۆ ئەوەنین، کە پێڕەوییان لێبکرێت، ئەوانەیش، یان تایبەت کراون بەخۆیەوە، یان ئەنجامدانی کارێکی بچووکن و بەبێ ئەوەی مەبەستی بووبێت ئەنجامی داون، دەبێ لەوانە، ئاگاداربین و زۆر بەوردی روونکردنەوە بدرێت لەهەقیاندا، تا خەڵکیی، کاریان پێنەکەن، کرداری موتڵەقی پێغەمبەر (د.خ)، لەلای هەندێك لەزانایان، وا پێویستە،

که دەبێ، لەئاستیان بوێستین، چونکە نازانین، چۆن هاتوونەتە پێش، گرووپێکی دیکەی زانایان، دەڵێن: پێویستە لەدوویان بچین و کاریان پێبکەین)[١٢].

لە هەمانکاتدا، زانای گەورەی تونسی، ئیبن عاشور، دەرەنجام و ئاکامی، کار (وەزیفە)ی سوننەتەکانی، پێغەمبەر (د.خ)، لەوەدا کورت دەکاتەوە، کە دەفەرمووێت: (هەرشتێك، کە لەبواری، ئایین گەیاندندا، پێغەمبەر (د.خ)، گوتبێتی، یان ئەنجامی دابێت، حوکمەکەیان، چ بۆ مرۆڤ و چ بۆپەری، تارۆژی دوایی گشتگیرن، جا ئیتر ئەگەر هات و شتەکە، لەوانەبوو، کە فەرمانی پێکرابێت، هەرتاکێك بۆ خۆی جێبەجێی دەکات, هەروەها موباحەکانیش، هەرهەمان حوکمیان هەیە، ئەگەر شتێکیش بووبێت، لەوانەی، کە بەنابێ بکرێت، هاتبێت، هەرکەس دەبێ، خۆی لێ بەدوور بخاتەوە. هەر ئاکارێکی پێغەمبەریش (د.خ)، کە وەك پێشەوایەك، ئەنجامی دابێت، ئەوە بۆ هیچ کەس نییە، بەبێ رێگەپێدانی پێشەوا، ئیمام (دەوڵەت)، جێبەجێ، یان پێڕەوی لێبکات!، چونکە لەوانەدا، وەك گەورەیەك رەفتاری کردووە، نەك وەك، گەیێنەرێکی بانگی خوا، ئەوە دەگەیێنێت وەك — دامەزراندنی والی و مۆرکردنی رێککەوتننامە و ناردنی سوپا.

ئەوشتانەیش، کە هەڵسوکەوت و مامەڵەی لەگەڵیاندا، وەك دادوەر، رەفتاری کردووە، بەبێ بڕیاری دادوەر، بۆ هیچ کەس دروست نییە، هەنگاو بۆ کارپێکردنیان بنێت، چونکە، پێغەمبەر (د.خ)، وەك دادوەرێك، رەفتاری کردووە و وای پێویست کردووە)[١٣].

کەوابوو، پێش ئەوەی بڵێین: ئەو سوننەتە، بۆ کارپێکردن (تەکلیف)، یان بۆئامۆژگاریی بووە، دەبێ ئاگامان لەوەبێت، کە هەردەم دەستنیشانی ئەو سیفەت و بارودۆخ و حاڵەتە بکرێت، کە لە پێغەمبەرەوە (د.خ)، ئەو سوننەتەی تێدادەرچووە، ئیتر قسەبێت، یان کردار.

بەڵام هەردەم ئەوەیشمان لەلاڕوونە، کە هەرکات، پێغەمبەر (د.خ)، کارێکی گەورەی سەرکردەیەتی ئەنجامدابێت، وەك دانانی والی، یان کار دابەشکردن، یان ناردنی سوپا، ئەوە، لەو کاتەدا، دەزانین ئەو کارەی وەك پێشەنگ و گەورەی بڕواداران ئەنجامداوە.



هەرکاتێکیش، لە حوکمەکانی پەیوەست بەلاشە و بەسامانەوە، دووکەسی یەکخستبێت و پێکی هێنابن، یان ئاشتی کردبنەوە، ئەو کاتە، وەك دادوەر، رەفتاری کردووە و کارەکەی ئەنجامداوە. بەکردار، یان گوتار هەرکارێکی پەرستشیشی ئەنجامدابێت، ئەوە فەتوا و ئایین گەیاندن بووە.

زۆرێکیش هەن، لەکردار و گوفتاری پێغەمبەر (د.خ)، کە روون نین، لەسەر چ بنەما و سیفەتێك بووە، لەبەر ئەوە، فەقیهەکان، رایان جودایە لەسەر ئەوەی، چ حوکمێکی شەرعییان، لێ وەربگرن!، دواتر بۆ هەریەك لەمانە، چەندین نموونە دەهێنینەوە.

لەگەڵ ئەوەی، کە یارانی، زووتر هەستیان بەو جیاوازییەی، نێوان نیگای خوایی (وحی) و را و بۆچوونە تایبەتییەکانی، پێغەمبەر (د.خ)، کردووە، دەبینین، زانای تونسی، ئیبن عاشوور دەڵێ: ( یەکەم کەسێك، کە هەستی بەو جیاوازییە کرد و پەیی بەو نهێنییانە بردووە، (شیهابولدین، ئەحمەد کوڕی ئیدریسی قەڕافییە)، لەپەرتووکەکەیدا بەناوی: **(أنواء البروق في الفروق)**، کە لەوێدا جیاوازیی (سی و شەش)، بەوە دیاریدەکات، کە دەڵێ: جیاوازی هەیە، لەنێوان یاسای هەڵسوکەوتی پێغەمبەر (د.خ)، لە دادوەریدا و یاسای هەڵسوکەوتی پێغەمبەر (د.خ)، لە فەتوا و گەیاندنی ئایین، یان وەك گەورە و پێشەنگێکی بڕواداران.

هەروەها دەڵێ: پێغەمبەر (د.خ)، (ئیمام و پێشەنگێکی گەورەی بڕواداران و لەهەمووان دادپەروەرتر و لەهەموو موفتییەك شارەزاتر بووە، ئیتر ئەو گەورەی موسڵمانانە، چونکە موفتیی لەهەموان شارەزاتر و زانای زانایان بووە، هیچ وەزیفە و کارێکی ئایینی نەبووە، کە ئەو لەهەرە چڵەپۆپەیدا نەبووبێت، دەبێ ئەوە بزانین، چونکە سیفەتی پێغەمبەرایەتی، تێدا، لەژوور هەموو سیفەت و لەژوور هەموو شتێکەوە بووە، زۆربەی هەڵسوکەوتەکانی، بریتی بوون لە ئایین گەیاندن، پاشان هەندێك لە ئاکارەکانی، بەکۆی رای گشتی، (ئیجماع)، دەبنە ئایینگەیاندن و فەتوا و هەندێکیشیان ئەوانەن، کە دووبارە، خەڵکیی لەسەرئەوە کۆکن، کە وەك دادوەر رەفتاری کردووە، هەندێکیشیان، رای خەڵکیی لەسەر ئەوە کۆیە، کە لەلایەن پێشەنگیی، (ئیمامەت)ـە وە بووە[١٤].

ئەوەی ئێمە، بۆی دەچین، ئەوەیە، کە کەلەپووری (زانستیی فیقهی و ئوسولّی) مان، دەمێکە جیاوازی خستووە لە نێوان، ئاکارە مرۆڤانییەکانیدا، کە بەپێی ڕێژە لە نێو بازنەی (موباح)ـەکاندا، جێیان دەبێتەوە و ئەوئاکارانەی، کە ئایینیی رووتن و دەکەونە نێو بازنەی داواکاری و تەکلیفەوە!. هەر بۆیەکە، لە پێناسەی ئایینیدا گوتوویانە: ئایین دارشتنێکی خواییە، کە خاوەن هەست و دڵ و دەروونەکان هاندەدا و رایان دەکێشێت، بۆ ئەوەی، بەخواستی خۆیان خێر و چاکە هەڵبژێرن.

هەر لەسەر ئەو بنەمایەش، کاری خەڵکیی و هەڵسوکەوتی رامیاری و پلان دارشتنیان بۆ ژیانیان، بەئایین دانانرێت، چونکە ئەو بارودۆخانە، هەردەم روو لەگۆڕاندن و بار تێکچوونن. ئەوەیش دیارە، کە قورئانی پڕلە بەخشش، باسی سیفەتی مرۆڤێتی پێغەمبەر (د.خ) دەکات و دەفەرموویێت: (پێیان بڵێ: من مرۆڤێکم وەکو ئێوە و نیگای خواییم بۆدێت و خوای من و خوای ئێوە یەکە)[١٥].

پێغەمبەریش (د.خ)، زۆرجار ئەوەی گوتووە و تەئکیدی لێکردووەتەوە کە: فەرمووویەتی: (من مرۆڤێکم وەکو ئێوە و ئەگەر لە ئایینەکەتاندا، فەرمانێکم پێدان، لێمی وەربگرن و کاری پێبکەن، ئەگەر فەرمانیشم پێدان لەکارێکدا، کە پەیوەندی بەدنیاتانەوە هەبوو، من مرۆڤم)[١٦]، یارەکانیشی، ئەم دووکەسایەتییە لێکجودایەی پێغەمبەر (د.خ) یان، لەلا شاراوە نەبوو، ئەوان (خ.ر) زۆر بەباشیی، جیاوازییان دەکرد لەنێوان ئەو شتانەدا، کە ئایینن و بواری راکاری و ململانێ لەگەڵ کردن نییە تیایاندا، لەگەڵ ئەو شتانەی، کە رای خودی پێغەمبەربوو (د.خ) و جێگەی، گۆڕینەوەی را و بۆچوون بوون و دەکرا گۆڕین روویان تێبکات، وەك لەپەیمان مۆرکردنەکەی حودەیبییەدا روویدا[١٧].

خۆئەگەر بوایە و لەسەر کارێکی، دڵەڕاوکێ و گومانێکیان بۆ دروستببوایە، زۆر بەراشکاوی لێیان دەپرسی: ئەمە را و بۆچوونی خۆتە و بۆمان نییە لێی لابدەین؟، یاخود نیگای خوایە؟[١٨]، کە هەمان ئەم شێوازی رەفتارەیش، لە فەتوا و بۆچوون و ئیجتیهادی فەقیهەکاندا، رەنگی داوەتەوە، کە لەدواییدا، دەرکەوت و هەیانبوو، لە هەڵوێستێکی دیاریکراوی پێغەمبەر (د.خ)دا، وای دەخوێندەوە، کە هەڵوێستێکی



مرۆڤانەیە و هەیشیان بوو، وای لێتێدەگەیشت، کە جۆرێکە، لە روونکرنەوەی نیگا (وحی). هەمموو ئەمانەیش، لەکاتی نموونە هێنانەوەکاندا بەدیار دەکەون.

ئیبن عاشور، لە هەلاوێردکردن و جیاکردنەوەی کردار و کار و فەرمانەکانی سوننەتی پێغەمبەردا (د.خ)، دوازدە جۆر باسدەکات:

١: یاسادارشتن.
٢: فەتوا.
٣: دادوەرێتی.
٤: ئەمیرییەت.
٥: رێنمایی کردن.
٦: رێککەوتننامە.
٧: بۆکەسێك راوێژی پێبکردایە، نیشاندانی راوێژی باش.
٨: ئامۆژگاریکردن.
٩: بەرزکردنەوەی دەروون و نەفس.
١٠: فێرکردنی راستییە بەرزە گرنگەکان.
١١: ئەدەب دادان.
١٢: لەرێنمایی ترازان، واتە: ئەوکردارانەی، کە مرۆڤی لەسەر دروست بوون، وەك خواردن و خواردنەوە و ...هتد.

ئەوەی، لەم دوازدەیەدا، کە بەلای ئێمەوە زۆر گرنگە، لێی بدوێین، جیاکردنەوە و هەلاوێردکردنی ئەوەیە، کە کامەیان ئایینە و دەبێ کاری پێبکرێت؟، لەگەڵ ئەوەی ئامۆژگاریی و دنیاییە و بۆ موسڵمانان هەیە تیایدا ئازادبن، کە چی لێ هەڵدەبژێرن؟.

ئەوەیش لای هەموان روونە، کە ئەو سوننەتەی، لە پێغەمبەرەوە (د.خ)، لەڕووی ئامۆژگاریی و رێنمایی، یان بۆ روونکردنەوەی ئەوە هاتبێت، چی باشتر و موستەحەبە، ئەوە، کارپێکردنی واجب نابێت.

## ئاوڕێك لە بابەتەكانی قورئان:

لێرەوە، دەبێ لەوە تێبگەین، كە ئایینی ئیسلام، لەو شتانەدا، كە گۆڕانكارییان بەسەردادێت، چ ئاسۆیەكی فراوانی بۆ ئازادێتی خەڵك داناوە. ئەو دەقە قورئانییانەی، كە پەیوەندییان، بە مامەڵەوە هەیە، بەتایبەتی بابەتەكانی، كە پەیوەست بە سیاسەتەوەن، زۆر سنووردارن و ئایەتەكانی پەیوەستن بەحوكمە شەرعییەكان، لە (دووسەد و چل و پێنج)، ئایەت تێناپەڕن، كە هەرهەمووی نزیكی شەش هەزار ئایەتن و كاروباری سامان و حوكمەكانی (حەفتا) ئایەت، ئەوحوكمانەی دەكرێ ببنە سەرچاوەی دەستوور (دە) ئایەت، حوكمەكانی پەیوەست بە كاروباری دەوڵەتەوەیە (بیست و پێنج) ئایەت، هەندێك لەو ئایەتانەیش رابردووی دیاریكراویان هەیە و پەیوەندییان بە تایبەتمەندی موشریكەكانەوە هەیە، مەگەر بەزۆر لەخۆكردن، دەنا هەرگیز لەسەر واقیعێكی دیكە جێبەجێ نابن.

هەروەها ئەوەی، كە لەپێغەمبەر (د.خ)، گێڕراوەتەوە لەبارەی ئەو ئایەتانەوە، زۆرینەیان رێنمایی و ئامۆژگارین، نەوەك تەكلیف و خواستن و بەتوندی گرتن (عەزیمە) و لێك جیاكردنەوەیان، بەئارەزووی بۆچوونی مەزهەبی و حیزبییانە نابێت، بەڵكو بە قووڵبوونەوە و رۆچوون دەبێت لەنێو زانستدا و بەتێگەیشتن و قووڵبوونەوە و رۆچوون دەبیت، لەنێو تێگەیشتنی سروشتی شەریعەتی ئیسلامیدا و بەڕوانین لە مەبەستە گشتییەكانی مرۆڤایەتی پڕلەبەزەیی، گەرچی جەنابی ئیبن عاشور، نموونەی زۆری بۆ هەربابەتێك هێناوەتەوە[١٩]، بەڵام من بە دووربینی و رەچاوكردنی رێنماییكردنی رووت لە دەقەكانی پێغەمبەردا (د.خ)، كە چارەسەری لایەنە ئایینییەكان دەكەن، كۆتایی پێ دێنم[٢٠].



## پەراوێزەكان

(١) (لەماوەكانی رابردووی تەمەنمدا، هەردەم هەوڵێكی زۆرم داوە بۆ روونكردنەوەی ئەم لایەنە و لەساڵی ١٩٩١و١٩٩٢، لە مزگەوتی ئیمان لەشاری سلێمانی، زنجیرە وانەیەكی هەفتانەم هەبوو، تایبەت بەو، بەناو فەرموودانەی، كە درۆن و دەدرێنە پاڵ پێغەمبەر (د.خ)، كە خۆشبەختانە، كاتی خۆی، هەندێكیان، بەدەنگ و رەنگ بلاٌوكراونەتەوە و لای خۆیشم پارێزراون، خوایارمەتیم بدات، تابتوانم لەداهاتوویەكدا، تەواویان بكەم و بەچاپكراوی بیانخەمە بەردیدی ئێوەی بەڕێز)(عمر).

(٢) (ئێمە تەشقمان بەوەوە گرتووە، كە هەمیشە، لەوەسفی قورئان و فەرموودەدا دەڵێین: پیرۆز، راستییەكەیشی ئەوەیە، كە بڵێین: قورئانی پڕ لە بەخشش و ئەو وەرگێڕانە، لەگەڵ دەقەكاندا دەگونجێ و راستتریشە)(عمر).

(٣) (بەشێك لەمانای ئایەتی ٢٩ی سورەتی ئەلفەتح).

(٤) (بەشێك لەمانای ئایەتی ٤٤ی سورەتی ئەلنەحل).

(٥) (بەشێك لەمانای ئایەتی ٦٧ی سورەتی ئەلمائیدە).

(٦) (سەرجەم سەرچاوەكانی ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ)، بەدرێژی، ئەو رووداوەمان بۆ دەگێڕنەوە و بۆمانی باسدەكەن، كە چۆن لەحەجی ماڵئاواییدا، پێغەمبەر (د.خ)، وتارێكی درێژی فەرمووە و زۆر شتی روون كردووەتەوە)(عمر).

(٧) (بەشێك لەمانای ئایەتی ١١٠ی سورەتی ئەلكەهف).

(٨)(فتح الباري، شرح صحيح البخاري، ج١٣. ص٣٨. رقمه٧٢٨٨ط دارالسلام).

(٩) (ئەم دەقە، لە فەرموودەی دایكی موسڵماناندا، لە زۆر جێگەدا دووبارە بۆتەوە و بووەتە پێوەرێكی گرنگ، لەلای زانایان و لەباسی كۆكردنەوەی خەڵكیدا، بۆ تەراویح كردن بە كۆمەڵ (جەماعەت)، فەرموودەی هاوشێوە، لە عومەرەوە، گێڕراوەتەوە، كە چۆن كاتی خۆی، پێغەمبەر (د.خ)، دوای دوو شەو، نەبادا لەسەریان پێویست بكرێت، بۆخۆی، نەهاتووە)(عمر).

(١٠) (بەشێك لەمانای ئایەتی ٥٠ی سورەتی ئەلئەحزاب)، پێویستە ئەم راستییەیش بۆ هەموو کەس روون بکرێتەوە، کە ئەو رووداوە، کە باس لە خۆبەخشینی ئافرەتێك دەکات، بە ناونیشانی ژن و مێردایەتی بۆ پێغەمبەر (د.خ)، ئەوە تایبەتە بەو و کەسێکی دی، لەژێر هیچ ناو و پەردە و پاساوێکدا، ئەوەی بۆنییە)(عمر) .

(١١) و(١٢)(العلامة التفتازاني: شرح التلويح على التوضيح. القاهرة:مطبعة محمد علي صبيح و أولاده، ١٣٦٧هـ، ٢/١٤-١٥).

(١٣) (الطاهر بن عاشور، مقاصد الشريعة، ص٢٩).

(١٤)(الطاهر بن عاشور، مقاصد الشريعة، ص٢٨).

(١٥) (بەشێك لەمانای ئایەتی ١١٠ی سورەتی ئەلکەهف).

(١٦) (پێشتر ئەم دەقەمان روونکردۆتەوە).

(١٧) (خوێنەر دەتوانێ بگەڕێتەوە، بۆ خوێندنەوەی ململانێ و پرسیارەکانی عومەر (ر.خ)، لەو رۆژەدا و لەوەندەیش بگات، کە هەرگیز ئایین، رێگە بەدروستکردنی تاکڕایی و خۆ سەپاندن نادات)(عمر).

(١٨) (بەدر و لادانی سوپاکەیان و بەدیل گرتنی نەیارەکان و فیدیە لێوەرگرتنەکانیان، بەڵگەی ئەم راستییانەن) (عمر).

(١٩) (الطاهر بن عاشور، مقاصد الشريعة، ص٣٠، وراجع: مؤلفنا: البصيره الاسلاميه، عمان: دار الشير،١٩٩٧، ص٨٤ ).

(٢٠) ئەم بەشەی بابەتەکە، لە رۆژنامەی خەباتی ژمارە (٢٣٦٣)٢٣\١٢\٢٠٠٦ لاپەڕە چواردا، بڵاوکراوەتەوە).



## (٤)

## دەروازەی یەکەم
## خوێندنەوەیەکی بابەتییانە، بۆ ئیشەکانی فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ)

## (٢-٣)

### دووربینی و رەچاوکردنی رێنماییکردنی رووت، لەدەقەکانی پێغەمبەردا (د.خ)، کە چارەسەری لایەنە ئاینییەکان دەکەن:

وەك لەپێشدا بۆمان روونبووەوە، موجتەهیدەکانمان جیاوازییان کردووە لەنێوان ئەو سوننەتانەدا، کە تەشریعین و ئەو سوننەتانەی، کە بۆ تەشریع نین، چونکە پێغەمبەر (د.خ)، لەئەنجامدانی، هەڵسوکەوتیدا، هەندێکیانی، وەك پێشەوایەك دەکرد و هەندێکیشیان، وەك رێنیشاندەر و رێنماییکەرێك بۆ باشترین رێگا، ئەنجامی دەدا، ئەوکات سوننەتەکانی دەبوونە رێنمایی و بانگەشە بۆ چاکە, نەك بۆ خواستن و داوای ئەنجامدانی کار (تەکلیف)، کە دەبێ لەگوێی بکرێت و واجب بێت.

لێرەوە بە پێویستی دەزانم هەندێك نموونە بهێنمەوە، کە فەقیە و ئوسوڵ زانەکان و کتێبەکانی فەرموودە، هاوردوویانن و بەڵگەن لەسەر ئەوبیرۆکەی، ئێمە دەیڵێین و ئەم رێتمە دەگەیێنن[1]:

**نموونەی یەکەم:** لە (موطأ)ی مالیك و لای بوخاری و موسلیمەوە هاتووە، کە یەکێك لەیارەکانی پێغەمبەر (د.خ)، کە ناوی نوعمانی کوڕی بەشیرە، بۆمان دەگێڕێتەوە، کە بەشیری کوڕی سەعدی باوکی، بەدەر لەبراکانی دیکەی، بەندەیەك دەکاتە خەڵاتی ئەو، لەوکاتەدا خێزانەکەی بەشیر، عەمرەی کچی رەواحە، دەڵێ: تا نەچیت پێغەمبەر (د.خ)، بکەیتە شایەت، من بەم کارە رازی نابم!، بەشیریش دەچێتە لای پێغەمبەر (د.خ) و لەهەنگاوەکەی خۆی ئاگاداری دەکات، ئەویش پێی دەفەرمووێت: (باشە، ئەوها بەخششت داوە بە هەموو منداڵەکانت؟)، بەشیریش

دەڵێ: نەخێر، پێغەمبەریش (د.خ) دەفەرموێت: (دەمن مەکە بەشایەتی ستەم کردن!)، لەڕێگەیەکی دیکەی گێڕانەوەی هەمان دەقدا هاتووە، کە فەرموویەتی: (پێت خۆشە منداڵەکانت هەموویان وەك یەك باش بن، بۆت؟، ئەویش دەڵێ: بەڵێ، لەوەلاَمیدا، پێغەمبەر (د.خ)، دەفەرمووێت: کەوابوو...نا)[٢].

هەموومان ئەوەمان لەلا ڕوونە، کە گوتنی: (دەمن مەکە بەشایەتی ستەمکردن!)، بەڵگەی حەرامێتی ئەو شتەی لێ دەخوێندرێتەوە و وەها دیاردەخات، بەلاَم کە بەدووربینی لێی دەڕوانین، تێدەگەین، مەبەستی بنەڕەتی و سەرەکی لەو فەرموودەیە، پاراستنی یەکڕیزی و تەبایی و تێکنەدانی شیرازەی خێزانە، نەوەك حەرامکردنی بەخشش.

هەربۆیەکە، دەبینین: ئیمامی مالیك و ئەبووحەنیفە و شافیعی بەرەچاو کردنی مەبەست لەداڕشتنی دەقدا، نەك وردبوونەوە لە رواڵەت، دەڵێن: مەبەستی ئەوەبووە، کە ئامۆژگاری (بەشیر) بکات بۆ چاکەکردن لەگەڵ هەموومنداڵەکانی، نەك حەرامکردنی بەخشینی شت بەمنداڵێك، بەدەر لەمنداڵێکی دیکە، کەوابوو، ئەگەر کەسێك وایکرد، ئەوە بەخششەکەی، لەڕووی فیقهییەوە تەواوە!، بەلاَم ئەحمەدی کوڕی حەنبەل و ئیسحاقی کوڕی راهەوەیهی و سوفیان و داودی کوڕی عەلی، لەبەردەم دیوی رواڵەت و دەرەوەی دەقەکەدا وێستاون و دەڵێن: ئەوکارە حەرامە و نابێ بکرێت.

## پێغەمبەر (د.خ)، لەبەر رای یارەکانی، بۆچوونی خۆی دەگۆڕێت!

**نموونەی دووەم:** لەکاتی جەنگی بەدردا، پێغەمبەر (د.خ)، بۆ ئەوەی سوپاکەیان لێی لابدات، شوێنێکی دیاریکرد و یەکێك لەیارەکانی بەلای وابوو، کە ئەوشوێنە شیاونییە و رووی پرسیاری کردە پێغەمبەر (د.خ)، کە ئایا ئەمە شوێنێکە بەفەرمانی خوا لێی لادەدەیت، یاخود هەنگاو و فێڵێکی جەنگییە؟، - بەمانا نیگا (وحی)یە، یاخود، رای خۆت - پێغەمبەر (د.خ)، لەوەلاَمیدا فەرمووی: (ئەوە جەنگە و فێڵێکە لە فێڵەکانی جەنگ)، لێرەدا، یارەکەی شوێنێکی دیکەی دەستنیشان کرد، بۆئەوەی لێی دابەزن، کە بۆ هەردوو کاتەی، بەرهەڵستی و هێرش باشتر دەگونجا و لەلای نزیکترین ئاوەوە، لایاندا و پێغەمبەریش (د.خ)، رایەکەی پەسەند کرد و وازی لەو شوێنە هێنا، کە بە بۆچوونی خۆی، بۆ رووبەڕوو بوونەوەکە، ئەوێ پەسەند و باش بوو[٣].



**نموونەی سێیەم:** لەدوای کۆچی پێغەمبەر (د.خ)، بۆ شارۆچکەی، یەسریب، (مەدینە)ی دواتر، پێشهاتەکانی جەنگی خەندەق — ئەحزاب — سەریان هەڵدا، پێغەمبەریش (د.خ)، بەنیازی ئەوەی، کە بەنی غەتەفانییەکان، نەبنە بەشێك لەهێزی دوژمن، ویستی لەسەر پێدانی نیوەی بەرووبوومی ئەوساڵەی مەدینە، لەگەڵیان رێکبکەوێت، بەمەرجێك ئەوان لێی دوور بکەونەوە و نەبنە بەشێك لەشەڕەکە، کەچی، سەعدی کوڕی عوبادە و سەعدی کوڕی موعاز، لێی راست بوونەوە و گوتیان: ئەگەر ئەمە نیگای خواییە، گوێڕایەڵ و ئەڵقە لە مشتی تۆین، ئەگەر ئەمە بۆچوونی خۆیشتە، سەوگەند بەخوا لەشمشێر بەولاوە، چییان نادەینێ!، ئەوسا و لەوەوبەر لەسەردەمی نەفامیدا، ئێمە و ئەوان هیچمان لەسەر هیچ ئایینێك نەبووین و نەیان دەتوانی، بەکڕین، یان بەپێدان نەبوایە، تامی بەرهەمێکی مەدینە بکەن، کەچی دوای ئەوەی، خوای گەورە، بەئایین رێزی لێناوین، بچین هەروا بەروبوومی مەدینەیان بدەینێ؟!، سەوگەند بەخوا، لەشمشێر بەولاوە، چیدییان وێ نادەین!، لێرەدا پێغەمبەر (د.خ)، فەرمووی: دوای ئەوەی بینیم عەرەب پەلاماری بۆهێناون و لەیەك سەنگەرەوە و لێتان هاتوونە پیش، حەزم کرد ئەوانتان لێ دوور بخەمەوە، ئەگەر ئەوەتان قەبووڵ نییە، ئێوە و خواستی خۆتان، ئیتر رووی کردە ئەوانەی هاتبوون بۆ ئەنجامدانی رێککەوتنەکە و فەرمووی: (بڕۆن تەنها شمشێرتان وێدەدەین)[٤].

ئێمە لەوە تێدەگەین، کە ئەم کارەی پێغەمبەر (د.خ)، بۆ دوورخستنەوەی غەتەفان، بە بەشێك لە بەرووبوومی مەدینە، نیگایەکی خوایی نەبوو، بەڵکو راوبۆچوونێکی خۆی بوو، هەربۆیەکە فەرمووی: کە رازی نابن، با ئەوەبێت، کە دەتانەوێت.

**نموونەی چوارەم:** لەڕێگەیەکی راست و دروستەوە هاتووە، کە کەنیزەکێك، ئازاد دەکرێت و پێغەمبەر (د.خ)، ئامۆژگاریی دەکات، کە لای هاوسەرەکەی بمێنێتەوە، کە هێشتا ئەو هەر بەندە بووە، ئافرەتەکە بەپێغەمبەر دەڵێ: فەرمانم پێدەدەیت کە وەهابکەم؟، ئەویش دەفەرمووێت: نا، من رێنماییت دەکەم و بۆ ئەو قسەدەکەم، ئافرەتەکەیش دەڵێ: کارم بەو ئامۆژگاری، یان ئەو مێردەوە نییە)[٥].

## محەممەد، پێغەمبەر (د.خ) بووە، نەوەك باخەوان!:

**نموونەی پێنجەم:** لە فەرموودەدا هاتووە، کە ئەوکاتەی، پێغەمبەر (د.خ)، هاتە نێو شاری مەدینە، بینیی خەڵکی، بۆ ئەوەی، دارخورماکانیان، بەروبووم بدات، موتوربەیان دەکەن و نێر و مێیان ئاوێتە دەکەن، ئەویش پێیان دەڵێ: (دارخورماکانتان موتوربە مەکەن)[٦]، بەڕای ئەو وەهابوو، کە ئەم کارەیان پێویست نییە، لەبەر ئەوە هەندێکیان بەگوێیان کرد، نەیان پرسی بۆ؟، بەڵام بە داخەوە، ئەوانەیان، ئەو ساڵە، درەختەکانیان، بێ بەربوون و بەرهەمیان نەدا، بەو ئەندازەی، ئەگەر موتوربە بکرانایە، ئەوانیش ئەو ئەنجامەیان پێگوت و لە وەڵامیاندا فەرمووی: (لەئیشەکانی دنیاتاندا، ئێوە لەمن شارەزاترن!)، ئیبن عاشور و کەسانی دیکە هەمان رووداومان لەچەند سەرچاوەیەکەوە بۆ دێنن و هەر یەکەیان، شێوەیەك باس لەوە دەکات، کە چۆن پێغەمبەر (د.خ)، پێی فەرموون: (من نەباخەوان و نەرەزوانم و بڕۆن موتوربە بکەن)، کەواتە، خاوەن فیقە، دەبێ رەچاوی بارودۆخەکان بکات و هەڵاوێردی دەقەکان بکات و بزانێت چۆن و لەچ بارودۆخێکدا گوتراون و پێغەمبەر (د.خ)، ئەو گوتە، یان ئەو کردارەی چۆن ئەنجامداوە، وردبینی بکات لەوەی، کە بزانێ چۆن نەرمونیانی و میانڕەوی و بەزەیی پێغەمبەرایەتی دەگەیێنێت و بەوردی سوودی لێبکات، نەك یەکسەر رواڵەتێکی ئایینی لێ تێبگات و بەس.

هەمووان دەزانین، ئەگەر ئەو لێپێچانەوە و بەدوواداچوونەی یارەکانی نەبوایە، لە موتوربەکردنەکەدا، زۆرێك وای لێ تێدەگەیشتن، کە موتوربە کردن حەرامە.

## دەقێك و چەندین فەتوای لێکجودا!:

**نموونەی شەشەم:** لەزۆر جێدا فەقیهەکانمان رای لێکجودایان هەبووە لەسەر یەك دەق، لەوەدا کە ئایا مەبەست بەودەقە ئامۆژگاری بووە، یاخود ئایین گەیاندن؟، وەك لەم نموونانەدا دەزانین و دەردەکەون:

**أ:** پێغەمبەر دەفەرمووێت: (ئەوەی زەوییەکی مردوو، زیندوو بکاتەوە بۆ خۆیەتی)[٧]، لە تێگەیشتنی ئەم دەقەدا، مالیك و شافیعی، رایان وایە، کە ئەمە



فەتوایەکی گشتگیرە و بۆ هەرکەس هەیە، با حکوومەتیش رێگەی پێنەدابێت، زەوی مردووی، بێ خێو ئاوەدان بکاتەوە، بەڵام ئەبوحەنیفە، پێی وایە، کە ئەوە، باس لە کارێکی حکوومەت دەکات و ئەوە، بەتەنها مافی دەوڵەتە و بەبێ رێگەپێدانی ئەو، هیچ کەس ئەو مافەی نییە، کە زەوی مردوو بۆخۆی و لەخۆیەوە زیندوو بکاتەوە.

**ب:** ئەوکاتەی (هیند)ی هاوسەری ئەبو سوفیان، لەبەردەم پێغەمبەردا (د.خ)، باسی لەوەکرد، کە مێردەکەی پیاوێکی بەخیل و چاوچنۆکە و ئەوەندەیان خەرجی وێنادات، کە بەشی خۆی و منداڵەکانی بکات، پێغەمبەر (د.خ)، فەرمووی: (ئەوەندەی لێ ببە، کە بەشی خۆت و منداڵەکانت بکات، بێ ئەوەی، ئەو پێی بزانێ)[٨]، فەقیهەکان، لێرەدا کەوتوونەتە دەربڕینی رای لێکجودا، ئایا ئەمە فەتوایە داوێتی؟، بەمانا هەرکەس، کە ماڵی خۆی، یان هاوشێوەی دەستکەوت لای کەسێك، کە کەوتبێتە لای، بەبێ پێزانینی بەرامبەرەکەی، بۆی هەیە سوودی لێبکات؟، یاخود ئەوە دادپرسییەك بوو، بەو شێوە و بۆهیچ کەس نییە، بگاتە هەقی خۆی بەبێ رێگەی دادوەر؟.

**ج:** لەفەرموودەیەکدا، هاتووە: (هەرکەس لەجەنگدا کەسێکی کوشت، شتوومەکەکەی بۆ بکوژەکەیەتی)[٩].

فەقیهەکان، هەندێکیان، وەك شافیعی، دەڵێن: ئەوە بڕیارێکی گشتگیرە و هەمووکات هەروەهایە و هەروایش دەبێت، هەندێکی دیکەیشیان دەڵێن: نەخێر هیچ بکوژێك، بەبێ رێگەپێدانی دەوڵەت، ناتوانێ هیچ سوودێك بکات لەو داهاتانە.

**د:** بوخاری بۆمانی دەگێڕێتەوە، کە پێغەبەر (د.خ)، فەرموویەتی: (هەرکەس ئایینی خۆی گۆڕی بیکوژن)[١٠]، ئەم دەقەی فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ)، ململانێ و دەمقاڵێ و دانووساندنێکی زۆری لەنێو هاوچەرخانماندا دروستکردووە، بەتایبەت کە هەر لەیەکەم دیتنیدا دەبینن، لەگەڵ ئەودەقانەی دیکەدا، کە باس لەئازادی ئایین و بیرورا دەکەن، وێك نەکردنەوەیەکی تێدا بەدیدەکرێت، وەك ئایەتی: (زۆرەملێ کردن لەئاییندا نییە)[١١] و ئایەتی: (ئێوە ئایینی خۆتان هەیە و بۆ خۆتان، منیش ئایینی خۆم هەیە و بۆ خۆم)[١٢]، کە دەبێتە رێگەپێدان و دانان بە بوونی چەند ئایینی لێکجودا و ئایەتی: (ئەوەی ویستیاری بڕواهێنانە، با بڕوابهێنێت و ئەوەیش دەیەوێت

بێبڕوابێت باوابکات)[١٣] و ئایەتی: (ئەگەر پەروەردگاری تۆ بی ویستبا، خەڵکی هەرهەموویانی، وەك یەك، دروستدەکرد و بەبەردەوام رایان لێکجودا دەبێت، کەسانێك نەبن کە خوای گەورە لەگەڵیاندا میهرەبانە و بۆ ئەوەیش دروستی کردوون)[١٤]، هەربۆیەکە، گومان لەوەدا هەیە، تاچەند وابەستەگێتی، بەو دەقەوە پێویستە؟، کە زیاتریش گومانمان بۆ دروستدەبێت، ئێمە دەبینین، قورئانی پڕ لەبەخشش، کە ئەحکامی لەئایین پاشگەزبوونەوەی باسکردووە، بەتەنها باس لەتۆڵەی رۆژی دوایی دەکات و بەس، ئەوەتا دەفەرموێت: (ئەوکەسانەی، کە بڕوایان هێناوە و پاشان بێ بڕوا بوونەتەوە، پاشان بڕوایان هێناوە، پاشان بێ بڕوا بوونەتەوە و لەبێ بڕواییشیاندا زیادیان کردووە، ئەوە خوای گەورە لێیان نابوورێت و نایانخاتە سەر رێگەی راست)[١٥]، کەوابوو، بابەتەکانی پەویوەست بەبڕوا، بابەت گەلێکن، کە پەیوەندییان بە دڵ و دەروون و ویژدانی تاکەوە هەیە و لێپێچانەوەیش لەسەریان، لەلای خوایە و بەس.

## چەند تێبینییەك لەسەر یاسای، لەئایین هەڵگەڕانەوە (ارتداد):

لێرەوە هەڵوێستەیەك دەکەم بەدیار (د.محمد نور فرحات)، مامۆستای فەلسەفەی یاسا، لە زانکۆی زەقازیق، لەو تێبینییانەیدا، کە لەسەر یاسای لەئایین هەڵگەڕانەوەدا دەری دەبڕێت[١٦][١٧] و دەڵێ:

**یەکەم:** سەرجەم ئەم یاسایە، بەرهەمی بیری ئیجتیهادیی، فەقیهەکانی سەدە سەرەتاکانی ساڵی کۆچین.

**دووەم:** ئەویاسایەی، پێی دەگوترێت: یاسای هەڵگەڕانەوە لە ئایین، پشت نابەستێت بە دەقێکی (قەتعیی)، قورئان، بەڵکو پشت دەبەستێت، بەکۆمەڵێك فەرموودەی (ئاحاد)، کە گومان دەبەخشن، نەوەك یەقین!، لەکاتێکدا، کە لەفەقیهەکانی کۆن و هاوچەرخەکانمان، ئی وامان هەن، کە وای بۆدەچن، فەرموودەی ئاحاد، ئەگەر دژ بوو بەدەقێکی قەتعیی قورئان، هەرگیز، نابێتە بەڵگە، کە لێرەوە دەزانین ئەو قسەی سەدری شەریعە دەیڵێ، لەسەر ئەو فەرموودەیەی، کە دەڵێ: (لەمەولا لەدوای من، حەدیس



گێڕانەوە بۆئێوە زۆر دەبێت، ئەگەر دەقێکیان بۆ گێڕانەوە، بەراوردی بکەن لەگەڵ قورئاندا، ئەوەی لەگەڵیدا رێدەکەوت وەری بگرن و ئەوەی سەرپێچی لەقورئان دەکرد، وەری مەگرن و بەرپەرچی بدەنەوە)[١٨] لەوێدا سەدری شەریعە، دەڵێ: (ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی، کە هەر فەرموودەیەك، رووبەڕووی قورئان ببێتەوە و لەگەڵیدا نەگونجێ، ئەوە فەرموودە نییە!، هەروەها دەقێکی دیکەیش، کە لەگەڵ دەقێکی لەخۆی گەورەتر نەگونجێت، چونکە بەڵگە شەرعییەکان، یەکتر هەڵناوەشێننەوە و دژی یەکتری ناوەستن، بەڵکو دژایەتی کردنی یەکدی بە بەڵگەکان، نەفامییەکی بێ هاوتایە)[١٩].

یەکێتر لەفەقیهە هاوچەرخەکان، کە بایەخیان بەم بابەتانە داوە، مامۆستا مەحەمەد غەزالییە، لەکتێبەکەیدا (السنة النبوية، بين أهل الفقه وأهل الحديث)[٢٠].

**سێیەم:** بەهەند وەرگرتنی لایەنەکانی مێژوو و سیاسەت، بەزۆری باڵیان کێشاوە بەسەر زۆرێك لەو دەقانەدا کە فەقیهەکان، بۆ بەهێزکردنی بابەتەکانی، لەئایین هەڵگەڕانەوە، وەك بەڵگە، پشتیان پێ بەستوون، وەك چۆن کوشتارەکانی، ئەبو بەکریش (ر)، لە رووبەڕوو بوونەوەی، نەیارە هەڵگەڕاوەکانیدا (حروب الردە)، لەبنەڕەتدا، لەبەر زەکات نەدانیان بوو بەدەوڵەت و ترسی ئەوەی هەبوو، کە دەوڵەتی پێ دابڕمێت!، چونکە بەبۆچوونی ئێمە، هەرگیز ئەو جەنگانە، وەك هەندێك دەیانەوێت وامان نیشان بدەن و وێنەی بکێشن، لەپێناوی عەقیدەدا نەبوون!، بەبەڵگەی ئەو قسەیەی ئەبوبەکر (ر)، کە دەڵێ: (سوێند بەخوا ئەگەر رەشمە، پێوەند، هەوسار — عیقال — ی وشترێکم لێبگرنەوە، لەوانەی، کە کاتی خۆی لەسەردەمی پێغەمبەردا (د.خ)، دەیاندا، لەپێناویدا، کوشتاریان لەگەڵ دەکەم)[٢١]، هەندێکی دی، لەفەقیهە هاوچەرخەکان، کە ناو و شوێنیان، لەئایین و فیقهی هاوچەرخی واقیعبینندا، هەیە و جێدەستیان دیارە، وەك: - د. احمد شلبی و د.احمد عمر هاشم و د. عبد الصبور مرزوق و د. محمد حمدی زقرزق — دەڵێن: فەرموودەی (من بدلّ دینه فاقتلوه)[٢٢]، گشتگیر نییە، بەڵکو ئەوەی، لێی دەردەکەوێت ئەوەیە، کە باس لەوانەدەکات، کە لەکاتی جەنگ و رووبەڕوو بوونەوەدا، کە سەنگەر و سەربازگەی موسڵمانان جێ دەهێڵن و دەچنە نێو سەنگەر و سەربازگەی دوژمنەکانەوە[٢٣].

لەلایەکی دیکەوە بۆمان هەیە، وەلاّمی ئەو پرسیارە بدەینەوە و بڵێین: باشە ئەو فەرموودەیە، بۆ راگەیاندنی گشتی و نیگایە؟، یاخود، هەڵوێستێکی سەرکردایەتییە و ملکەچ بووە، بۆکەش وهەوا و بارودۆخێکی تایبەتی؟.

ئەوەی لای هەمووان روونە، ئەوەیە، ئەگەر دایبنێین بە ئیجتیهادێکی تایبەتی، ئەوە دادەنرێت بە دارشتن و تەشریعێکی وابەستە بەکاتێکی دیاریکراو و حاڵەتێکی تایبەتەوە.

ئێمە لایەنگیری د. محمد نور فەرەحات و کەسانی دیش دەکەین، لەوەدا، کە دەڵێن: حوکمە شەرعییەکانی باسی هەڵگەڕانەوە لەئایین — ریدە — وەك زۆرێك لە حوکمەکانی دیکەی پەیوەست بەشێوەی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و ناردنی سوپاکانیانەوە، وەهان، لەوەدا کە زۆرێك لە حوکمە سیاسییە سەردەمییەکان، دەکەوتنە ژێر رکێفی فەلسەفەیەکی سیاسییەوە، کە لەوکاتانەدا، باڵی کێشابوو، بەسەرکۆمەڵگا سیاسییەکانی ئەو سەردەمە، ئەوەیش لەوەدا بەدی دەکرا، کە ئایین تاکە پێوەری هاوولاّتێتی بوو!.

ئایین پێوەری سەرەکی بێهاوتابوو، بۆ گرێدان و بەهێزکردنی پەیوەستی ملدان بەدەوڵەتی ئایینی، دەرچوون لەئایین بەوە، لێك دەدرایەوە، کە دەرچوونە لە ژێرسایەی دەوڵەت و هەڵگەڕانەوە لێی و هەڵوەشاندنەوەی پەیوەستییە نیشتمانییەکان، هەر لەسەر ئەم بنەمایانەش بوو، کە دەرچوون، لەئایین و پاشگەزبوونەوە - ریدە — واتە: لە دەوڵەت دەرچوون!.

لەمیانی ئەو شتانەی، کە ئەم جۆری تێگەیشتن و لێ حاڵی بوونە بەهێز دەکات، ئەوەیە، کە لەدووتوێی، ئەم فەرموودەیەدا هاتووە: (رەوانییە خوێنی هیچ موسڵمانێك برێژرێت لەبەر یەکێك لەم سێ هۆکارانە نەبێت:

١: پیاوێکی خاوەن ژن، یان ژنێکی خاوەن مێرد، کە داوێنپیسی بکەن.

٢: تۆڵەی گیانێك، کە بەناهەق کێشرابێت.

٣: ئەوکەسەش، لەئایین هەڵدەگەڕێتەوە و لەجەماعەی موسڵماناندا جودا دەبێتەوە)[٢٤].



بەکورتی فەرموودەی: (**من بدلّ دینه فاقتلوه**)، لەمیانەی ئەو دەقانە نییە، کە باس لەگەیاندنی ئایین- تبلیغ — و نیگای خوایی، دەکات، بەڵکو لەمیانەی سیاسەتێکە، کە بەپێی پێویستیی سەردەم، گۆڕان رووی تێدەکات!، کەوابوو، دووربینی تێدا کردنی رەچاوی سیاسەتی تێداکراوە، نەوەك ئایین!، بەمانا بەپێی بارودۆخی هەڵگەڕانەوەکە، سەیر دەکرێت و توانای ئوممەی ئیسلام و لاوازییەکەی دەکرێتە پێوەر تێدا، نەك لەروانگەی ئازادیی ئایین و بیرورا و نەبوونی ئازادی تێیاندا. لێرەوە دەچینەوە نێو نموونە هێنانەوەکانمان.

## کێبڕکێی، مەزهەبە فیقهییەکان:

**نموونەی حەوتەم:** لەکاتی لێکدانەوەی زۆرێك لەدەقە شەرعییەکانی فەرموودەدا، کە باس لەهەندێك کردەوە دەکەن، لەنێوان فیقهی مەزهەبیدا، کێبڕکێیەکی زۆرهەیە، هەیانە مانای حەرامکردنی — تحریم — ی لێوەردەگرن و هەیشیانە، مانای باش وایە، لێی نزیك نەبیتەوە — کراهیە — ی لێوەردەگرن و .... هتد، ئیتر هەریەك بەپێی ئەو مانایانەی، کە ئەودەقانە دەیانگەیێنن، بۆ وێنە:

أ: فەرموودەی: (نیکاح دانامەزرێت بەبێ بوونی وەلی ئەمر و دووشایەتی دادپەروەر نەبێت)[٢٥]، لە تێگەیشتنی ئەم دەقەدا، چەندین رای جودا هەیە، داخۆ بۆ ئەو کیژەی گەیشتووەتە ئەندازەی تەمەنی روشد، تاچەند پێویست دەکات وەلی ئەمر هەبێت یان نا؟.

شافیعیی، دەڵێ: دەبێ کیژی گەورە و پێگەیشتوویش، وەلی ئەمری هەبێ و هەروەلی ئەمریشە، کە مافی دامەزراندنی گرێبەستی هاوسەرگیری ئەوانی بۆهەیە.

بەلاّم حەنەفێکان، دەڵێن: بۆکیژی خاوەن روشد دروستە، کە بەویستی خۆی هەستێت، بە جێبەجێکردنی، پرۆسە و گرێبەستەکە و هیچ پێویست بەوەلی ئەمر ناکات، سەرچاوەکانی مەزهەبیش پڕن لەنموونەی وەها.

راستی ئەوەیە، ئەگەر ئەوەی، کە بۆزانایانی تەفسیرنووس رەخساوە و بۆیان لواوە، لەبارەی هەلاّوێردکردنی دەقەکان و جیاکردنەوەی مەککەیی و مەدینەیی و زانینی

کات و سەردەم و چاخی گوتنیان، کە بەو هۆیانەوە توانیویانە لێکی جودا بکەنەوە، کامە پەیوەندی بەلایەنی خوا پەرستییەوە هەیە و کامەیش پەیوەستە بەلایەنی مرۆڤانەوە، یان ئەوەی کە رەها — موتلەق - ـە و ئەوانەی وابەستەگییەتی تێدا هەیە — موقەییەد — ن، ئەگەر ئەوەیش بۆ زانا و پسپۆڕانی ئەهلی حەدیس بگونجایە و بڕەخسایە، زۆرێك لەو دوودڵییانەی فەقیهەکان، ئەوها نەدەبوون و لێکدانەوەکانیان تووشی زۆررایەتی نەدەبوو!، بەلاّم واقیع ئەوەیە، کە زۆرێك لەو هەلومەرجانەی، کە فەرموودەی تێدا گوتراوە نەزانراوە[٢٦]، هۆکاریش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە پێغەمبەر (د.خ)، لەترسی ئەوەی، نەوەك قسەکانی لەگەڵ قورئان ئاوێتە بن، لەپێشدا نەیهێشت بنووسرێنەوە، یاخود لەترسی ئەوەی، کە نەبادا ئەوەیش ببێتە هۆکاری قورس و گرانکردنی داواکان لەسەر خەڵکی، هەر بۆیەکە، دەبینین یارەکانی، بیریان لەوەنەکردەوە، کە فەرموودەکان، یاخود هۆکارەکانی گوتنیان بنووسنەوە، بەدەر لەنووسینەوەی پەیماننامە و ئامۆژگاری و بەڵگەنامە سیاسییەکان.

کەچی بەدووربینی کردنی بەرژەوەندی گشتی و بەپێی ڕەچاوکردن و لەبەر بەهەند وەرگرتنی حیکمەت، لەسەردەمی ئومەوییەکاندا، دەستکرا بە کۆکردنەوەی، فەرموودە، ئەوکاتەی کە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز (ر.خ)، نامەیەکی نارد بۆ (أبوبکر بن محمد بن عمرو بن حزم) و بۆ (محمد شهاب الزهری)، بۆ ئەوەی دەسکەن بەکۆکردنەوەی فەرموودە، کە لەساڵی سەدی کۆچیدا دەستیان پێکرد و ئیتر لەسەدەی دووهەم و سێهەمدا، کۆتایی هات (صحیح البخاري ٨٧٠ز، صحیح مسلم ٨٧٥ز، سنن أبی داود ٨٨٨ز، تورمزی ٨٩٥ز، نەسائی٩١٥ز، ابن ماجه ٨٨٦ز)، لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵ و کۆششە زانستییانەی، ئەوبەڕێزانە و کەسانی کەڵە زانای دیکەیش، کە پێیان هەستان و کەوتنە دووی دۆزینەوەی، بەهێزکردنی سەنەد، ڕاستێتی دەقەکان، لەگەڵ ئەو هەموو کۆششەیشدا، فەرموودە، نەگەیشتە ئەو ئەندازەی، کە وەك دەقی قەتعیی، لێی بڕوانرێت، هەندێکی زۆر کەمی نەبێت!.



**هەر فەرموودەیەك، لەبارودۆخێکی تایبەتیدا گوتراوە:**

زانینی بارودۆخی گوتنی هەر فەرموودەیەك، کاریگەرییەکی بێ سنووری هەیە، تابزانین سروشتی ئەودەقانە چۆن بوون، بۆ وێنە ئەگەر ئێمە زانیمان، ئەو ڕێنماییانەی پێغەمبەر (د.خ)، بۆیارەکانی، بۆ مەسەلەی هێشتنەوەی ریش و بۆ بەرسمێڵکردن، بۆ ئەوەبووە، کە لە وسەردەمەدا، لەبێ بڕواکان جیا بکرێنەوە و پێی بناسرێنەوە، بەتایبەتی لەکاتی ڕووبەڕوو بوونەوە و جەنگەکاندا، کە برانەوەیان بۆ نەبوو و بۆ ئەوە بوو، کە تێکەڵنەبن و لێك نەگۆڕدرێن، ئەوکات دەتوانین بڵێین: ئەو فەرمانانە بۆ وابەستەگێتی پێبوونی هەمیشە نەبوون، بەڵکو سیاسەت و هەڵسوکەوتێکی کاتی بووە!.

مامۆستا، عبدالوهاب خەللاف لەنێو بابەتێکی خۆیدا لەژێر ناونیشانی: (**مصادرالتشریع الاسلامي مرنة**)، لەگۆڤاری، (**مجلة القانون والاقتصاد، أیار مایو ١٩٤٥**)، لە کاتی لێکدانەوەی فەرموودەی (سەرپێچی بکەن لەبێ بڕواکان و خۆتان وەك ئەوان لێ مەکەن، ریش بهێڵنەوە و بەرسمێڵتان بکەن)[٢٧]، دەڵێ: هەرخودی دەقەکە ئەوەی لێوەردەگیرێت، کە کاتی گوتنەکەی ڕەچاوکراوە، چونکە باس لەجۆری شێواز و کالاّی بێبڕواکانی ئەو سەردەمە دەکات و لەو کاتەدا، باس لەوەدەکات، کە نابێ لەوان بچن!.

بەرگ و پۆشاکی خەڵکی، بەردەوامێتی بۆ نییە، زانای پایەبەرز عیزی کوڕی عەبدولسەلام، وتەیەکی جوانی هەیە و دەڵێ: (هەرهەڵسوکەوتێك، نەیتوانی ئارمانجی خۆی بپێکێت، ئەوە بەتاڵە)[٢٨].

**لەپەرستشدا راکاری نییە:**

ب: هەرلەمیانەی ئەو لێکجودایی تێگەیشتنانەی دەقە، کە باسمان لێکردن، پرسیارەکەی عومەرە (ر.خ)، لەبارەی وردەڕاکردن، گورگەلۆقە (رەمل)ی کاتی سوڕاندنەوەی حاجی، یان عومرەچی، بەئیحرامەوە، بەدەوری کابەی پیرۆزدا، کە فەرمووی: (باشە ئەوسا هێزی خۆمان نیشانی بێ بڕوایان دەدا، ئەی ئێستە بۆچی ئەو وردەڕاکردن، گورگەلۆقە (رەمل)ـە، ئەنجامبدەین، کە دەبینین، خوای گەورە توانا و

هێزی پێ بەخشیوین و دوژمنەکانی بۆ شکاندووین و لەناوی بردوون؟!)[٢٩]، ئەوەی جێگەی سەرنج و تیاڕامانە، کە دواتر عمر (ر.خ) بۆخۆی، لەم بۆچوونەی پاشگەزبووەوە و گوتی: (ئەوە کارێکە پێغەمبەر (د.خ)، ئەنجامیداوە) و عومەریش (ر.خ)، وایکرد.

بەڵام ئەمە مانای ئەوە نەبوو، کە عومەر (ر.خ)، بەهای بۆچوون و ئیجتیهاد دانەنابێت، بەڵکو گەڕانەوە بوو، بۆ ئەو بنەمایەی، کە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە لایەنەکانی پەرستش، بواری ئیجتیهاد و راکاریی تێدانییە و لەبارەی حەجیشەوە، پێغەمبەر (د.خ)، فەرموویەتی: (شێوەکانی حەجکردن — نوسوك — و ئاکار و گوفتارەکانی، لەمن وەربگرن)[٣٠].

راستییەکەی ئەوەیە کە: گۆڕانکاری رووەدەکاتە حوکمێکی شەرعی، کە لەسەر بنەمای دابونەریتێك داڕێژرابێت، کە گۆڕانکاری بەسەردادێت، وەك چۆن بەسەر ئیجتیهادیشدا دێت.

هەندێکی دیکە لەزانایان وای بۆدەچن، کە جیاوازی لەنێوان هەردوو لایەنەکەدا، بەدیارناکەوێت، تا ئەو کاتەی دەقێکی قورئان، یان فەرموودەیەکی پێغەمبەری (د.خ)، وای لەسەر هاتبێت، کە بواری دوورخستنەوەی نەبێت لەماناکەی خۆی، بەڵام بەڵگە لاوەکی — قەرینە — کان، دەبنە بەڵگەی ئەوەی، کە ئەو دەقە، پەیوەندی بەرووداوێکی تایبەتییەوە هەبووە، کە دەبێتە بەڵگەی ئەوەی، کە بڵێی: ئەوە هۆکاری هاتنە خوارەوە (سەبەبی نزول)ی، ئەو ئایەتە، یان هۆکاری گوتن (ورود)ی، ئەو فەرموودەیەیە، لەبەر ئەو رووداوە بووە، ئەوکات دەروازەی، توێژینەوە، واڵا دەبێت، تابزانرێ، تاچەند پەیوەندی لەنێوان هۆکاری هاتنە خوارەوەی ئایەتەکە و خودی حوکمەکە چییە؟.

هەرلەمیانەی، ئەم بۆچوون و توێژینەوانەیە، کە دەبینین هەندێك لە موجتەهیدەکان، لەسەر حوکمێکی دیاریکراو، دەڵێن: ئەوە کاتێك بووە، کە (خەڵکی، تازە موسڵمان بووبوون، یان هێشتانزیك بوون لە نەفامی و شیرکەوە)[٣١]، بەمانا، ئەوکاتەی، کە خەڵکی سەردەمیان دوورکەوتەوە و بڕوا لەدڵەکاندا چەسپی و ترسی بێ بڕوایی و شیرکی گەورە، کەم بووە و دوور کەوتەوە، ئەوکات ئەو خۆپاراستن (ئیحتیات)ــە رۆڵی نامێنێت و پێویست ناکات[٣٢].



## مەرج نییە، ئەو شتەی موفتی گوتی، حوکمی خوابێت!:

**نموونەی هەشتەم:** سوننەتەکانی پێغەمبەر (د.خ)، پڕیانە لەنیشانەی زۆری وەها، کە دووربینی لایەنی رێنمایی پتەو و بەهێزدەکات، بەتایبەتی لەهەڵوێستە رامیاری و دنیاییەکاندا، ئیمامی موسلیم، بۆمانی دەگێڕێتەوە، کە پێغەمبەر (د.خ)، بە بورەیدەی گوتووە: (ئەگەر ئابڵووقەی نێشتەجێیانی قەڵایەکت دا، داوای ئەوەیان لێکردی، کە لەسەر حوکمی خوا لەگەڵت رێکبکەون، نەکەی لەسەر حوکمی خوا لەگەڵیان رێکبکەویت، چونکە تۆ نازانی، حوکمی خواکامەیە تیایاندا!، بەڵام لەسەرحوکمی خۆت و حوکمی یاوەر و هاوڕێکانت، لەگەڵیان پێکبێ و رێکبکەوە!)[٣٣]، لەم رێنمایی کردنەی پێغەمبەرەوە (د.خ)، بۆمان دەردەکەوێت کە: تاچەند دەسەڵاتێکی گەورە دەدرێتە حاکم و تاچەند ئەو دەسەڵاتەی فراوانە و دەکرێ تاچەند، لەوشتانەدا، کە ئەو بڕیاری لەسەردەدات، ئازادبێت، بەپێی پێوەرەکانی رەچاوکردنی کات و سەردەم و بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵ؟.

وەك چۆن ئەوەیشی لێ وەردەگیرێت، کە ئەوشتانەی، لە کاتی بەرفرەکردنەکانی دەسەڵاتی ئیسلامیدا (فتوحات)، لەسەردەمی خەلیفەکاندا روویانداوە، جۆرێك بوون، لەپلانی سیاسی، کە بەپێی رەچاوکردنی، بەرژەوەندیی، گەل و نەتەوەکان، ئیمام (دەوڵەت)، بڕیاری لەسەرداون، نەوەك بەشێك بووبن لەداڕشتنی حوکمی خوا، کە هەر خودی ئەم باسە، زیاتر هەڵدەگرێت و دەبێ لێوردبوونەوەی قووڵتری لەسەر بکرێت و ئیجتیهادی زۆرتر و گەڕانەوەی زیاتری دەوێت، لەگەڵ رەچاوکردنی کات و سەردەم و بۆ گونجانی هەرجەنگ و هەردەسەڵات پەخشکردنێکیاندا.

ئەگەر واقیعبینانەتر، لە کەلەپووری فیقهیی، وردبینەوە، لەگەڵ زەنگینی و چڕوپڕیشیدا و توانای زۆری لەبوارەکانی بیری یاساییدا، بابەتێکی سەرەکی وای بۆجێ نەهێشتووین، کە ببێتە جیاکەرەوە و پێوەری ئەوبنەمایانەی، چارەسەری باری ئایین دەکەن، لەگەڵ ئەوانەی چارەسەری دنیا دەکەن، واتە: لەنێوان گشتگیری و رێژەییدا (موتلەق و نیسبی).

ئەوەیشمان لەلا ڕوونە، کە ئەو کاروبارانەی ژیان، کە ملکەچی گۆڕانکارین، کاروبارێکن، کە تاقیکردنەوە و ئەزموونی مرۆڤایەتین، کە ئەوەیش سیاسەت و ئابووری و هەربوارێکی دیکە دەگرێتەوە، کە نیگا (وەحی)، چارەسەری نەکردبێت، یان فەرموودەیەکی دروستی جێگە بەهای لەسەر نەهاتبێت لەوشتانەدا، کە پەیوەندییان بەرۆژی دواییەوە نەبێت.

ئیتر لێکدانەوە و لەمانا دوورخستنەوەی سوننەتەکان، هەرچۆنێك بێت، کێشەی هەرەگەورە لەوەدایە، کەسانێك لێمان ببنە موفتی، کە بە بۆچوونی خۆیان، پشت دەبەستن بەدەق و بەزانستیی (ئیسناد)، بەلاّم بێ ئەوەی ئاگاداربن لە بارودۆخ و هۆکاری گوتنی ئەو فەرموودانە، کە چۆن هاتوون و کەی و بۆچی گوتراون، لەوانەبن کە: فیقه و ئوسولّی فیقهی ئیسلامی، بەهەموو بەشەکانیانەوە بۆیان نەبووبێتە زانستێك، کە دەستێکی بالاّیان تیایدا هەبێت، تا بتوانن جیاوازی بکەن، لەنێوان، کامە پێویست — واجب - ــەـ، یان کردن و نەکردنی یەکسان — موباح –ـە، یان لەنێوان ئەوەی پەیوەندی بەمرۆڤەوە هەیە، یان ئەوەی خوایی و ئایینییە، یاخود کەسانێك فەتوا بدەن، کە وابەستەیی بەمەزهەب و حیزبی سیاسی و بیرکردنەوەی تەسك، ڕایان بکێشێت بۆ ماناکردنی دەقەکان، بەشێوەیەکی بێ تەنگ و کورت بێن.

ئەوەی پێویستە لەسەر شانی زانایانی ئیسلامی، ڕێگەگرتنە، لەنەخوێندەوار و کالّفامەکان، تانزیك نەبنەوە لەدوانگە و میحرابی فەتوادان، ئەوفەتوایانەی، کە حەرامکردن، یان حەلاڵکردن دەگەیێنن، یان حوکمی کافربوون، یان نەفامی، یان حوکمی فاسقی، یان بیدعەچێتی دەدەن بەسەرخەڵکیدا، بەبێ ئەوەی زانستێکی تەواو، یان بەڵگەیەکیان هەبێت، یان تێبگەن لەوەی: کە (ئەوەی لەئوسولّ تێنەگات، ناتوانێ بگاتە بنەمای حوکمەکان).



## پەراوێزەکان

(١) (کتێبەکەی ئیبن عاشور ص٢٩ و التفتازانی ١٤\٢).

(٢) (جگە لەو سەرچاوانەی دانەر ئاماژەیان بۆ دەکات، بگەڕێرەوە بۆ: (مسند احمد بن حنبل، فەرموودەی ژمارە، ١٨٣٦٦ لاپەڕە ٣١٨ بەرگی ٣٠)(عمر).

(٣) (سەرجەم سەرچاوەکانی سیرە باسی ئەو هەڵوێستەی حوبابی کوڕی مونزیریان هێناوە، کە لەجەنگی بەدر، لەساڵی دووی کۆچیدا نواندوویەتی)(عمر).

(٤) (سەرجەم سەرچاوەکانی سیرە، لەباسی جەنگی ئەحزابدا، ئەو هەڵوێستانەیان، هێناوە) (عمر).

(٥) (گەرچی دانەر، ئاماژەی نەکردووە بۆ سەرچاوەکەی، بەلاّم زانیم لەخۆڕا نەیهێناوە، دواجار بەدوداچوونم لەسەرکرد و دەرکەوت، کە لەزۆر ڕێگەوە هاتووە و یەکێکیان (مسند، احمد بن حنبل، ژمارە، ١٨٤٤ لاپەڕە ٣٤٢، بەرگی ٣)، خودی ئەم وەلاّمەی ئەوئافرەتە بەڵگەیەکی گەورەیە، لەسەر ئەوەی، کە تاچەند، لەئیسلامدا، مافی تاك، دەدرێت بۆ دەربڕینی ڕای خۆی و شت بەسەردا سەپاندن نییە، بەتایبەتی، کە دەڵێ: کارم بەوەنییە!، لەلایەکی دیکەوە، بەدەستهێنانی ئازادی، گرنگترە، لەپاراستنی شیرازەی خێزان و ژن و مێردایەتی، گەر بەو شێوە بوو)(عمر).

(٦) (ئەم دەقە، ، لەسەحیحی موسلیمدا هاتووە، (مختصر صحیح مسلم، للامام المنذري، تحقیق الالباني، رقمه، ١٦٠٢، ص، ٤٢٣)(عمر).

(٧) (لەزۆر جێگەدا، ئەم دەقە هاتووە، بەتایبەت لەنێو کتێبە فیقهییەکاندا، (مسند، احمد بن حنبل، ج٢٣، ص٨، رقمه، ١٤٦٣٦)(عمر).

(٨) (ئەم دەقە، یەکێکە لەوانەی لە زۆر لایەنەوە سوودی لێکراوە و بەپێوەری زانستیی (علوم الحدیث)، گومان لەدروستێتیدا نییە و ئیمامی بوخاری لەسەحیحەکەیدا هێناوێتی: (فتح الباري شرح صحیح البخاري، رقمه، ٥٣٦٤ ج ٩، ص٦٢٨، ط، دار الفیحاء )(عمر).

(٩) (گەرچی دانەر، ئەم دەقەی بەسیغەی (تمريض) لاواز هێناوە، بەڵام لە بوخاریدا هاتووە و پشتیشی پێ بەستووە و کردوویەتییە ناونیشانی بابێکی کتێبەکەی، (مختصر صحيح البخاري، للزبيدي، رقمه، ١٣٣٠، ص، ٢٩٧، ط المكتبة العصرية، صيدا — بيروت) (عمر).

(١٠) بەدەر لە بوخاریش، زانایانی دیکە، هاوردوویانە، (مسند احمد بن حنبل، رقمه، ١٨٧١، ج، ٣، ص، ٣٦٤)(عمر).

(١١) (بەشێك لەمانای ئایەتی ٢٥٦ی سورەتی ئەلبەقەرە).

(١٢) (بەشێك لەمانای ئایەتی ٦ی سورەتی ئەلکافرون).

(١٣) (بەشێك لەمانای ئایەتی ٢٩ی سورەتی ئەلکەهف).

(١٤). (بەشێك لەمانای ئایەتی ١١٨- ١١٩ی سورەتی هود).

(١٥). (بەشێك لەمانای ئایەتی ١٣٧ی سورەتی ئەلنیسا).

(١٦) (محمد نور فرحات، الاسلام وحرية العقيدة: ملاحظات أولية، بحث منشور في المجلة العربية لحقوق الانسان، عدد خاص، ص٨٥ ).

(١٧) (تائەم بەشەی ئەم نووسینە، لەرۆژنامەی خەباتی ژمارە(٢٣٧٧)١٣\١\٢٠٠٧ لاپەڕەچواردا، بلاّوکراوەتەوە).

(١٨) (تا ئامادەکردنی ئەم نووسینەیش نەمتوانی بگەمە سەرچاوەی ئەو دەقە و هیوادارم لەداهاتوودا، بتوانم روونی بکەمەوە (عمر).

(١٩) (التفتازاني، مرجع سابق، ١٠\٢).

(٢٠) (ئەم کتێبەی، کە دانەر، ئاماژەی بۆدەکات، یەکێکە لەنووسینە نایابەکانی ئەم بوارە، گەرچی لەسەردەمی خۆیدا، رووبەڕووی زۆرێك لەرەخنەی رووخێنەری وەك (كشف موقف الغزالي من السنة وأهلها، ربيع بن هادي المدخلي) و زۆرێك لەرەخنەی پڕ لەویژدانی وەك (الشيخ سلمان بن فهد العودة، في حوار هادىء مع محمد الغزالي)، بووەوە، بەڵام، من بەپێویستی دەزانم، قوتابیانی زانست و هەوادارانی هەق و عەودالانی توێژینەوە، بگەڕێنەوە بۆ هەموویان، هەروەها پەرتووکی (وهذه مشكلاتنا، د. محمد سعيد رمضان البوطي) و پەرتووکەکانی (حتى لاتكون فتنة) و (القرآن والسلطان، فهمي هويدي)(عمر).



(٢١) (مسند احمد بن حنبل، رقمه ١١٧ ج١ ص ٢٧٠ واخرجه البخاري، برقم ١٣٩٩ و١٤٥٦ و١٤٥٧).

(٢٢) (بوخاری و (مسند احمد بن حنبل، رقمه، ١٨٧١، ج، ٣، ص، ٣٦٤).

(٢٣) (احمد شلبـي وآخرون، الاسلام بين الحقيقة والادعاء، ص ٨٥ ).

(٢٤) (مسند احمد بن حنبل، ج١ ص ٤٩١ رقمه ٤٣٧).

(٢٥) (مسند احمد، ج ٣٢، ص ٢٨٠، رقمه ١٩٥١٨).

(٢٦) (رەنگە من پڕبەپڕی ئەم رایەی نووسەرم پێوەر نەگیرێت، بەتایبەتی، کە زانیمان بۆ خۆی لەنێو شەست و ئەوەندە جۆرەکەی زانستەکانی فەرموودەناسیدا، زانستێك هەیە پێی دەگوترێت: (موارد الحديث) و (سيوطي) کتێبێکی سێ بەرگیی، باشی هەیە لەو بوارەدا، وەك چۆن زانستیی (اسباب النزول) هەیە، بۆ ئایەتەکانی قورئان، بەلاّم دەکرێ بلێین: ئەو زانستە بەشی هەمووی نەکردووە، بەلاّم خالیی نییە لەسوودی زۆر)(عمر).

(٢٧) (مسند احمد رقمه ٨٧٨٥ ج١٤ص٣٩٠).

(٢٨) (تائەم بەشەی ئەم نووسینە، لەرۆژنامەی، خەباتی ژمارە (٢٣٨٤، ٢٠\١\٢٠٠٧ لاپەڕەچواردا، بلاّوکراوەتەوە).

(٢٩) (ئەوکاتەی، پێغەمبەر (د.خ)، یارانی لەمەدینەوە هێنا و عەمرەیان کرد، لەنزیکەوە بێ برِوایان چاوەدێری ئاکارەکانیانی دەکرد و توانایانی هەڵدەسەنگاند، لەوکاتەدا، پیغەمبەر (د.خ)، فەرمانی دا بەیارەکانی، کە هەندێك ئاکاری وا نیشانبدەن، کە ببنە بەڵگەی توانایان، وەك رووت کردنی شانی راست و پەلەکردن، لەرۆیشتن لەکاتی سوڕانەوە بەدەوری کابەدا، کە پێی دەگوترێت: (رەمل)، دەکرێ خوێنەر لەم باسەدا، بگەڕێتەوە بۆ سەرچاوەکانی فەرموودە و فیقە و سیرە)(عمر).

(٣٠) (وێڕای ئەوەی، کە نووسەر سەرچاوەی ئەم بۆچوونە، دەگێڕێتەوە بۆ (أحمد كمال أبو المجد، حوار لامواجهة، الكتاب التاسع، ١٩٨٥، ص٦٥)، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوەکانی فەرموودە و زانستیی فەرموودە و ژیانی عومەر، بەتایبەتی پەرتووکی (فصل الخطاب في سيرة عمر بن الخطاب)(عمر).

(٣١) (بۆ وێنه، پێغەمبەر (د.خ)، بۆ خۆیشی فەرموودەی وای هەیە و لەکاتێکدا، کە ئەوخاوەنی دەسەلاتی یەکەمە، لەشاری مەدینە، دوای چەند ساڵ، بەعائیشە (ر)، دەفەرمووێت: ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە، کە خزمەکانت، تازەن لەگەڵ ئاییندا و زۆر نییە لەشیرك دەربازبوون!، دەستکاری کابەم دەکرد و دەمگۆڕی، بۆ ئەوشێوەی، کە کاتی خۆی ئیبراهیم (د.خ)، دروستیکردووە لەسەری و دوودەرگام بۆ دەکرد، یەکێك لەرۆژهەلاتی کابە و یەکێکیش لەرۆژئاوای، تا هەرکەس بیەوێت بچێتە ناوی بچێت، چونکە کاتی خۆی قورەیش، یەك دەرگای بەرزیان بۆکردووە، بۆئەوەی، نەیەڵن کەسێك بچێتە ناوی، کە خۆیان نەیانەوێت!، تەنانەت ئەگەرکەسێك، بیویستایە بچێتە ناوی، لێی دەگەڕان تا سەردەکەوت و دوایی پالێکیان پێوەدەنا و دەیانخستە خوارەوە) بنواڕە: **سلسلة الأحاديث الصحيحة، للألباني**، لاپەڕە، ١٠٥ژمارە ٤٣ بەرگی، ١)(عمر).

(٣٢) (أحمد كمال أبو المجد، حوار لامواجهة، الكتاب التاسع، ١٩٨٥، ص٦٥).

(٣٣) (وێڕای موسلیم، بڕوانە: (مسند أحمد بن حنبل، رقمه ٢٣٠٣٠، ج٣٨، ص١٣٦).



## (٥)

## دەروازەی یەکەم

## خوێندنەوەیەکی بابەتییانە، بۆ ئیشەکانی فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ)

## (٣-٣)

### ئەو شوێنەوار و کاردانەوانەی، لەئاکامی، فراوانکردنی پانتایی لایەنی ڕێنمایی (ئیرشادیی) دەقدا، دێنە پێش:

بەرفرەکردنی پانتایی ڕێگەپێدراو (موباح)ـەکان، کە پێیان دەگوترێت: بازنەی لێبووردەیی لەفیقهی ئیسلامیدا، یان ئەوشتانەی، کە خوا (شاریع)، لێیان بێدەنگ بووە، یان بە ڕێگەپێدراو (موباح) دایناون، یەکێکە لەهۆکارە گرنگەکانی، کە دەبێتە، ڕەخساندنی بواری نەرمیی و تازەگەرێتی، چونکە ئەوکات، ئەولایەنانەی، کە دەبنە بەرپرسی داڕشتنی یاسا (تەشریع)، سەرپشك دەبن، - لەژێر ڕۆشنایی یاسای حیکمەت و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی- لەهەلبژاردنی باشترین و ئاسانترین ڕێگە چارە، لەگەڵ پێداویستییەکانی کات و سەردەم و بارودۆخی خەلکیی و زمانی واقیع بینیدا.

ئەوەیش لای هەموو لایەکمان ڕوونە، کە مافی ئیمام (دەولەت)ـە، بەپێی پێداویستی سیاسەتی تەشریعیی، یان سیاسەتی شەرعی، کە لەکوێدا ڕێگەپێدرا و (موباح)، گرێدراو و پەیوەست و سنووردار بکات، یان بەپێویست (واجب)ی بگێڕێت، بەبێ پەیوەست بوون، بەو بنەما و گوتنانەی، کە گەورە زانا و موجتەهیدەکانی کۆن، لەسەری بوون!.

ئەم بەرفراوانکردنی پانتایی لایەنی ڕێنمایی (ئیرشادی)یەیش لەدەقدا، باس لەتێگەیشتنی ئەو دەقانەیە، کە پەیوەندییان، بەکارە دنیاییەکانەوە هەیە، نەوەك ئەو دەقانەی، کە لەبارەی شتە حەرامکراوەکانەوە هاتوون، کە هیچ بواری ڕاگۆڕینەوەیان تێدانییە، وەك حەرامکردنی سوو (ریبا).

هەربۆ روونکردنەوەیەکی زیاتری ئەم لایەنە، دیێن ئەو یاسایەی، ئوسولی فیقهی ئیسلامیی دێنین، کە دەڵێ: (بنەمای سەرجەم شتەکان، ڕێگەپێدانە (الأصل في الأشياء الإباحة))، کە ئیمامی رازی، درێژە پێدان و بەدوواداچوونێکی باشی لەسەر کردووە و دەیداتە پاڵ کۆی گشتی زانایان (جمهور) و دەفەرمووێت: (بنەمای قازانجەکان ڕێگە پێدان (ئیزن)ـە و بنەمای زیانەکانیش، ڕێگرتن (مەنع)ـە)[١]، بۆداکۆکی کردنیش لەو بۆچوونە:

١: چەند ڕێگەیەکی زانستییانە دەگرێتە بەر و پەنا بۆ چەندین ئایەت دەبات، کە بەڵگەییێتی گەیاندنیان زۆر روونن، وەك ئایەتی (پێیان بڵێ: داخۆ کێ ئەو جوانی و خۆشییانەی، خوای گەورە بۆ خەڵکی ناردووە حەرام کردووە؟)[٢].

٢: یەکێتر لەڕێگە زانستییەکان، لێکچواندن (قیاس)ـە، چونکە، ڕێگە پێدان (ئیزن) و سەرپشك کردن (ئیباحە)، جۆرە سوود لێکردنێکی تێدا هەیە، کە هەرگیز، هیچ زیانێك ناگەیێنێت بەخاوەنەکەی، وەك حەواندنەوە لەبن سێبەری درەختی خەڵکیدا.

٣: بۆگرتنە بەری ڕێگەی عەقڵیش، رازی، دووبارە دەڵێ: (لەدروستکردنی شتەکاندا، یان پەروەردگار، رەچاوی هیچ حیکمەتێکی نەکردووە، یان لەبەر حیکمەتێك دروستیکردوون، رای یەکەمیان پوچەڵ و بەتاڵە، چونکە قورئان دەفەرمووێت: (ئێمە ئاسمانەکان و زەوی و نێوانیشیانمان، بەگەمە و یاری دروست نەکردووە)[٣]، لەئایەتێکی دیکەیشدا دەفەرمووێت: (باشە ئێوە، ئەوهای لێ تێگەیشتوون، کە ئێمە، ئێوەمان بەبێ هوودە دروستکردووە؟!)[٤].

وێڕای ئەم ئایەتانەیش، ئێمە دەزانین، کە کرداری بێ حیکمەت، جۆرێکە لە گاڵتەجاڕی (عەبەس)، ئەنجامدانی کاریش بەو چەشنە شایانی خوا نییە.

خۆئەگەر لەبەر حیکمەت دروستیکردووە، دەبێ یەکێك لەدوو لایەن رەچاوکرابێت تێدا، یان لەبەر ئەوەیە کە لەئاکامیدا، سوودێك بەخۆی بگات!، یاخود سوودێك بەئێمەی مرۆڤ بگات، یەکەمیان نەگونجاو – موستەحیلە -، کەوابوو، تەنیا ئەوەمان لەبەردەمدا دەمێنێت، کە بڵێین: خوای گەورە، بۆ ئەوە دروستی کردوون، تا ئەوکەسانەی، پێویستییان



پێیەتی بەهرەمەند و سوودمەند بن لێیان، ئەوەیش سەر بۆ ئەوە دەکێشێت، کە بڵێین: کەوابوو، مەبەست لەدروستکردنەکە، بۆ سوودی خەڵکەکەیە، کە پێویستییان پێیەتی، گەر وەهایش بێت، کەوابوو، سوودگەیاندن بەخەڵکی خاوەن پێداویستی (موحتاج)، لەهەر شوێنێك بێت، ئەوە خۆی لەخۆیدا ئارمانجە.

گەر هات و ڕێگە لەو سوودگەیاندنە، گیرا، لەبەرئەوەیە، کە زیانێکی لێ دەکەوێتەوە، بۆ کەسێکی، خاوەن پێداویستی (موحتاج)، لێرەوە تێدەگەین، گەر بینیمان پەروەردگار، قەدەغەی هەندێك سوود وەرگرتنی لێکردین، تێدەگەین لەبەر ئەوەیە، کە بۆخۆی دەزانێ، لەئاکامیاندا زیان دەکەوێتەوە، ئیتر ئەو زیانە دەرحاڵ و کوتوپڕبێت، یان لەئەنجام و دواتردابێت، بەڵام لێ قەدەغەکردنەکە، هەمیشەیی و هەمەوودەمانە نییە و لەگەڵ بنەماکەدا نییە، کە باسی دەکەین، کەوابوو، هەرشت، کە سوودبەخش بێت بۆ مرۆڤ ڕێگە پێدراو – موباحە -)[٥].

دوابەدوای ئەمە، ئیمامی رازی، دەڵێ: (ئەم جۆرە بەڵگە هێنانەوەیە، کە شایانی سروش – تەبیعەت – ی فەقیە و دادوەرەکانە، گەرچی وتنی ئەم بۆچوونەیش، هەروا بە ئاسانی نییە و لەگەڵ (ئیعتیزال)دا، ئاوێتەیە و وتنی ئەوە دەخوازێ، کە ئەوکەسە ئەوڕایەیشی قەبووڵ بێت).

## هەردەم پێغەمبەر (د.خ)، حەزی بەئازادی تاك کردووە:

بۆ بەڵگەی حەزی بەزەییێتی و میهرەبانی پێغەمبەر (د.خ) بەرامبەر بەشوێنکەوتووەکانی، بەتایبەتی و بەرامبەر بەخەڵکی بەشێوەیەکی گشتی، گەلێك فەرموودەی دروستمان دەستدەکەوێت، کە بەڵگەن لەسەر ئەوەی، کە چەند حەزی بەوە کردووە، کە دەبێ ویست – ئیرادە – ی بڕوادار، بەئازادیی بمێنێتەوە، لە هەڵبژاردنەکانی لەکردن و لەئاکارەکانیدا، بەبێ گرتنەوە و بەستنەوە و کۆت – قەید – بۆ دانان، کە بەڵگەیشن لەسەرئەوەی، ئەوشتانەی نابێ – مەمنوع – ن، لەئایینداِ، تەنها ئەوشتانەن کە پیس - خەبائیس – و خراپ – شەڕ – ن و لەژێر سنووری دیاریکراو و روونکراوەی ئایەتەکانی قورئان دەرناچن و تێناپەڕێن، دەبێ ئەوەیش لەیاد

نەکەین، کە بازنەی فەرمان و قەدەغەکردن و ڕیٚ لیٚگرتن، لەمیانەی کارە پیٚویست — زەرووڕەت - ەکانی ئایینن و دەبیٚ هەمیشە بازنەی لیٚبووردن و ئاسانکاری، بەفراوانی بمیٚننەوە، وەك لەم دەقانەدا دەردەکەون، کە بەنموونە دەیانهیٚنینەوە:

١: (یەکیٚك لەگەورە تاوانەکانی بڕوادار لەنیٚو بڕواداراندا، کەسیٚکە، کە پرسیاریٚکی ئاراستەی پیٚغەمبەر کردبیٚت (د.خ) و لەئەنجامی وەڵامەکەی ئەودا، ئەوشتە لەسەر ئەوکەسە، حەرام کرابیٚت)[٦].

٢: سەلمانی فارسی (ر) بۆمان دەگیٚڕیٚتەوە، کە لەبارەی حەڵاڵ و حەرامیٚتی پەنیر و ڕۆن و پیٚستەوە، پرسیارکراوە لەپیٚغەمبەر (د.خ)، ئەویش لەوەڵامدا فەرموویەتی: (حەڵاڵ ئەوەیە، کە خوا، لەقورئانەکەیدا بەحەڵاڵی دانابیٚت و حەرامیش ئەوشتەیە، کە خوا لەقورئانەکەیدا، بەحەرامی دانابیٚت، ئەوەیش، کە لیٚی بیٚدەنگ بووە، ئەوە، ئەو شتانەن کە لیٚبوردەیە لیٚیان و چاوپۆشەکی دەکا لەئاستیان)[٧].

٣: (ئەوەی خوای گەورە لەقورئاندا حەڵاڵی کردبیٚت حەڵاڵە و ئەوەی حەرامی کردبیٚت تیایدا، حەرامە، ئەوەیش، کە لیٚی بیٚدەنگ بووبیٚت لیٚبوردن و چاوپۆشییە، دەئیتر ئیٚوەیش ئەو چاوپۆشی و لیٚبوردنەی خوا وەرگرن، چونکە خوا لەوانە نییە، کە شتی لەبیر بچیٚت)[٨]، پاشان پیٚغەمبەر (د.خ)، ئەم ئایەتەی خویٚندەوە: (خواکەی تۆ، لەوانە نییە، کە شتی لەبیر بچیٚتەوە)[٩].

٤: (خوای گەورە، کۆمەڵیٚك شتی لەسەر بەپیٚویست گیٚڕاون، ئیٚوە لەدەستیان مەدەن، کۆمەڵە سنووریٚکیشی بۆداناون، مەیانبەزیٚنن، کۆمەڵە شتیٚکیشی لیٚ حەرامکردوون، بەفیڕۆیان مەدەن، لەمیهرەبانی خۆیشیەوە لەهەندیٚ شتیش بیٚدەنگ بووە، نەك لەبیری چووبیٚت، ئیٚوەش لەدوویان ویٚڵ مەبن)[١٠].

بەوردبوونەوەی دووربینانە، بۆمان دەردەکەویٚت، کە سەرجەم، ئەم فەرموودانەی، مکوڕی دەکەن لەسەر لایەنی، چاوپۆشەکی ئیسلام، کۆمەڵە دەقیٚکن، کە ڕۆشنایی و وەرگرتنەکانیان لەژیٚر تیشك و ڕۆشنایی چەند ئایەتیٚکدا جیٚگەیان دەبیٚتەوە، وەك ئایەتی:



أ: (ئەمڕۆ خوای گەورە، شتە پاکەکانی بۆ حەڵاڵکردوون)[١١].

ب: (خوای ئیٚوە، ئەو خوایەیە، کە هەموو شتەکانی نیٚو زەوی بۆحەڵاڵکردوون)[١٢].

ج: (پیٚیان بڵیٚ: لەنیٚو ئەو نیگایەدا، کە بۆ من هاتووە، لەو خواردنانەی کەسیٚك بیەویٚت بیان خوات، من ئەوە بەدیناکەم، کە لەسەرتان حەرامکرابیٚت، بەدەر لەوە نەبیٚت، کە گۆشتی مردارەوەبوو حەرامە و خویٚنی مەبیو و گۆشتی بەراز، حەرامن، چونکە پیسن، یاخود گۆشتیٚك، کە بۆ تاوان سەربڕیٚنرابیٚت و ناوی کەسیٚکی دیکەی بەدەر لەناوی خوای لەسەر هیٚنرابیٚت، لەگەڵ ئەوەیشدا، گەرهات و کەسیٚك، زۆری بۆ هات و ناچاربوو و سنووری پیٚویستی نەدەبەزاند، ئەوە خوای گەورە لیٚبوردە و بەبەزەیی و میهرەبانە)[١٣].

ئەوەیش روونە، کە ئەم ئایەتانە، زۆر بەڕاشکاوی و سەریح ئەوە دەگەییٚنن، کە بنەمای گشتی و سەرەکی لەئیسلامدا، ڕیٚگەپیٚدان و چاوپۆشەکی — ئیباحە — یە، ئەوەی جیادەکریٚتەوە، وەلاخستن و جیاکراوە — ئیستیسنا - ، قەدەغەکردن و حەرامکردنە، هەربۆیەکە هەرحەرامکردنیٚك، پیٚویستیی تەواوی بەوە هەیە، کە دەقی ڕاستەوخۆی، لەبارەوە گوترابیٚت و بەبیٚ ئەو ناچەسپیٚت، ئیمامی شافیعی، ڕاستی فەرمووە، کە دەڵیٚ: (حەڵاڵ هەرشتیٚکە، بەڵگەیەك لەسەر حەرامیٚتییەکەی نەبیسترابیٚت)[١٤].

وەك چۆن هەندیٚ لە هاوچەرخانیشمان، ڕاستیان گوتووە، کە دەڵیٚن: (ئەو ئایینی ئیسلامەی لەڕیٚگەی نیگاوە تیٚیدەگەین، بازنەی ڕیٚگەپیٚدراوەکان فراوان و بازنەی حەرامەکان تەسك دەکاتەوە!، وەك چۆن پانتایی و ئاسۆی ڕیٚزگرتن لەعەقڵ و ئازادکردنی تاکەکانیش، بەرفرە دەکات، بەبیٚ ئەوەی، گەورەیی و گەرم وگوڕی و تامی بڕواداریش، کەمبکاتەوە، بەڵام، ئەو ئیسلامەی لەڕیٚگەی بیردۆزە فیقهییە رووتەکانەوە فیٚری دەبین، بازنەی ڕیٚگە پیٚدراوەکان تەسکدەکات و ترس لە پیٚشکەوتن و عەقڵ و شارستانییەت زیاد دەکات)[١٥].

## جیاکردنەوەی دەقەکانی فەرموودە:

زانایانی ئوسوڵی فیقهی ئیسلامی، لەم بوارەدا درێژەپێدان و روونکردنەوەی زۆریان کردووە و لە نێوان دەقەکانی فەرموودە و ئاکارەکانی پێغەمبەردا (د.خ)، **جیاکردنەوەیەکی** زۆر دەکەن و بەچەندین شێوە دابەشیان کردوون و دەڵێن: (هەندێکیان بریتی بوون لە:

١: هەندێك بۆچوونی تایبەتی نێو ناخی و هەڵسوکەوتی مرۆڤانەی، ئەم جۆرەیش (موباح)ن.

٢: هەندێکی دیکەشیان پەیوەندی بەشێوازی دروستکردنیەوە بووە، وەك مرۆڤ، ئەویش وەك خواردن و خواردنەوە و ئەم جۆرەیش، بەلای کۆی زانایان (جەمهور)ـەوە، موباحن.

٣: هەندێکی دیکەیشیان، لەوانەن کە وا زانراوە، تایبەتن بەپێغەمبەرەوە (د.خ)، بەلاّم لەمەیشدا، درێژەپێدان هەیە، لەسەر تێگەیشتن لێیان و بەپێی جۆری تایبەتمەندییەکان)[١٦].

بەلاّم ئەگەر جۆرە دەقێك هەبێت و نەزانرێ، تایبەتمەندیی ئەو بووە، یان نا؟، ئەوە لەو جۆرانەیە، کە بەپێی فەقیهەکان، رای جیاواز هەیە لەهەقیاندا، ئیمامی رازیی لەهەقیاندا لەکتێبی (ئەلمەحصول)دا، دەڵێ: (مالیك لای وایە، کە ئەوجۆرانە بۆ ئیباحەن)[١٧].

ئەو زانایانەیش، کە ڕایان وایە ئەوجۆرە فەرموودانە بۆ ئیباحەن، دەڵێن: چونکە، ئێمە بەڵگەی وامان بەدەستەوە هەیە، کە ئەوە دەگەیێنێت، چونکە هەرگیز نابێ لەپێغەمبەرەوە (د.خ)، وتە، یان کردارێك روویدابێت و گوناە بێت!، چونکە ئەو لەگوناە پارێزراو (مەعسوم)ـە، کەوابوو، دەبێ ئەوکردارانەی پێغەمبەر (د.خ)، یان موباح، یان مەندووب، یان پێویست – واجب – بن، ئەم سێ بەشەیش، هاوشێوە و تێکەڵن، لەوەدا، کە گرانی و قورسیی لەسەر خەڵك لادەبەن، بەلاّم وەپێش خستنی ئاکارێکی، پێغەمبەر (د.خ)، بەسەر ئاکارێکی دیکەیدا نییە، کەوابوو موباحن، هەر بۆیەکە، پێویستە بەدیاریانەوە رابوێستین و لێیان نەبوورێنین، بۆشتێك، کە متمانە و یەقینمان پێی نەبێت، ئیتر زانایانی ئوسوڵی فیقهی ئیسلامی، زۆر ڕای لێکجودایان هەیە و خواگیانیش هەریەکە، بەئاستێکدا دەبات.



## ڕێبازی بەرەو نەرمی و بەرفرەیی چوون:

ڕێتمی گشتی، لە قوتابخانە لێکجوداکانی ئیسلامدا، بەرەو بەرفرەیی کردن چوونە، لەنێو بازنەی موباحەکاندا، بۆ ئەوەی بڕوادار بتوانێت لەهەموو چاخ و سەردەم و بۆ هەر نەوەیەك، بیر و هزر و حیکمەتیان، بەهەموو شێوازێك بەگەڕ بخەن، تابۆیان دەربکەوێت، چی بۆ ژیانیان باشە؟، ئەمە ئەوەیە، کە لەم دەروازەیەدا، ئێمە کردوومانەتە ئارمانج و لەبەردەم خۆمانمان داناوە و تایبەتمان کردووە بۆ کاریگەری سیفەتی ڕێنمایی لەفەرموودەدا، کە تایبەت بێت بەسیاسەت و هەڵسوکەوتەوە، لەمەولا دەبینین ئەمەیشە، کە لەگەڵ مرۆڤایەتی پێغەمبەردا (د.خ)، دەگونجێ، کە خوا ڕێنمایی دەکات، باس لەمرۆڤێتی خۆی بکات و دەفەرموێت: (من مرۆڤێکم و نیگای خواییم بۆ دێت، بزانن خواکەتان تەنها یەك خوایە)[١٨].

لەپێغەمبەرەوە هاتووە (د.خ)، کە فەرموویەتی: (من مرۆڤێکم شتم لەبیر دەچێتەوە، وەك ئێوە لەبیرتان دەچێتەوە)[١٩].

لێرەوە دەزانین، کە یارەکانی پێغەمبەر (د.خ)، بوارێکی باشیان لەبەردەمدا، رەخسابوو، تا ڕاوێژی پێبکەن و ئاڵوگۆڕی را و بیر و بۆچوون و دانووساندنی لەتەکدا بکەن، وەك لەرووداوی پەیماننامەی ئاشتەوایی حودەیبییە، دەردەکەوێت، خۆئەگەر بوایە و باوەڕیان وەها بوایە، کە هەرشت، لەپێغەمبەرەوە هاتبێت (د.خ)، نیگا بووە، ئاوایان نەدەکرد، یەکسەر وەریاندەگرت و کۆیان دەکردەوە.

گەربێ و راست بێت، کە بنەمای ئەمە، ئەوە بێت، ئیباحەیە و حوکمی ئەو شتانەی، کە لێی بێدەنگ بوون، لێبوردەییە، بنەمای فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ)، لەئاکارە دنیاییەکانیدا، ئامۆژگارییە، نەوەك بەسەردا سەپاندن، ئەوە ئاسانە لەهەر سەردەمێکدا لەبەردەم هەر فیقەزانێکدا، کە بتوانن تازەی بکەنەوە بەشێوازێك، کە بگونجێت لەگەڵ هەر سەردەمێکدا و بەپێی بەرژەوەندی خەڵکی و بەپێی پێوەری سەردەمانی خۆیان، نەخاسمە، لایەنی سیاسی، کە بەزۆری بێدەنگ بوون هەیە لەسەریان، واتە لایەنی لێبووردەیی، هەر ئەوەیشە کە لەشوێنی خۆیدا، لەمەولا درێژەی پێدەدەین.

ئەوەی بەدەستمان هێنا لە ڕێنماییەکانی پێغەمبەر (د.خ)، لەو لایەنەوە، کە مرۆڤە و دەڵێ: من یەکێکی وەکو ئێوەم، لایەنێکە لەگەورەیی مەحەممەد (د.خ)، ئەو مرۆڤە تەواوەی، کە مرۆڤایەتی تێدا بەرجەستەبووە، مرۆڤێکە، کە مرۆڤایەتی بەهۆی ئەوەوە، گەیشتە هەرە چڵەپۆپەی خۆی و وێنەیەکی لەهەمموو وێنەیەك شایان و جوانتری، نیشاندا.

ئەوەی ڕاستی بێت، ئەوەیە، کە ئەوەی پێغەمبەران (د.خ)، پێی هەستاون زۆر گەورەترە، لەوەی، کە کورت بکرێنەوە، بەتەنیا لە باسەکانی ئاسماندا، بەڵکو ئەو چڵەپۆپەی مرۆڤایەتییەی، لەمرۆڤ دەخوازرێت، کە نموونەی تەواوی مرۆڤایەتی بێت، لەواندا بەرجەستەبووە.

ئەم هەموو ڕاستییانە، لەپێغەمبەردا (د.خ)، بەرجەستە بووبوون، هەر بۆیەکە، خوای گەورە، کردبوویە، کەسایەتی نموونەیی، بۆ هەرکەسێك بیەوێت عەقڵ بگرێت و بەدڵ وردبیێتەوە. بەشێوەیەك خوای گەورە دەرسی پێغەمبەری (د.خ) دابوو، تا ئەو ئەندازەی شایانی ئەوەبێت کە پێی بڵێت: (بەڕاستی تۆ لەسەر و لەژوور ڕەوشتگەلێکی زۆرگەورەوەیت)[٢٠].

هەندێك لەوانەی، کە بڕوایان بەئایدلۆژیای ئیسلامیش نییە، گوتوویانە: (مەحەمەد (د.خ)، لەکاتێکدا، هاتە ژێر خۆری مێژووەوە، کە ئەوەی بۆ ئەو لواوە، هەرگیز بۆ پێغەمبەرێکی دیکە نەڕەخساوە)[٢١].

ئەوە بەسە، کە ئەو قورئانەی بۆ ئەو هاتبوو، کە تا ئەمڕۆ پارێزراوە و باشترین پەرتووکە بۆمرۆڤ و باشترین بەڵگەیە لەسەر ڕاستێتی پێغەمبەر (د.خ)، کە من پێموایە، لێکدانەوەی ڕێنمایی پێغەمبەر (د.خ)، لەوشتانەدا، کە پەیوەندی بەئاکاری ڕۆژانەوە هەبووە، ڕێنمایی بوون، ئەوەیە، کە قورئان پێیدا دەڵێ و دەفەرمووێت: (زۆر مکوڕە لەسەر بەرژەوەندییەکانتان و داکۆکیتان لێدەکات و بەبەزەیی و میهرەبانە، بەرامبەربڕواداران[٢٢])[٢٣].



## پەراوێزەکان

(١) (الرازی، مرجع سابق، ٦\٩٧).
(٢) (بەشێك لەمانای ئایەتی ٣٢ سورەتی ئەلئەعراف).
(٣) (بەشێك لەمانای ئایەتی ٣٨ سورەتی ئەلدوخان).
(٤) (بەشێك لەمانای ئایەتی ١١٥ سورەتی ئەلموئمینون).
(٥) (الرازی، مرجع سابق، ٦\١٠٥).
(٦) (فتح الباري، شرح صحيح البخاري، ج١٣، ص ٣٢٤، رقمه ٧٣٨٩ ).
(٧)(سنن الترمذي، رقمه ١٧٢٦، ص ٤٩٤، ط دار احياء التراث العربي).
(٨) (ئیبن وحەجەر، ئەم دەقە دەهێنێ و دەیداتە پاڵ بەزار (فتح الباري، شرح صحيح البخاري، ج ١٣، ص ٣٢٤).
(٩) (بەشێك لەمانای ئایەتی ٦٤ سورەتی مەریەم).
(١٠) (ئیبن وحەجەر ئەم دەقە دەهێنێ و دەیداتە پاڵ دارەقوتنی ( فتح الباري، شرح صحيح البخاري، ج١٣، ص٣٢٤).
(١١) (بەشێك لەمانای ئایەتی ٥ سورەتی ئەلمائیدە).
(١٢) (بەشێك لەمانای ئایەتی ٢٩ سورەتی ئەلبەقەرە).
(١٣) (بەشێك لەمانای ئایەتی ١٤٥ سورەتی ئەلئەنعام).
(١٤) (محمد یاسین، شرح الفوائد البهية، في نظم القواعد الفقهية، في الاشباه والنظائر على مذهب الشافعية، عمان: دار البشير، د.ت، ١\٢٠٨).
(١٥) (عبد الجواد یاسین، السلطة في الاسلام، الدار البيضاء: المركز الثقافي العربي، ١٩٩٨ص٩).

(١٦) (الشوكاني، إرشاد الفحول إلى تحقيق الحق من علم الأصول، تحقيق: محمد صبحي بن حسن حلاق، بيروت: دار ابن كثير، ٢٠٠٠، ص ١٥٧).

(١٧) (الرازي، مرجع سابق، ٤\٢٣٠).

(١٨) (بەشێك لەمانای ئایەتی ١٨ی سورەتی ئەلکەهف).

(١٩) (بوخاري و موسليم).

(٢٠) (بەشێك لەمانای ئایەتی ٤ی سورەتی ئەلقەلەم).

(٢١) (البصيرة الاسلامية، مرجع سابق، ص ٤٥).

(٢٢) ( بەشێك لەمانای ئایەتی ١٢٨ی سورەتی ئەلبەرائە).

(٢٣) (تائەم بەشە لەرۆژنامەی (خەباتی ژمارە (٢٣٩٨)٢٠٠٧\٢\٣ لاپەڕە چواردا، بلاۆكراوەتەوە).



## (٦)

## دەروازەی دووەم

## تێگەیشتن لەمانای دووری دەقەکان و مانای داڕشتنەکان

مەبەستی ئێمە لەم باسەماندا، ئەوبڕگە یاساییە نییە، کە لە بەندی سێ لەگۆڤاری (الأحكام العدلية)دا، هاتووە و دەڵێ: (لەدامەزراندنی گرێبەستەکاندا، گرنگ و مەبەست ماناکانە، نەوەك گرنگی لەخودی وشەی گرێبەستەکاندابێت)، مەبەستیشمان بەوبەندە یاساییە نییە، کە لەدوو توێی کتێبە فیقهییەکاندا هاتووە و دەڵێ: (ئاکارەکان بەپێی مەبەستەکانیان رەفتاریان لەگەڵ دەکرێت و هەڵدەسەنگێندرێن).

ئەودوو بڕگە یاسایی و فیقهییە، چارەسەری ئاریشە و رووبەڕوو بوونەوەی، دوو خواست (ئیرادە)ی دیوی دەرەوە و ناوەوە دەکەن، وەك چۆن، زیاتر ئەوەیش دەچەسپێنن، کە راستیی نیاز (نییەت)، بایەخی پێدەدرێت و داڕشتنی وشەکان، چاوپۆشییان لێدەکرێت، مەبەستیش ئەوە نییە، کە ماناگەیاندنی وشەکان، فەرامۆش بکرێت، بەڵکو مەبەست تیایاندا، ئەو ئاڕمانج و مانایانەیە، کە لەرستە و داڕشتنەکاندا هەڵدەهێنجرێن و لەوانەوە هەڵدەقوڵێن و لێیانەوە سەرچاوە وەردەگرن، یان ئەو بەڵگەبابەتی و نیشانە ماددییانەی، دەیانگەیێنن.

ئێمە وادەزانین: کە تێگەیشتن (فیقە)، لەداڕشتنەکان، ئەو تێگەیشتن (فیقە)ـەیە، کە لەنێو بازنە و دووتوێی وشە و مانای دەقەکاندا، کورت دەکرێتەوە، کە بەپێی زمانەوانی و مەنتیق و ئوسوڵ دەیانگەیێنن، بەبێ پەیوەست کردنیان بەواقیع و بەحیکمەتەوە، بەڵام تێگەیشتن (فیقە)ی ماناکان، ئەوتێگەیشتن (فیقە)ـەیە، کە لەنێوەندی تێگەیشتن لەواقیع و لەرۆحی شەریعەت و مانادوورەکانی دەقەوە سەرچاوەدەگرێت و لێیەوە هەڵدەقوڵێت.

لەنێو ئەم واقیعەدا، ئەوحیکمەتەگشتییەی، کە دەق، یان تەشریعی گشتگیر، دەیەوێت پیی بگات، فیقهێکە، کە بەر لەهەمووشت، بە دەستنیشانکردنی واقیع و پێشکەشکردنی چارەسەرەکان، دەستپێدەکات و لەمەبەستەکانی تەشریع و مەبەستەکانی دەق، چارەسەری واقیعی فیقهی دەکات، ئەگەر فیقهی وشەکان، کردار و زانستێکی پیشەیی بێت، فیقهی ماناکان، کارێکی زانستیی گەورەیە و رۆحی تەشریع لەواقیع نزیك دەخاتەوە.

ئەمە، مانای ئەوە نییە، کە فیقهی وشەکاری و داڕشتنەکان، کە لەڕێگەی نیگا (وحی)، یان داڕشتنی مرۆڤەوە، بۆ رووداوێکی تایبەتی هاتبێت، فەرامۆش بکەین، بەڵکو، فیقهی وشەکاری و داڕشتنەکان، دەکەینە بنەمای دەقە یاساییە تازەکان، چونکە هەر ئەمە، گونجاوترین و لەبارترین شتن بۆ چارەسەری ئەو حاڵەتەی، کە دەقەکەی لەبارەوە هاتووە.

ئەوکاتەی هەلومەرج و بارودۆخی دەق، دەگۆڕێت و ئەو زروفەی تایبەت بووە بۆ دەقەکە، وەك خۆی نامێنێتەوە و کۆمەڵێك شتی دیکە، دێنە پێش و تازەگەری روودەدات، هەر بۆیە، ئەوکات زۆر زەحمەت و ئەستەمە، بەبێگەڕانەوە بۆ فیقە و تێگەیشتن لەماناکان، فیقهی دەق و داڕشتنەکان بتوانێ فریای ئیشەکان بکەوێت و وەڵامی ئەو ڕووداوە تازانەی پێبێت، هەر ئەمەیشە، کە ئەو تەفسیر و مانا و لێکدانەوە لێکجودایانە روون دەکاتەوە، کە لەسەردەمی گەشەسەندن و سەردەمی زێڕینی ئیجتیهاددا هاتبوون.

ئەوەیش روونە، کە قوتابخانە و مەزهەبە لێکجودا بایەخ پێکراو و جێگە متمانەکان، لە ئیجتیهادەکانیاندا، توخم (عونصر)ی وشەکاری و رواڵەت پەروەری و بایەخ بەداڕشتن، زۆر زاڵبوو بەسەر ناوەڕۆك و ماناکان لەلایان، بەواتایەکی دیکە: فیقهی دەق، زاڵبوو بەسەر فیقە و تێگەیشتنی مانا و ناوەڕۆك و دووربینی لەدەقەکان، بەپێی چەندین پلە و شێواز و بۆگونجان و تێگەیشتن!، بۆ ئەوەی زیاتر ڕوونی بکەینەوە، کە تاچەند، زۆر لەخۆکردن هەبووە لەنێوگۆڕانکاری شێوازی تێگەیشتندا، چەند نموونەیەك بەبەڵگە دەهێنینەوە:



کاتی خۆی، لەنێو هەوادارانی دوو مەزهەبەی حەنەفی و شافیعیدا، کێشە و کێبڕکێیەکی زۆر، هەبووە لەسەر ئەوەی، کە ئایا: کەسێك توانای ماڵیی هەبێت، کە ئافرەتی ئازاد (حور) بهێنێت، بۆی رەوایە، کەنیزەك بهێنێ، یان نا؟.

هۆکاری ئەم لێکجوداییەی را و بۆچوونیشیان لە تێگەیشتنی بابەتێکی ئوسوڵیدا سەری هەڵداوە[١]، کە لەدووتوێی ئایەتێکی قورئاندا هاتووە و وای لێتێدەگەن، کە دەفەرمووێت: (گەرهات و کەسێك نەیتوانی ئافرەتێکی پاکداوێنی ئازادی بڕوادار بهێنێت، بۆی هەیە کەنیزەکی بڕوادار بهێنێت)[٢]، ئیمامی شافیعی، لەلێکدانەوەی ئایەتەکەدا، دەڵێ: مانای ئەوەیە، گرێبەستی هاوسەرگیری، لەنێوان هیچ پیاو و ژنێك، دانامەزرێت، کە پیاوەکە، ماڵدار بێت و بتوانێ ئافرەتی ئازاد بهێنێت، هاوکات پەنابەرێت بۆ هێنانی، کەنیزەك، چونکە مەرجی دروستێتی، هێنانی کەنیزەك ئەوەیە، کە نەتوانێ ئافرەتێکی ئازاد بهێنێت، چونکە مەرجییەت لەنێو دەقەکەدا، ئەوەی لێوە دەبینرێت و لێوەی وەردەگیرێت، بەلاّم ئەبوحەنیفە، بەلایەوە وایە، کە ئەو گرێبەستە ئاساییە و دادەمەزرێت و دروستە، چونکە بەلای ئەوەوە، هەرخودی جۆری لێکدانەوەی مەرج (شەرت)ـە کە، ئیعتیباری بۆ ناکرێت، لەوەش گرنگتر دەڵێ: ئەگەر مەرجەکە، نەهاتە جێ، ئیتر ئەوکات، ئێمە لەبەردەم واقیعێکدا، دەمێنینەوە، کە نەبوونی حوکمێکی شەرعییە، نەك لەبەردەم حوکمێکی شەرعی، نەرێیی (سلبی) نێگەتیڤدا بین، کە مادام ئێمە، لەبەردەم ئەم واقیع و ئەم حاڵەتەداین، ئەبوحەنیفە دەڵێ: دەبێ بگەڕێین و وێڵ بین لەدووی دەقێکی دیکە، بۆ ئەوەی حوکمی ئەم حاڵەتە بزانین، ئەوکات واتە: (حاڵەتی دەست رۆیشتن و حەزی پێکهێنانی پرۆسەکە)، حوکمەکە، ئەوەیە، کە ئەو پرۆسەیە دادەمەزرێت و ئیدی تەواو، چونکە گشتگیری، لەدەقێکی دیکەدا دەیگرێتەوە، کە دەفەرمووێت: (هەمووشتێکی بەدەر لەحەرامکراوەکانتان بۆ حەلاڵ کراوە)[٣]، کە وشەکە گشتگیرە و بواری دیکەی تێدانییە، حاڵەتی هەژار و زەنگینی بەدەستەلاّتیش دەگرێتەوە، کە بچێت کەنیزەك بێنێت، بەلاّم شافیعی، تێگەیشتن لەمەرجێتییەکە، ئیعتیبار دەکات و ئەویش لەزمانی نەتەوەکەی خۆی شارەزاتر بووە و بەلای وایە، - وەك پێشتر

گوتمان — ئایەتەکە، تایبەتیەتی تێداهەیە و (تخصیص) دەکرێت و گشتگیری دەقەکە، وەك خۆی نەماوەتەوە و تایبەت کردن رووی تێکردووە.

ئیتر کێبڕکێی ئەم بوارە و بایەخدانی، لەسنوور دەرچوویان بە وشەکاری و روالەت پارێزی و داڕشتنەکان، دەگاتە ئەندازەیەك، کە لەو بڕوایەدام، عەرەبەکان، کە خۆیان لەبن و بنچینەی، عەرەبییش بوون و ئەم زانستەیان نەخوێندووە، بەوشێوە لێی تێناگەن.

## کێبڕکێ لەسەر تێگەیشتن لە داڕشتنەکان:

بەم شێوە لەم دوو مەزهەبەدا، چەندین بابەت و مەسەلەی فیقهی هاتوونەتە پێش و هەمووی گەڕاونەتەوە بۆ ئەم جیاوازییانەی تێگەیشتن و بایەخدان، بەمانای مەرج (شەرت) و بایەخ پێنەدانی، کە روونکردنەوەی تەواوی ئەم بابەتە لەشوێنی خۆیدا هاتووە)[٤]، لەدەرەنجامی فیقهی روالەتکاری و وشە پەروەری و داڕشتن ئامێزیدا، کەلەپوروی فیقهیمان، پڕیەتی لەنموونەی جێگەی سەرنج و جێگەی پرسیار، کە بەگازندەوە دەڵێین: گەربوایە و ئەو فەقیهانە، روانینی فراوانی ئیسلامیان، لەبەردەم خۆیان دانابایە و بیان زانیبایە، کە بۆئەوە هاتووە، مرۆڤ لەکوێیلەیەتی رزگاربکات و یەکسانی بخاتە نێوان تاکەکانی کۆمەڵەوە و دیاردەی جیاوازی کردن لەنێوان ئافرەت و پیاودا نەهێڵێت، ئەوکات فیقهێکی دیکەیان دەبوو.

لەگەڵ مان بۆهەرخاوەن زانستێکی شەرعیی، یان یاسایی بۆ ئەو هەموو ماندووبوونەی ئەو فەقیهانەمان لەکۆندا، کە ئەوکەلەپوورە زۆر و گەورەیەیان بۆ جێ هێشتووین، ئەو هەموو گۆڕانکاری و پێشکەوتنانەی، کە ئەمڕۆ مرۆڤ بەخۆیەوە دەبینێت، لەڕووی سیاسی و ئابووری و زانستیی، کە بوونەتە هۆی هەڵگەڕانەوە و گۆڕانی پێوەرە کۆنەکان و ئەو هەموو گۆڕانکارییانەی، کە لەڕووی پەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەکی و نێونەتەوەییەکانەوە، هاتوونەپێش، وێڕای حیکمەتی داڕشتنی فیقهی ئیسلامی و داڕشتنی شەریعەت و فەلسەفەی رۆحیی، ئەوە دەخوازێت، فیقهێکی تازە بێتەکایەوە، کە پشت بەو هەموو لایەنە پڕ لەبەزەییانە ببەستێت، نەك بەپەنابردنە بەرمیکانیزم و زانستەکانی زمانەوانی و بەس، کە بەزۆریی



ناگەڕێنەوە بۆ بنەما مرۆڤایەتییەکان و گوێ گرتن لەخەمەکانی تاك، بەڵکو بەپشت بەستن، بە پێوەرەکانی مرۆڤایەتی و ئاکار و قییەمە رۆحی و ئیماندارییەکان. لەمەولا گەربێت و ئێمە وانەکەین، کە لەگەڵ فیقهی روالەت و داڕشتنەکاندا، لایەنی فیقهی مانا، پێش بخەین، تووشی دەیان کێشە و رووبەڕوو بوونەوە دێین.

## متمانە کەمبوونەوە بەفیقهی داڕشتن:

بەرلەوەی، بچینە نێو بەراوردکاریی، لەنێوان چەندین بیرۆکەی شەرعی و یاسایی هاوشێوە، پێویستە ئاماژە بکەین بۆ ئەو ناڕێکی و ناحاڵێتییەی، کە لەنێوان ئەو دوو چەمکەدا هەیە (فقه المعاني وفقه المباني)، کە وای کردووە، هەندێك لە ئوسولییەکان، متمانەیان نەماوە بە بەبەڵگە لەفزییەکان، ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین: فیقهی روالەت و وشەکاری و داڕشتنەکان، کە هەموومان دەزانین، شەریعەت پێکهاتووە لەکۆمەڵێك رستەی سوودبەخش، کە هەرخودی وتەکان، بنەما و پێکهێنەری دەقن، کە ماناکان تیایاندا بەرجەستەدەبن و دواتر پاڵپێوەنەر و هاندەر دەبن بۆ جوانترین تەعبیردانەوە، کە ئەو تەعبیردانەوانەیش، بۆخۆیان خاڵی نین لەکۆمەڵێك ئامرازی جوان و مەجازکاری، بگرە هەرخودی ئەو تەعبیردانەوانە دەبنەکۆمەڵێك راستیی.

لێرەوە دەبینین هەندێك لەزانایان کێشەیەکی دیکە و بابەتێکی تریان وروژاندووە، ئەویش باسکردنە لەروونێتی (وضوح)، لە بەڵگەکاندا، زۆر بەئازادی و رەهایی و بوێرانە تاوتوێیان کردووە و دەڵێن: ئایا ئەو وشانە، کە دەکرێنە بەڵگە، قەتعییەت دەگەیێنن یان نا؟، کە ئیمامی رازی زۆر بەوردی، دەچێتە نێو ئەم تاوتوێ و توێژینەوە زانستییە و دەڵێ: (ئاگاداربە هیچ رێگەیەك نییە بمانگەیێنێتە ئەوەی، کە سوودی یەقین بکەین لەو بەڵگە لەفزییانە، بەوە نەبێت کە کۆمەڵێك، بەڵگەی لاوەکی (قەرائین)ی وەها هەبن، کە متمانە و یەقینییەتەکان بگەیێنن، جائیتر ئەو قەرینانە بینراوبن، یاخود بەڕێگەی تەواتور[٦]، پێمان گەیشتبن، هۆکاری ئەم جیاکردنەوە و بیرەیش، لەوەوە سەرهەڵدێنێت، کە بەبەڵگەیێتی کردنی وشەکان، دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك پێشەکی (موقەدیمات)، کە خۆیان قەتعی نین!، چونکە ئەوانە، پشت بە

زمانەوانی، دەبەستن و بەچوونە نێو قووڵاییی بابەتەکانی، لەوەدا، کە ئایا فلان وشە، هاوبەشییەت (ئیشتیراك)، دەگەیێنێت، یان نا؟، یاخود کام وشەیە، هەڵوەشێنراو، حوکم پێنەکراو (مەنسوخ)ـە و کامە لەبەری ماوە، وەك خۆی مابێتەوە و کامە گشتگیر (عموم)یەتی ماوە و کامەیان تایبەت (تخصیص)، کراوەتەوە، کامەیان بەرلەکامیان هاتووە؟، کامەیان لەگەڵ عەقڵدا یەکدەگرێت و کامەیان رووبەڕووی دەبێتەوە[7].

راستییەکەی بەلای ئێمەوە ئەوەیە، کە ئەو بێمتمانەیی بوونەی هەندێك لەئوسوڵییەکانی قوتابخانەی (کەلام)، بەهەندێك لەوتە و داڕشتنەکان، رەنگدانەوەی، هەڵوێستێکی زانستییانەی، وەرگیراو و مەقبوول نین!، چونکە هەرکات لەڕێگەی وشە و داڕشتنە روونەکانەوە، شتێك چەسپی، ئەوکات گەیشتن بەماناکانیشیان زەحمەت نییە و ئاسانە، باشە کەس هەیە بڵێ: گومانم هەیە لەومانای، کە لەم ئایەتەوە وەردەگیرێت، کە دەفەرموێت: (لەدوای مردنی خێزانەکانتان، نیوەی میراتیانتان، بەردەکەوێت)[8]، بەڵام لەگەڵ ئەوەی، کە زمان و قسەکردن گەورەترین بەخششی خوایی و باشترین هۆکاری شارستانییە، کە مرۆڤ دایهێنابێت، - گەربڵێین: جیاوازییەکانیش، بۆ خۆیان بەشێك نەبن لە بەخششەکە — لەگەڵ ئەوەیشدا، هێشتا لەخودی قسەکردندا، هەندێك تێنەگەیشتن و لێکحاڵی نەبوون و گومان و نادیاریتی هەیە، کە بەدوواداچوونەوە و بەراوردکاری پێویستە بۆ تێگەیشتن لەیەکتر، داخۆ ئەو کەسەی، وتەکان دەبێژێت، مەرامی چییە پێیان و پێویستی بەزانینی دەوروبەر و چەندین قەرینە دەبێت تابزانین چۆن و بۆچی و بەچ مەرامێك گوتراون؟.

زانایانی پسپۆڕ لەبواری زانستی ئوسوڵی فیقهی ئیسلامیدا، کە پانتاییەکی زیادیان داوە بەبابەتی بازنەی ئیحتیمالەکان، لەگەیاندنی بەڵگەییێتیدا و زۆرتر قووڵیان کردووەتەوە، لە نادیارییەتە ئاساییەکەی، هەندێك لە وشەکانیشیان بووراندووە، کە دەبینین، بۆچوون و ئیحتیمالی وادەڵێن، تا ئەندازەیەك، دووریتییان لێ دیارە.

لەنێو کتێبە ئوسوڵییەگەورەکاندا، ئەوەی بەوردبینییەوە لەبابەتەکانی ئەمر و نەهی و بەڵگەییێتی عموم و خصوص و ئەوانە بڕوانێت، بەباشیی تێدەگات، هێندەی درێژەدانی پڕ قسەیان کردوون، چەندباری ئەوە، لەڕووی کردەوە پێکردنەوە ئەوکارەیان



نەزۆك بوون و کەمتر سوودیان گەیاندبێت!، لێرەوە هەندێك لەوکێشانە باس دەکەم و دەیانخەمە ژێر قسە و باس و لیکۆڵینەوەی بەردەمی جەنابتان، کە دەبنە بەڵگە لەسەر ئەوەی، کە لەزۆر جێگادا دەقە شەرعییەکان، قەتعیی نەبوونە و سەریان بۆئەوە کێشاوە، کە ئیجتیهادی مرۆڤ رۆڵیان تێدا ببینێت، ئەوکات دەزانین حوکمەکان ئاوێتەن لەنێوان دەقی شەرعیی و ئیجتیهاد و تێگەیشتنی دادپرس و دادوەرەکان و پشت بەوتێگەیشتنەیان دەبەستێ.

### (أ): بەڵگەییێتی فەرمان (ئەمر) و قەدەغەکردن (نەهی)

هەموو لایەك ئەوە دەزانن، کە فەرمان (ئەمر) و قەدەغەکردن (نەهی)، دووکۆڵەکەی بنەڕەتی و سەرەکی، دەقە شەرعییەکانن، کە لێیانەوە دەزانین، حوکمێك چۆنە و چۆن نییە، وەك تەفتازانی دەڵێ: (کۆڵەکەی ئیسلامن)[9] و بەوان زۆربەی حوکمەکان دەچەسپێن، سەرەخسی دەڵێ: (لەپێش هەموو باسێکی ئوسوڵی و هەر روونکردنەوەیەکدا، دەبێ لەو بابەتانەی ئەمرو نەهییەوە دەستپێبکرێت، چونکە زۆربەی تاقیکردنەوە و تووش بوونەکان لەودوانەوەیە و هەربەزانینی ئەوانیشە، کە مرۆڤ دەگاتە زانینی حەلاڵ و حەرامەکان)، لێرەوە دەبینین، رای جودایان هەیە، لەسەر ئەو شتەی، کە ئەمر دەیگەیێنێت، چونکە بۆ زۆر مانا هاتووە وەك:

١: ئاکار و کردار، کە قورئان لەباسی ئاکار و کرداری فیرعەوندا دەفەرموێت: (ئاکار — ئەمر — ی فیرعەون باش نەبوو)[9][10].

وەك چۆن لەپێداگوتنی بڕوادارانـدا دەبێژێت: (لەنێوانیاندا کردار — ئەمر — ـەکانیان، بەڕاوێژە)[11]، کە باسی کێشەی نێو بڕواداران دەکات، کە گەر بوایە و خوای گەورە، هاریکاری نەکردنایە، تووشی ئاستەنگ و رای جودا دەبوون و دەفەرموێت: (لەسەر کردارەکەتان — ئەمر — تووشی ململانێ دەبوون تیایدا)[12].

٢: هەندێك لەزانایانیش، گوتوویانە: لەبنەڕەتدا (ئەمر) بۆ ئەوە داڕێژراوە، کە بەشێوازێکی فەرمانی لەسەرەوە، بۆخوارەوە، مانای وشەی (بکە)، بگەیێنێت.

**٣:** هەندێکی دیکەیش گوتوویانە: کە دەگوترێت: ئەمر بۆ بەپێویست گێڕانە، مانای داڕشتن و وتەکەیە، نەك کردار، ئەوەیش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی، کە ئەبو سەعیدی خودری (ر) دەیگێڕێتەوە، کە: (لەکاتێکدا، پێغەمبەر (د.خ)، پێشنوێژیی دەکرد بۆیارەکانی، لەناو نوێژەکەدا، نەعلەکانی لەپێی خۆی داکەند و خستییە لای چەپییەوە، کە یارەکانی ئەو ئاکارەیان بینی لێی، ئەوانیش نەعلەکانی خۆیان داکەند، کە لەنوێژەکە بووەوە (د.خ)، فەرمووی: چی پاڵی پێوەنان، کە نەعلەکانتان فڕێ بدەن؟. گوتیان: چونکە بینیمان تۆ نەعلەکەی خۆتت هاویشت!. ئەویش فەرمووی: جوبریل (د.خ)، هات پێی گوتم: کە نەعلەکانی من پیسییان پێوەیە، ئەگەر هات و یەکێك لەئێوە هات بۆ مزگەوت، با تەماشابکات، ئەگەر بەنەعلەکانیەوە پیسیی بەدی کرد، بابیان سڕێت و نوێژیان پێوە بکات)[١٣]، وەك چۆن، هەرلێرەدا لێی دەگێڕنەوە، کە جاری وابووە، پێغەمبەر (د.خ)، ڕۆژووی گرتووە و نەیشکاندووە، کە یارەکانیشی وایان کردووە، ناڕەزایی دەربڕیوە لەسەر کارەکەیان و فەرموویەتی: (کێتان وەك منە؟!، خوای گەورە خواردن و خواردنەوەم وێ دەدات و تێرم دەکا و تینوێتیم دەشکێنێ)[١٤]، گەر بوایە و ئاکار و کرداری پێغەمبەر (د.خ)، وەك فەرمان پێکردنی بەئاکارێك، دابنرایە، بۆخۆی ناڕەزایی لەم شوێن پێهەڵگرتنەیان، دەرنەدەبڕی و پێی ڕازی دەبوو، لێرەدا تەفتازانی دەڵێ: (جوانترین گوتەیەك، لەم بوارەدا گوترابێت، ئەوەیە: کە ئیمامی غەزالی، دەڵێ: ئێمە ئەوە دەزانین، کە یارەکانی پێغەمبەر (د.خ)، لەسەرجەم ئاکارەکانیدا، لەدووی نەچوون و وەك ئەویان نەکردووە!، کەوابوو، چی وای کردووە، شوێن کەوتنەکانیان بۆی، بکرێنە بەڵگە، بەڵام، نەچوونەکانیان لەدووی، نەبنە بەڵگە؟)[١٥]، لێرەوە ئەوە ڕوون دەکەینەوە، کە دەستەواژەی (ئەمر)، لەنێو دەقە شەرعییەکاندا، بۆ (شازدە) مانای لێکجودا، بەکارهێنراوە:

**یەکەم:** بەپێویست گێڕان، وەك لەباسی نوێژکردندا، چەندین جار، لەقورئاندا هاتووە، وەك ئایەتی: (نوێژەکانتان بکەن)[١٦].



**دووەم:** هاندان بۆ کردن بەشێوەی (نەدب)، وەك ئەوەی، کە خوا لەباسی ئەوەدا، کە کەسێك بەندەی هەبێت، بۆ ئەوەی لەکۆیلەیێتی ڕزگاریان ببێت، لەشێوازی فەرماندا، دەفەرمووێت: (موکاتەبەیان بکەن)[١٧].

**سێیەم:** ئەدەب دادان و گۆش و پەروەردەکردن، وەك ئەوەی، کە لەشێوازی فەرماندا، پێغەمبەر (د.خ)، دەفەرمووێت: (لەبەردەمی خۆتەوە بخۆ)[١٨].

**چوارەم:** ڕێنمایی کردن، وەك لەقورئاندا، لەشێوازی فەرماندا، دەفەرمووێت: (کە مامەڵە و کڕین و فرۆشتنتان کرد، شایەتی لەسەربگرن)[١٩].

تەفتازانی وەك لەهەمان سەرچاوە و لاپەڕەی پێشوودا هاتووە، جیاوازی دەکات لەنێوان: سێجۆرەی (نەدب) و (پەروەردە) و (ڕێنمایی) و دەڵێ: نەدب، بۆ باسکردن لەپاداشتی ڕۆژی دواییە، بەڵام پەروەردە و ڕێنمایی، پەیوەندییان بە چاکسازی، دابونەریت و بەرژەوەندی دنیاوە هەیە، هەر ئەمەیشە هزرەکەی ئێمە، بەهێزدەکات لەمەڕ ڕەچاوکردنی دووربینی ئاکار و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ).

**پێنجەم:** بۆ ڕێگەپێدان و یەکسان کردنی حوکم، لەنێوان کردن و نەکردن — ئیباحە — وەك قورئان، لەشێوازی فەرماندا، دەفەرمووێت: (بخۆن و بخۆنەوە)[٢٠].

**شەشەم:** ترساندن: کە قورئان، لەشێوازی فەرماندا، دەفەرمووێت: (ئەوەی لەدەستتان دێت بیکەن)[٢١].

**حەوتەم:** ناز و منەت بەسەرداکردن، کە قورئان، لەشێوازی فەرماندا، دەفەرمووێت: (فەرموون بخۆن لەوشتانەی، کە خوای گەورە کردوویێتییە ڕۆزی بۆتان و پێی بەخشیون)[٢٢].

**هەشتەم:** ڕێز لێنان، وەك لەباسی بڕواداران و چوونیان بۆ بەهەشت، قورئان، لەشێوازی فەرماندا، دەفەرمووێت: (دوور لەئەشکەنجە و ترس، بەئاسوودەیی، بچنەناوی)[٢٣].

**نۆیەم:** بۆدەرخستنی بێتوانایی بەرامبەر و وەك تەحەددا، لەسەر ئەوەی، کە کەس ناتوانێ وێنەی قورئان، نووسراوێکی دیکە بهێنێ، ڕوو بە بێ بڕوایان، لەشێوازی فەرماندا، دەفەرمووێت: (بەتەنها بتوانن یەك سورەت بهێنن)[٢٤].

**دەیەم:** بۆ گاڵتەکردن بەبەرامبەر، کە قورئان، لەشێوازی فەرمانـدا، رووبەبێ بڕوایان، دەفەرمووێت: (فەرموون ببن بەمەیموون)[٢٥].

**یازدەیەم:** بۆکەم بەهاکردن و لەسەر شێوازی بەکەم زانینی بەرامبەر، لەشێوازی فەرماندا، رووبەبێ بڕوایان، دەفەرمووێت: (دەبچێژە، چونکە جەنابت پیاوێکی خاوەن گەورەیی و دڵفراوان و جێگەی رێز لێگرتن بوویت )[٢٦].

**دوازدەیەم:** یەکسانی بوون لەنێو کردن و نەکردندا، وەك خوای گەورە، لەشێوازی فەرماندا، دەفەرمووێت: (ئارام بگرن، یان ئارام نەگرن، هەردووکیان هەریەکسانن)[٢٧].

**سیانزدەیەم:** زۆرجار پاڕانەوە، بەشێوازی فەرمان لەدوعا و پاڕانەوەکاندا هاتووە، وەك زۆرێك لەفەرموودە، کە لەو بوارەدا هاتووە، بەشێوازی فەرمان دەگوترێت: خوایە لێم خۆشبە.

**چواردەیەم:** ئاواتخواستن، لەشێوازی فەرماندا، کە ئەمەیش لەنێو شیعر و زماندا بەزۆری هاتووە، بەتایبەتی لەکاتی دواندنی خەیاڵی و گوتارکردن لەگەڵ خۆر و مانگ و ئەستێرە و چەرخ و گەردش، ئەمەش لەجیهانی شیعردا زۆرە.

**پازدەیەم:** بێ قەدرکردنی بەرامبەر بەئاکار و کاریشییەوە، وەك قورئان لەگێڕانەوەی باسی موسا (د.خ) و جادووگەرەکانی فیرعەوندا، باسدەکات کە موسا (د.خ)، بێمنەتانە پێی گوتن: (بیهاوێژن، ئەوەی ئێوە دەتانەوێت کە بیهاون)[٢٨] واتە گوریسە جادووییەکانیان.

**شازدەیەم:** فەرماندان بۆ دروست بوون — تەکوین — خوای گەوەرە لەباسی دەستەڵاتی خۆیدا، دەفەرمووێت، کە ویستمان شتێك دروستبکەین، پێی دەڵێین: (ببە، دەبێت)[٢٩].

وەك چوون داڕشتنەکانی فەرمان گەیاندن، بەم شێوەیەیە، هاوکات چەندین شێوە داڕشتنیش هەیە، کە لەشێوازی قەدەغەکردندا هاتوون، بەڵام ماناکانیان لێکجودان و ئەوانەیش خۆیان لە چەند شێوەیەکدا دەبیننەوە:



**یەکەم:** بەپلەی یەکەم ئەو قەدەغەکردن — نەهی — یە یە، کە حەرامکردن دەگەیێنێت، وەك قورئان، لەباسی قەدەغەکردنی مامەڵەکردن، بەسووخواردنەوە، دەفەرمووێت: (سوو — ریبا — نەخۆن)[٣٠].

**دووەم:** مانای ئەوە بگەیێنێت، کە ئەوکارە ئەنجامنەدرێت باشە، واتەکردنی (مەکروە)ـە، بەڵام لەشێوازی داڕشتنی نەهیدا هاتبێت، کە خۆی دواتر زانرابێت، کە مەبەست پێی، بۆ ( کەراهەتە)، نەوەك نەهی کردن، وەك ئەو دەقانەی، لەهەندێك شوێندا، لەبارەی نوێژکردنەوە هاتوون، وەك نوێژکردن لەزەوییەکدا، کە داگیر کرابێت[٣١].

**سێیەم:** هاندان بێت بۆ ئەنجامنەدانی کارێك و بۆ بەرزکردنەوەی پەروەردە، بەڵام ئەم خواستە، لەشێوازی قەدەغەکردندا، هاتبێت، وەك خوای گەورە، لەداڕشتنی کەسایەتی پێغەمبەر(د.خ)و بڕواداراندا، دەفەرمویێت: (نازی بەخشش و فێر کردن و یارمەتی نەکەیت بەسەر بەرامبەرەکەتدا)[٣٢].

**چوارەم:** بەکەم سەیرکردن، رێگرتن لەوەی بەکەم سەیری بەرامبەرەکەت بکەیت، یاخود، ئەوەیش دەگەیێنێت، کە نەکەی بایەخ بدەیت بەشتێك، کە بایی ئەوەنەبێت، خوای گەورە دەفەرمویێت: (چاوت نەبڕیتە بەرامبەرەکانت، لەو نیعمەتانەی پییانەوەدیارە)[٣٣].

**پێنجەم:** روونکردنەوەی دوارۆژی سەخت و زەحمەت دیتن، بەڵام ئەمە لەقاڵبی قەدەغەکردندا، وەك ئەوەی خوای گەورە دەفەرمویێت: (نەکەن پاساو بهێننەوە)[٣٤] نەك مانای ئەوەبێت، کە ئەو پاساو هێنانەوەیە، حەرام بێت.

**شەشەم:** رێنمایی کردن لەشێوازی قەدەغەکردندا، وەك قورئان لەباسی رێنمایی کردنی تاکەکاندا دەفەرمویێت: (نەکەن پرسیار لەشتێك بکەن، کە وەڵامتان بیست پێتان ناخۆش دەبێت)[٣٥].

**حەوتەم:** یان بۆبەزەیی هاتنەوە، لەمیانەی بەزەیی هاتنەوەی ئیسلامدا، بەئاژەڵ و دانانی کۆمەڵێك یاسا و رێسا، بۆ شێوازی رەفتار لەگەڵی، لەشێوازی قەدەغەکردن (نەهی)دا، زۆردەقی دروستی فەرموودەمان هەیە، کە باس لەوە دەکەن، کە نابێ ئاژەڵ بکرێتە کورسی، یان دوانگەی وتار لەسەر خوێندنەوە[٣٦].

لێرەوە، بەپێویستی دەزانین، باسی هەندێك بۆچوونی نەشازیش، باسبکەین، چونکە بەکارهێنانانەکانی دوو دەستەواژەی، (ئەمر و نەهی) هێندە چڕوپڕ و زۆرن، هەندێك لەزانایان فەرموویانە: لەئاستی هەردەقێکیان بێدەنگ دەبین و کاری پێناکەین، تالە ڕێگەیەکی دیکەوە دەگەینە متمانە و دەزانین بۆ چ مەبەستێك هاتووە. بەلاّم، ئەم بۆچوونە بۆتە هۆکاری ئەوەی، کە چەندین بۆچوون و لێکدانەوەی لێکجوودای تائەندازەیەك دوور لەڕاستیش، لەمەڕ مانای وشەکاندا بێنە کایەوە.

لێرەوە گوتوویانە: ئەوەی کە پێویست گێڕ (موجیب)ـە، هەر یەك شتە، چونکە لەبنەڕەتدا، هۆکاری سەرەکی بۆداڕشتنی وشەکان، تێگەیاندنە.

هەندێك لەزانایانی شوێنکەوتەی ئیمامی مالیك فەرموویانە: هەرفەرمانێك، کە لەنێو دەقە شەرعییەکاندا، هاتبێت مانای ڕێگەپێدان (ئیباحە)، دەگەیێنێت، چونکە بۆ گۆڕاندن هێنانە بەسەر تاکدا، لەحاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی دیکە، کەمترینی ئەو حاڵەتەیش ئیباحەیە!.

هەندێك لەفەقیهەکانی دیکە و زۆرینەی موعتەزیلەکانیش، گوتوویانە: هەموو ئەمرێك لەبنەرەتدا بۆ نەدب گەیاندنە، کە ئەمەیش یەکێکە لە بۆچوونەکانی ئیمامی شافیعی.

زۆربەی زانایانیش گوتوویانە: (ئەمر) بەپێویست گێڕان (وجوب) دەگەیێنێت، چونکە ئەوە ئەو پەڕی مانای داخوازییە.

بەلاّم، ئێمە نامانەوێت بکەوینە نێو ئەم درێژەپێدانەی ئوسوڵییەکان، لەمەڕ مانا و (دیلالە) تەکانی (ئەمر) و (نەهی)، تەنها ئەوندەمان بەسە، کە ئاماژەبکەین بۆ هەندێك ڕاستیی و بڵێین: چونکە فەتوادان، بابەتێکی گرنگ و خەتەرناك و بڤە و ئەستەمە، دەبێ ئاوڕدانەوەیەکی باش بکرێت لێی، بەتایبەتی کە ئەمڕۆ، دەبینین: بەزۆری فەتوا، لەکەسانێکەوە دەردەچێت، کە نەئەزموونێکی وا و نەتێگەیشتنێکی ئەوتۆیان هەیە، لەمەڕ وردەکارییەکانی دۆزینەوەی، حوکم و (مەسالیکی فوقەها)، کە ئەگەر، کار هەر وابڕوات، لەئاکامدا ئەو فەتوایانەیان، سەردەکێشێت بۆ دارمان و زیاتردواکەوتنی نەتەوەکانمان[٣٧].



**(ب): بەڵگەییێتی وشەی گشتگیر (عام)، لە نێو دەقە ئایینییەکاندا**

لەنێو باسەکانی گشتگیری دەقەکانیشدا، کۆمەڵێك ئاریشە هەیە، کە لایەنی گومان زاڵکردن تیایاندا زۆرتر قووڵدەکەنەوە و لایەنی متمانە گەیاندن دوورتر دەخەنەوە، ئەوەتا دەبینین فەقیهەکانمان، لەنێو خۆیاندا، رای لێکجودایان هەیە لەسەر ئەوەی، کە ئایا ئەو جۆرە دەقانەی، کە گشتگیرێتی (عوموم) دەگەیێنن، گەیاندنەکانیان قەتعین، یاخود گومان بەخش؟.

بەبەڵگەی ئەوەی، کە هەمیشە هەر گشتگیرێك تایبەت کردنی لەبەردەمدا هەیە، بەلای ئیمامی شافیعی و زۆرینەی فەقیهەکانەوە، گومان بەخشن، تەنانەت وەك پەندێکی لێهاتووە، کە هەمیشە دەگوترێت: (هیچ دەقێکی گشتگیرنییە، کە هەندێکی تایبەت نەکرابێت!)، کە هەر خودی ئەمە، بەسە بۆ ئەوەی بکرێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی، کە ئیحتمالی دۆزینەوە و گەیاندنی لێکجودا، وەك مێردەزمە و تەلیسم وایە!.

بەلاّم لای زانایانی عێراق هەردەقێکی گشتگیر، لەبەڵگەییێتی گەیاندنیدا، قەتعییە و بۆ بەڵگەهێنانەوە لەسەر ئەم بۆچوونەیشیان دەڵێن: گشتگیری گەیاندن، مانایەکی دیارە و دەبێ هەندێك وتە و داڕشتنی وەها، دابڕێژرێن، کە بەپێی دابوونەریتی نێو خەڵك، ئەو مانایە بگەیێنن.

ئەوەیش لای هەمووان روونە، کە ئەو وشەگشتگیر (عام)ـەی، هەندێکی لێ تایبەت (تەخصیص)کراوە، بەلای ئەو فەقیهانەوە، کە دەڵێن: بەڵگە گەیاندنی دەقەگشتگیرەکان قەتعیین، لەوکاتەدا، دەبێتە بەڵگەیەکی گومانبەخش نەك متمانەبەخش.

یەکێکی دیکە، لەماناکانی دەقەگشتگیرەکان ئەوەیە، کە مەرج نییە دەقێك، گشتگیرییەتی جۆری خەڵکانێکی گەیاند، گشتگیربێت بۆ هەموو سەردەم و کاتێك، بۆ وێنە کە خوای گەورە دەفەرمووێت: (موشریکەکان بکوژن)[٣٨]، لەگەڵ ئەوەی، کە ئەوە دەگەیێنێت، کە هەمووموشریکێك بکوژرێت، بەلاّم لەهەموو کاتێکدا نە، وەك کاتی (ئاگربەستی کاتی)، یاخود، کاتی ڕێککەوتننامە مۆرکردنی ئاشتەوایی[٣٩].

یەکێتر لەماناکانی دەقی گشتگیر، جاری وادەبێ دەقی گشتگیر، پێداگوتن، یاخود لێگوتن دەگەیێنێت، کە ئەو دوو لایەنەیش لەنێو زمانی عەرەبی و جیهانی داڕشتنی ئەو زمانەدا، بە زێدەڕۆیی (موبالەغە) لەقەڵەم دەدرێت، کەوابوو تەفسیرکردن و لێکدانەوەکە، بە سنووورداری و بەرتەنگ و کورتی و کورتبینی دەمێنێتەوە، هەربۆیەکە، ئیمامی شافیعی، لای وایە، کە ئەم گشتگیرییانە، هەمووتاکێك ناگرێتەوە!، هاوکات هەندێك لەشافیعی مەزهەبەکان، رێگە بەوە نادەن، کە ئایەتی: (ئەوانەی زێڕ و زیو هەڵدەگرن و دەیکەنە گەنجینە و لەپێناوی خوادا خەرجی ناکەن، لەرۆژی دواییدا، سزادەدرێن پێی)[٤٠]، ببێتە بەڵگە لەسەر بەپێویست گێڕانی زەکات، لەسەرخشڵ، ئیتر ئەوخشڵە، زێڕ، یاخود زیو، یاخود گەوهەربێت، چونکە، ئەم گشتگیرییە، لەبواری لێگوتندا هاتووە، گشتگیرییەتەکەی نامێنێ[٤١].

گەربێ و ئێمە بەدوواداچوون و وردبینی و قووڵ بوونەوەیەك بکەین لەسەر هۆکاری، لێکجودایی راو بۆچوونی فەقیهەکان و شوێنەواری ئەو راجیاوازانەیان، شتی سەیر و سەرسوڕهێن دەبینین، تێدەگەین، کە چەند پانتایی بەڵگە لەفزییەکانیان بایەخ پێداوە، یاخود، ئیحتیمال و پێدەچێ وابێ، یان وا رووبداتەکان، چەند ئاسۆیەکی دوور و درێژ و گەورەیان وەرگرتووە، بەبێ رەچاوکردنی واقیع و دەورووبەر.

لەدوای ئەم کەمە لادانەمان لەباسەکە، پێویستە بگەرێینەوە بۆزیاتر پێناسەکردنی ئەم دەروازەیە، کە ئێمە مەبەستمانە، بۆ ئەوەی، بەراورد بکەین لەنێوان ئەو و قوتابخانە هزرییە زانراو و ناسراوەکانی نێومێژووی تەشریعی ئیسلامی و یاسایی.



## دەروازەی دووەم
## تێگەیشتن لەمانای دووری دەقەکان و مانای داڕشتنەکان

### بەشی یەکەم:
### تێگەیشتن لەمانا و قوتابخانەی ئەهلی حەدیس و قوتابخانەی راکاری:

پێشتر ئەوەمان بۆ روون بووەوە، کە فیقهی ماناکان، زۆر فراوانترە لەوەی، کە لەمێژووی تەشریعی ئیسلامی، لێی دەدوێت، کە گوایا مەزهەبە ئیسلامییەکان، تەنها لەدوو قوتابخانەدا، کورت دەبنەوە (قوتابخانەی ئەهلی حەدیس و قوتابخانەی راکاری)[٤٢].

**أ: قوتابخانەی ئەهلی حەدیس:**

ئەو قوتابخانەیەیە، کە بەدیار دەقەکانەوە دۆشداماوە و بەدووی قووڵایی بەڵگەیێتی گەیاندنیاندا ناچێت و رەچاوی مەنتیق و یاساکانی حوکم دۆزینەوە ناکات و ناچێت و هیچ پشتیوانێك نابەستێت بە راکاری مرۆڤ.

دەسپێکی ئەم قوتابخانەیە، دەگەرێتەوە، بۆسەردەمی یارەکانی پێغەمبەر (د.خ)، لەدوای کۆچی دوایی کردنی، چونکە لەزۆرێکیانەوە، ئەوە گێڕاوەتەوە، کە گوتوویانە: ئێمە بەپێی راکاری، فەتوا نادەین و ئەگەر لەهەر رووداوێکدا، دەقێکی فەرموودەیان، لانەبێت، پەنا دەبەن بۆ بێ دەنگی، نەوەك بەرای خۆیان وەڵام بدەنەوە، سەرقافڵەی کاروانی شوێنکەوتوانی ئەم لایەن و ئەم قوتابخانەیە، لەسەردەمی تابیعیندا، سەعیدی کوڕی موسەیەب بوو، زۆرێکیش لەو فەقیهانەی لەنێو جیهانی موسڵماناندا بڵاو بوونەوە، شوێن پێی ئەمانیان هەڵگرتن، وەك عامیری شیعبی و سوفیانی سەوری و لەیسی کوڕی سەعد و داوودی زاهیری و ئیمامی ئەوزاعی، کە لەمیانەی ئەو وتانەی باس دەکرێت، ئەوەیە کە لەزاری ئیمامی شیعبییەوە دەگێڕدرێتەوە: (ئەوەی ئەوانە لە پێغەمبەرەوە (د.خ)، بۆیان گێڕایتەوە لێیانی وەربگرە و ئەوەیش، کە ئەوانە دەیاندایە، پاڵ رای خۆیان، فڕێیدەرە زبڵدانەوە)[٤٣].

یەکێك لەئادابی فەقیهەکانی ئەو سەردەمانە، ئەوەبوو، گەرپرسیارێکیان لێبکرایە و بەهۆی دەقێکەوە، وەڵامەکەیان لەلا نەبوایە، دەیانگوت: نازانم، تاوای لێهاتبوو، گوتنی وشەی نازانم، ئەمەندە بایەخی پێدرابوو، دەیانگوت: نازانم نیوەی زانستە!، تاگەیشتە ئەوەی، ئەبوحەنیفە، بەگاڵتەپێکردنەوە پێیان بڵێ: دەبا دووجار بڵێن: نازانم، بۆ ئەوەی زانست هەمووی تەواوبکەن!.

ئەو رێتم و بۆچوونە، لەم قوتابخانەیەدا، لەسەردەمانی ئیبنوحەزم (٢٠١-٢٧٠ك)دا، تەواو تەشەنەی کرد و لەرێتم و مەزهەبەکەی ئەودا، تەواوگەشایەوە[٤٤]، چونکە لەهەمووکەس زیاتر، وابەستەبوو بە دەقەکانەوە و توندتربوو لەوەدا، کە لێکچواندن (قیاس)ی بەسەرچاوەیەکی دارشتنی یاسا (تەشریع)، دانەدەنا و هیچ بەهایەکیشی بۆتەعلیل دانەدەنا و هەر شتێکیش لەدوور، یان نزدیك، پەیوەندیی بەراکارییەوە هەبێت، لای ئەو بەهای نەبوو!، چونکە بڕوای وابوو، کە دەقە شەرعییەکان، بەشی وەڵامی هەموو رووداوەکان دەکەن و چ پێویست بەدەربڕینی را و لێکچواندن ناکات[٤٥].

ئەوە، لای هەموو لایەك روونە، کە رێبازی قوتابخانەی وابەستەبوون بەدەقەوە، لەسەرەتای دارشتنی هەر تەشریعێکی کۆمەڵایەتیدا، رێبازێکی لاساییکردنەوەی باو و زانراوە، بەڵام کاتێك، کە کۆمەڵگە پێشکەوتن بەخۆیەوە دەبینێت و جۆری پەیوەندییەکانی سەردەمی دارشتنی یاساکان دەگۆڕدرێن، ئەوکات دادوەر و دادنووس و یاساناس و یاسادارێژەر و توێژەرەوە و مامۆستاکان، ناچاردەبن، کە ئەودیوی لەنێو یاساکانی پەیوەست بەخەڵکی و دارێژراوی مرۆڤدا، دەقەکان بخوێننەوە، یان وێڵبن لەدووی دووزینەوەی حیکمەتەکانیان، یان دەستیان پێدابێنن و گۆڕانکارییان بەسەردابهێنن، کە لەنێو رێبازی لاسایی فیقهی فەرەنسیدا، ئەمە زۆر بەروونی دەبینین، بەتایبەتی دوای ئەوەی، کە ناپلیۆن دایڕشت و لەسەرەتادا، قوتابخانەی دەق زاڵبوو.



**ب: قوتابخانەی راکاری:**

ئەوەی لەمێژووی فیقهی ئیسلامیدا زانراوە، ئەوەیە، کە هەندێك لەگەورە یاوەرەکانی پێغەمبەر (د.خ)، وەك عومەر و عەلی و موعازی کوڕی جەبەل و عەبدوڵڵای کوڕی مەسعود (ر)، هەڵگری مەشخەڵی رای خۆدەربڕین و کارکردن بوون بەراکاری و زۆر دووربوون، لە وابەستەبوون، بە پیتئامێزی دەقەکان و بەباشی لەناوەڕۆك و رۆحی شەریعەت تێگەیشتبوون و دەیانزانی ئامانجەکانی ئەودیو دارشتنی تەشریع، چییە.

لەدوای ئەوانیش، هەندێك لەگەورە تابیعییەکان، شوێن پێیان هەڵگرتن و هەمان رێبازیان گرتەبەر، بەڵام ئەوەندە هەیە، کە لەنێو زانایان و گەورە نووسەراندا، ئەم رێبازە ناسرا بە رێباز و قوتابخانەی ئەبو حەنیفە (٧٠-١٥٠ك)، کە بەفیعلی دادەنرێت، بەیەکێك لەگەورە دارێژەرەکانی ئەم قوتابخانەیە.

پشتیوانی بەستن، بە قیاس و رادەربڕین و راکاری، ئەوەیە، کە بەشێوەیەکی گشتی ئەم قوتابخانەیەی پێناسرابوو، کە دوای ماوەیەك وای لێهات، وێڵ بوون لەدووی مەنتیقی رووت، بووبە شێوازی و دوورکەوتنەوە لە واقیعی ژیان، بوو بەرووی ناسراوی ئەم فیقهە و عەودالی بوون، لەدووی فەرزیات دانان وای لێهات، کە دەیانگوت: فیقهی بەڵکو وابێ و گەردیتت وا روویدا!.

دواتر ئیمامی شافیعی هات، بۆئەوەی ئەو بۆچوون و قوتابخانەیە، بەشێوازێکی کردارییی و گونجاندن لەگەڵ واقیعی ژیاندا، نیشانبدات و کۆمەڵێك یاسای بنەڕەتی دابڕێژێت، کە ببێتە هۆکاری کۆکردنەوەی نێوان هەردوو قوتابخانەکە[٤٦].

لای گشت لایەك روونە، کە ئیمە، هیچ لێکچوونێك بەدی ناکەین لەنێوان تێگەیشتن لەماناکان و جۆری تێگەیشتنی شوێنکەوتوانی قوتابخانەی حەدیسدا، چونکە ئەودوانە بەرابەر و تا ئەندازەیەکی زۆر بەرچاو و هەست پێکرا و هەڵوەشێنەرەوەی یەکدین، بەڵام تێگەیشتن لەمانا، یان فیقهی ماناکان، لەهەندێك لە بۆچوون و ئیجتیهادەکانیاندا، نزیکییان هەیە لە قوتابخانەی راکارییەوە، وەك چۆن ئەوەیش حاڵی (ئیستیحسان و مەسالیحی مورسەلە)یە[٤٧].

بەبۆچوونی من، ئیستیحسان: (بریتییە لەمتمانەی موجتەهید بەوەی، کە عەقڵی تەواوی خاوەن توانای هەڵاوێرد و هەڵسەنگێن، حوکمێك بەسەر حوکمێکی دیکە، وەپێشتر دەخات، چونکە دەزانێت، ئەوە سوودی زۆرتری هەیە و زیاتر لەگەڵ واقیع و هەستی خەڵکی بەپیادەکردنی دادپەروەری کردندا دەگونجێت)[٤٨].

ئەمەیش نزیکە لە پێناسەکەی ئیبنو روشدەوە، کە دەڵێت: (لەزۆرینەی کاتدا، ئیستیحسان واتە: ئاوڕدانەوە لە بەرژەوەندی و دادپەروەری)، بەڵام مەسلەحەی مورسەلە، ئەو وەسفە شایانەیە، کە دەکرێ هەرشەریعەتێکی پێوە بناسرێت و گرێدانی حوکم پێیەوە بەرژەوەندی رادەکێشێت بۆ خەڵکی و خراپەیان لێ دوور دەخاتەوە، کە ئەمانەیش لەنێو مەبەستە سەرەکییەکانی داڕشتنی شەریعەتدا، جێگەیان دەبێتەوە.

لەگەڵ ئەوەی، کە ئەم قوتابخانەی (راکاری)یە، پڕبێتی لەفیقهی داڕشتنەکان، بەڵام دەبینین لەگەڵ فیقهی ماناکاندا لێك نزیکن، بەوەی، کە بایەخێکی زۆر بەناوەڕۆك دەدەن، نەوەك رواڵەت و توێژاڵ، بەتایبەت لەو کاتانەدا، کە بایەخ دەدەن بە ئیستیحسان و مەسالیحی مورسەلە، هەروەها لێکچواندن (قیاس)یش.

بەڵام چونکە، فیقهی ماناکان، بۆ داڕشتنی فیقهە ئیجتیهادییەکەی بەپلەی یەکەم پشتیوانی دەبەستێت بەودیوی دەق و حیکمەت و رۆحیان و زۆرتر بایەخ دەدات بە فراوانکردنی پانتایی و گۆڕەپانەکەی فراوانتر دەکات، بەتایبەت لەکاتێکدا، کە دەقەکانی بەردەست، زۆر لەگەڵ واقیعدا ناگونجێن، هەر لەپێشەنگدا دەمێنێتەوە.

## داڕشتنەکان، فەرامۆش ناکرێن:

باکەسیش وا تێنەگات، کە مەبەستمان بەوەیە، گوایە: لایەنی فیقهیی دەق و داڕشتنەکان، فەرامۆش دەکەین، چونکە وەك پێشتر باسمان لێکرد، فیقهی داڕشتنەکان، بنەمایە بۆ داڕشتنی دەقەکان، کەوابوو، ناکرێ چاوەڕوانی ئەوە بکرێت، کە فەرەزییەکی دوور، بێنرێتە بەرچاو لە نێوانیاندا، بەڵام دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین، کە ئەوکاتەی، دەق لەسەردەم و شوێن و بارودۆخی تایبەتی دەرچوونی خۆی، دوور دەکەوێتەوە، لەڕووی داڕشتنەکەیەوە، زۆرێك لەبەها مەعنەوییەکانی خۆی لەدەستدەدات و بەها



مێژووییەکەی، دەچێتە خانەی لایەنە رۆحییەکەی و بەس، ئیتر ئەوکات بەپێویست دەبێ لەسەر فەقیە، لەدووی دۆزینەوەی ئەوحیکمەتە وێڵ بێت، کە زووتر بووەتە هۆکاری داڕشتنی دەقەکە.

دەقە یاساییە دانراوەکانی مرۆڤیش هەروەها بوونە، چونکە هێندەی یاسای تازە داڕێژرابێت، ئەو لێکدانەوە تازانەی هاتوونەتە پێش، بوونەتە پێشەنگ، ئەوکاتەی، سەردەمی داڕشتنەکەش، دوورکەوتبێتەوە، فەقیهەکان پەنایان بردووە بۆ بیردۆزی ویست و ئیرادەی فەرزی، یان لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن، بەپێی لێکدانەوەی قوتابخانەی مێژوویی دەق، تا لەگەڵ رووداوەکانی رۆژدا بیانگونجێنن.

هەر چۆن بێت، بەهیچ شێوەیەك رەوانییە، کە دەق دووربخرێتەوە لەشێوازی داڕشتن و کات و سەردەمی هاتنەکەی، چونکە زانینی بارودۆخی هاتنی هەردەقێك، دەبێتە یارمەتیدەری دۆزینەوەی حیکمەت و رۆح و رۆشنکردنەوەی ئەو وێنەیەی، کە داڕشتنەکە، پێکدەهێنێت، ئەمەیش نابێتە، کەمکردنی ئەو یاسا فیقهییەی، کە دەڵێ: گرنگ، گشتگیری دەقە، نەوەك هۆکاری هاتنی، چونکە ئەوە یاسایەکە، لەگەڵ ئەوەی لەهەموو کاتێکیدا زۆر ورد نییە، بەڵام لەزۆر جێگە و شوێنی شەرعدا، جێبەجێ دەبێت.

لەلایەکی دیکەیشەوە، گشتگیرێتی داڕشتن، دەبێتە هۆکاری دروستکردنی پرسیار لەسەر ئەوەی، کە ئایا مەبەست پێی چییە؟، چونکە زانایان فەرموویانە: (هیچ دەقێکی گشتگیر (عموم) نییە، کە هەندێکی لێ جودا و تایبەت (تخصيص) نەکرابێتەوە)، ئوسوڵی و فەقیە و ئەهلی کەلامەکانیش، رای جیاوازیان هەیە، تەفتازانی دەڵێ: (حوکمی دەقی گشتگیر بەلای زۆربەی ئەشعەرییەکانەوە ئەوەیە، کە کاری پێنەکرێت، تابەڵگەیەکی دیکە دێتە پێش، کە ئەو بەڵگەیە ئەوە بگەیەنێت، ئایا مەبەست بەیەکەمەکە، گشتگیری گەیاندنە، یان تایبەت کراوە؟)[٤٩].

زۆربەی زانایانی عێراق و هەندێك لەزانایانی دواتر، دەڵێن: ئەو دەقانە چی بگەیێنن، حوکمەکەیان پێ دادەمەزرێت و بەیەقین و متمانەوە وەردەگیرێن، بەڵام بەلای جەمهوری فەقیە و ئەهلی کەلام و شافیعی مەزهەبەکان، گومان دەگەیێنن[٥٠].

## پەراوێزەکان

(١) (مەبەستی دانەر ئەو بابەتە ئوسوڵییەیە، کە هەردەقێك مانای راستەوخۆی هەیە و پێی دەگوترێت: (مەنتوق) و تێگەیشتنی دوورتری، کە لەمیانەیاندا تێگەیشتنی ئاوەژوو، هەڵگەڕاوە (مەفهومی موخالیف)ـە، کە ئەمەیش، چەند جۆرێکی هەیە و یەکێکیان (مەفهومی شەرتە)، بەمانا، ئەگەر دەقەکە، مانایەکی گەیاند و وشەی وای تێدا هەبوو، کە پێدەچێت، حوکمەکە وابەستەبێت بەوشتەوە، ئەگەر هاتەجێ دەنا نا، وەك تێگەیشتن لە دەقێك کە مانای مەرجێتی (شەرتییەت)ی تێداهەبێت، کە لێرەدا دەبینین، مەرج گرتن هەیە، جائایا ئەم مەرجە ئیعتباری پێدەکرێت، یانا؟، ئەوەیە، کە دانەر باسی لێدەکات)(عمر).

(٢) (بەشێك لەمانای ئایەتی ٢٥ سورەتی ئەلنیسا).

(٣) (بەشێك لەمانای ئایەتی ٢٤ سورەتی ئەلنیسا).

(٤) (دانەر، لەلاپەڕە ٤٥ — ٤٦ ی کتێبەکەدا، بەدرێژی روونکردنەوەیەکی ئیمامی تەفتازانی دێنێت، کە من بە پێویستم نەزانی لێرەدا بیهێنم).

(٥) (دەستەواژەی تەواتور لەزانستیی فەموودەدا، بۆ ئەو دەقە، بەکاردەهێنرێت، کە بەریزبەندی کۆمەڵێك لەکۆمەڵێکەوە تا دەگاتەوە پێغەمبەر (د.خ)، بۆی گێڕابینەوە، بەمەرجێك پێکهاتەی ئەوکۆمەڵانە وەهابن، کە مرۆڤ گومانی درۆکردن لەکەسیان نەکات، کە فەرموودەکە پێی دەگوترێت: (موتەواتەر) و ئەم جۆرە بۆ خۆیشی لەسەر دووبەشە: ١- تەواتوری لەفزی. ٢- تەواتوری مەعنەوەی، ئیتر ئەم دەستەواژەیە، لای زۆرینەی زانایان بەکاردێت , بەڵام مەرج نییە بۆ یەك مانا بێت ئەوەی لێرەدا رازیی ئاماژەی بۆ دەکات ئەوەیە، کە ئەو قەرینەیە، بەپێوەری ئەوزانستە چەسپێ بێت)(عمر)).

(٦) (الرازی مرجع سابق، ١\٣٩٠).



(٧) (بەشێك لەمانای ئایەتی ١٢ سورەتی ئەلنیسا).

(٨) (التفتازانی، مرجع سابق، ١\١٤٩).

(٩) (بەشێك لەمانای ئایەتی ٩٧ سورەتی هود).

(١٠) (خەباتی ژمارە (٢٤٠٥)١٠\٢\٢٠٠٧ لاپەڕە چوار).

(١١) (بەشێك لەمانای ئایەتی ٣٨ سورەتی ئەلشورا).

(١٢) (بەشێك لەمانای ئایەتی ٤٣ سورەتی ئەلئەنفال).

(٢٣) (مسند احمد بن حنبل، ژمارە، ١١٨٧٧).

(١٤) (مسند احمد بن حنبل، ژمارە، ١١٨٢٢).

(١٥) (التفتازانی، مرجع سابق، ١\١٥٢).

(١٦) (بەشێك لەمانای ئایەتی ٧٢ سورەتی ئەلئەنعام).

(١٧) (بەشێك لەمانای ئایەتی ٣٣ی، سورەتی ئەلنور، موکاتەبە ئەوەیە: گەرکەسێك بەندەیەکی هەبوو، دەتوانێ بۆی بنووسێت، کەی ئەوەندە ماڵت بۆ هێنام ئازاد دەبیت، کە ئەمەیش هەنگاوێکە بۆ بەرەو پاککردنەوەی کۆمەڵگە لەدیاردەی کوێیلایەتی (عمر)).

(١٨) (مسند احمد بن حنبل، ژمارە، ١٦٣٣٢. تەواوی فەرموودەکە ئەوەیە، کە پێغەمبەر (د.خ)، لەکاتی نان خواردندا، یەکێك، لەیارە بچکۆلەکانی خۆی ئامۆژگاری دەکا و پێی دەفەرمووێت: ناوی خوابینە و بەدەستی راستت و لەبەردەمی خۆتەوە بخۆ) دەگێڕنەوە لەزاری مەلا مەحەممەدی گەورەوە، کە جارێك لەماڵێك میوان دەبێت و کابرایەکی دەستبڕی نەخوێندەواری خەڵك خەڵەتێنیش لەوێ دەبێ و بە ڕاستە و بە چەپەدا دەست دەگێڕێت و گۆشتی بەردەم ئەوانی دیش دەهێنێت بۆلای خۆی، فەقێیەك لەفەقێکانی جەنابی بەمەلای گەورەی جەلیزادە، روو بەکابرا، دەڵێ: (کل ب یمینك و کل مما یلیك)، مەلای گەورەیش، رووەدەکاتە فەقێکە و دەفەرمووێت: لێیگەڕێ بۆ ئەو وەکی ئالیکە!).

(١٩) (بەشێك لەمانای ئایەتی ٢٨٢ سورەتی ئەلبەقەرە).

( ٢٠) (بەشێك لەمانای ئایەتی ٦٠ سورەتی ئەلبەقەرە).

(٢١) (بەشێك لەمانای ئایەتی ٤٠ سورەتی فوصیلەت).

(٢٢) (بەشێك لەمانای ئایەتی ١٤٢ سورەتی ئەلئەنعام).

(٢٣) (بەشێك لەمانای ئایەتی ٤٦ سورەتی ئەلحیجر).

(٢٤) (بەشێك لەمانای ئایەتی ٢٣ سورەتی ئەلبەقەرە).

(٢٥) (بەشێك لەمانای ئایەتی ٦٥ سورەتی ئەلبەقەرە).

(٢٦) (بەشێك لەمانای ئایەتی ٤٩ سورەتی ئەلدوخان).

(٢٧) (بەشێك لەمانای ئایەتی ١٦ سورەتی ئەلتوور).

(٢٨) (بەشێك لەمانای ئایەتی ٨٠ سورەتی یونس).

(٢٩) (بەشێك لەمانای ئایەتی ١١٧ سورەتی ئەلبەقەرە).

(٣٠)(بەشێك لەمانای ئایەتی ١٣٠ سورەتی ئالی عیمران).

(٣١) (بۆ نموونە خوێنەر دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ كتێبە فیقهییەكان و سەرچاوەكانی فەرموودە، وەك كتێبی (نەیلول ئەوتاری ئیمامی شەوكانی، لاپەڕە، ٣٤٥).

(٣٢) (بەشێك لەمانای ئایەتی ٦ سورەتی ئەلمودەسیر).

(٣٣) (بەشێك لەمانای ئایەتی ٨٨ سورەتی ئەلحیجر).

(٣٤) (بەشێك لەمانای ئایەتی ٦٦ سورەتی ئەلتەوبە).

(٣٥) (بەشێك لەمانای ئایەتی ١٠١ سورەتی ئەلمائیدە).

(٣٦) (بۆ وێنە تەماشای كتێبی سیلسیلەی ئەحادیسی سەحیحەی، ئەلبانی بكە، بەرگی یەكەم، فەرموودەی ژمارە، ٢٢)(عمر).

(٣٧) (تائێرە لەخەباتی ژمارە(٢٤١٢)١٧\٢\٢٠٠٧ لاپەڕە چواردا، بلاْوكراوەتەوە).

(٣٨) (بەشێك لەمانای ئایەتی، ٥ سورەتی تەوبە).

(٣٩) (نهایة السول،٨١\٢. والمحلی علی جمع الجوامع، ٤٠٨\١).

(٤٠) ( بەشێك لەمانای ئایەتی، ٣٤ سورەتی تەوبە).

(٤١) (محب الله بن عبد الشكور، فواتح الرحموت: شرح مسلم الثبوت، هامش المستصفی للغزالي،٢٨٣\١).



(٤٢) (راجع: مؤلفنا ( تفسیرالنصوص المدنیة: دراسة مقارنة بین الفقهین المدني والاسلامي) رسالة دكتوراة، بغداد، ١٩٨١،ص١٨٣ ).

(٤٣) (شاه ولي الله الدهلوي، حجة الله البالغة. القاهرة: المطبعة الامیریة، ١٣٨٤هـ،٣٧٠\١ ).

(٤٤) (ناوبردنی قوتابخانەكەی، ئیبنوحەزم و داودی زاهیری، بەمەزهەب، بەلای هەمووكەسەوە قەبوولْ نییە، چونكە هەرگیز ئەوان بۆ خۆیان بە مەزهەب و شوێنكەوتنی مەزهەبێكی دیاریكراو رازی نەبوون، تەنانەت هەندێك لە زانایان، كتێبە گەورەكەی ئیبنو حزم (المحلی)، ناودەبەن بەمەنجەنیقی فەقیهەكان، هەر بۆیەكە، بەڕای من ناوبردنی بەمەزهەب جۆرە مەجازێكە، دەنا ئەوان، كە خۆیان نا بۆ مەزهەب درووشمیان بوویێت، لەكوێ ڕێگە بەوە دەدەن، كە كەسێك لاسایییان بكاتەوە و بۆ چوونەكانی خۆیان ناوببەن بەمەزهەب؟)(عمر).

(٤٥) (ابن حزم الظاهري، الاحكام في أصول الأحكام. القاهرة: مطبعة العاصمة، ٩٢٩\٦).

(٤٦)(تا ئێرە لەخەباتی ژمارە (٢٤١٩)٢٤\٢\٢٠٠٧ لاپەڕە چواردا، بلاْوكراوەتەوە).

(٤٧) ((ئیستیحسان)، بە مانا: بە باش زانینی فەقیە بۆ حوكمێك. (مەصالیحی مورسەلە)یش، واتە: ڕەچاوكردنی بەرژەوەندییە گشتییە بێ سنوورەكان، كە لەنێو زانستی ئوسوڵی فیقهی ئیسلامیدا، دەستەواژەن، جیاوازییەكی زۆر هەیە لەنێوان زانایاندا، لەسەر ئەوەی كە ئایا، دادەنرێن بەسەرچاوەی دارِشتنی شەریعەت، یان نا؟، چونكە ئەگەر ئەودوانە هەبن، زیاتر دەرگا بۆ عەقڵی گەورە زانایان و موجتەهیدەكان والاْدەبێت و لەژێر ڕۆشناییاندا زۆرێك لەكێشە و پرسە هەنووكەیی و هاوچەرخییەكانی هەرسەردەمێك، چارەسەر دەكرێن و زیاتر زانایان دەتوانن لەڕێگەی كۆڕبەند و دەزگا فیقهییەكانەوە، بەكاریان بهێنن و زیاتر ببێتە بەڵگەی فراوانی عەقڵی تەشریعی ئیسلامی و بەهەند وەرگرتنی تاكەكان، بەلاْم ئەگەر دەرگایان لێ دابخرێت رووبەڕوو بوونەوەیەكی بێ سنوور دێتە پێش لە نێوان

کێشه تازەکان و دەقەسنووردارەکاندا، کە ئەگەر دەرگا لەسەر بەباش زانینی فەقیە (ئیستیحسان) و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە گشتییە بێ سنوورەکان (مەصالیحی مورسەلە)، دابخەین، زۆرێك لە ڕووداوەکانی ئەمڕۆ، بێ وەڵام دەمێننەوە!، چونکە هەرگیز ناتوانین بڵێین: دەقەپیرۆزەکانی، بەردەستمان، بەتێروتەسەلی، بەشی وەڵامی هەموو پرسیارێك و چارەسەری هەموو کێشەیەك دەکەن)(عمر).

(٤٨) (راجع مؤلفنا: فكرة القانون الطبيعي عند المسلمين: دراسة مقارنة. بغداد: دار الرشيد، ١٩٧٤، ص١٧٤).

(٤٩) (التفتازاني، مرجع سابق، ١\٣٨).

(٥٠) (تائیرە، لە ڕۆژنامەی خەباتی ژمارە (٢٤٢٦)٣\٣\٢٠٠٧ لاپەڕە چواردا، بڵاوکراوەتەوە).



## (٧)

## دەروازەی دووەم

## تێگەیشتن لەمانای دووری دەقەکان و مانای داڕشتنەکان

### بەشی دووەم:

### فیقهی مانا و فیقهی ئامانجەکان:

فیقهی ماناکان، شتێکی تازە و داهێنراو (بیدعە) و نوێ نییە، بەڵکو لە بنەڕەتدا بنەماکەی، دەگەڕێتەوە بۆ فیقهی ئامانجەکانی داڕشتنی شەریعەت، کە لە سەردەمی خەلیفە ڕاشیدەکاندا، لەگەڵ ئەوەی، زۆریش نزیك بوون لە سەردەمی هاتنەخوارەوە و گوتنی دەقە ڕێزلێگیراوەکان، برەوی سەند و زۆر بەرووون و دیاری گەشەی کرد و درەوشایەوە.

ئەو سەرچاوە و پەرتووکانەی، کە باس لەمێژووی داڕشتنی شەریعەت دەکەن، پڕیانە لەنموونەی جوان و قەشەنگی سەردەمی عومەری کوڕی خەتاب (ر) و هەڵسوکەوتی ڕامیاری و بلیمەتانەی ئەو کەسایەتییە، کە بەزۆری پشتی دەبەست بە فیقهی ئامانجەکان و بایەخێکی بێ سنووری بەو شێوازی تێگەیشتنە دەدا، لە هەموو نموونەیەکی زیندووی بەناو و دەنگی، ئەوجۆرە بۆچوونەی، گەورەتر، ئەوەبوو، کە عومەر (ر) مەسەلەی دڵڕاگیرکراو (موئەللەفەتول قلوب)[1]ی ڕاگرت و وەلای نان و لەزەکاتی دەوڵەت بەشی نەدان و وەك ئەو ئایەتەی قورئانی نەکرد، کە دەفەرمووێت: (زەکات و خێر و خێرات، دەبێ بدرێ بەوانەی، کە هەژاری بێ داهات (فەقیر)ن و ئەوانەیش کە هەژاری کەم دەرامەت (میسکین)ن و ئەوانەیش، کە کار دەکەن بۆ کۆکردنەوەی زەکات و ئەوانەیش، کە دڵڕاگیرکراو (موئەللەفەتول قولوب)ن و ئەوانەیش، کە بەندەن و دەیانەوێ ئازاد بن و هەروەها لەڕێگەی خوادا)[2]. عومەر (ر) نەهات بەدیار دیوی دەرەوەی ئایەتەکەوە ڕاوێستێ، بەڵکو بەدوای ئەو چاخ و کات و سەردەم و کەش و هەوایەدا گەڕا، کە ئایەتەکەی تێدا

هاتۆتە خوارەوە، لەدووی حیکمەتی  هاتنەخوارەوەی ئایەتەکە وێڵ بوو، لەدووی ئەوحیکمەتە دەچوو، کە لەو دیو ئەو بەخششەوەبوو!،  هەر بۆیەکە وای بۆهاتە پێش و  وای بەباش زانی، کە ئەوکۆمەڵگە تازەیەی ئەوان، هیچ پێویستی بەو دڵڕاگرتنەی ئەو جۆرەکەسانە نییە،  یان بۆ راکێشانی سەرنج  و عەقڵیان بۆ لای ئیسلام، هیچ پێویستی، بەپارەپێدان و رامکردنیان نەماوە، چونکە ئێستا ئایینی ئیسلام بەهێزە و ولاّتی خۆی هەیە، ئەگەر پارە پێبەخشینیان، بۆ دڵڕاگرتنیانە، ئەوا هیچ پێویستی بەوە نەماوە و ئەو عیللەتە رۆڵی نەماوە،  عیللەتیش ئەوەیە، کە حوکمی پێوە بەندە و پێیەوە هەڵواسراوە، ئەمە ئەو فیقهەیە، کە لەسەرمانا و ئامانج  بەندە،  نەك لەسەر وشەکاری  و داڕشتن و پێت ئامێزی.

وێنەیەکی دیکەی، سیاسەتە دووربینەکانی عومەر (ر)،  کە دەبێتە بەڵگەی وەپێش خستنی فیقهی ئامانج بەسەر فیقهی مانادا، ئەوەبوو، ئەو دزانەی لەساڵی برسێتی و بێ بارانی و قاتوقڕی و کەم دەرامەتیدا، لەبەر نەبوونی، دزییان کرد[٣]عومەر (ر)، فەرمانی دەست بڕینیانی راگرت، چونکە تەماشای رۆحی دەقەکانی دەکرد و لەوێوە بۆ وەرگرتنی حوکمەکان دەردەچوو، لەوەوە دەیروانی، کە ئامانج لەو حوکمانە، پاراستن و سلاّمەتی  کۆمەڵگەیە و ئەوەی مەبەست بوو، دەیزانی لەکاتە ناهەموار و ناخۆش و نەهامەتەکاندا، دزی کردن زۆر دەبن، جا گەر بێت و دەستی هەر دزێکی هەژاری خاوەن پێویستی و نەداری بڕیایە، سەری دەکێشا بۆ کەم ئەندامکردنی زۆرێك لە خەڵکان و ئەوەیش کاری دەکردە سەر پاراستنی کۆمەڵگە.

لەگەڵ سەرهەڵدان و دەستپێکردن و گەشەکردنی بایەخدانێکی بێ سنوور، بە فەرموودەی پێغەمبەر (د . خ)، فیقهی ئامانجەکان دەستی کرد بەلاواز بوون، چونکە لەو قۆناغەدا، بایەخەکان گۆڕرا بۆ کۆکردنەوە و نووسینەوەی فەرموودەکان  و بایەخدان بە لێ تێگەیشتنیان و هەڵسەنگاندنی راوییەکان و گەشت و کۆچکردن لە پێناو دۆزینەوەی دەقێکدا و توێژینەوەکردن لەسەریان، کە پێشتریارەکانی پێغەمبەریش (د.خ)، بەگوڕ و تین بەرەوڕووی کۆکردنەوەی، ئەو فەرموودانە نەچوون، چونکە کاتی خۆی پێغەمبەر (د.خ)، رێگەی لە نووسینەوەی دەقەکان گرتبوو[٤].



گەرچی دەکرێ پاساو بۆ ئەم سەرپێچی کردنەی، نووسەر و کۆکەرەوەکانی فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ)، بەرێگەگرتن لەنووسینەوەی فەرموودەکان، بەوە بدرێتەوە، بەتێگەیشتن لەمانا نەك ئارمانج، چونکە بەلای ئەوانەوە وابوو، کە ئیتر نوسینەوەی دەقەکان ترسی بە قورئان تێکەڵبوونیان نەماوە[٥]، وێڕای ئەوە قۆڵهەڵماڵینی کۆمەڵێکی زۆر لە قوتابیانی زانستە شەرعییەکان و تەقینەوەی هزر و مێشکی خەڵکی، بۆچەندین زانستیی تازە، بۆچوون و تێگەیشتنەکانی بەدنیا و ئاسۆیەکی دیکەدا برد، کە بایەخ بە وشە و تیپئامێزی دەدات.

لێرەوە زانستەکانی رێزمانی عەرەبیی ،( **نحو**) و (**صرف**) و رەوانبێژی زمانی عەرەبی (**بلاغة**)، دەستپێکرد و گەشەیکرد و بگرە لە بواری لێکدانەوی مانای دەقەکان و وەرگرتنی حوکم لێیان، بلیمەتییەکی زۆریان وەدیار خست و زانستێکی ئەکادیمی هاتە پێش، کە هەموو یاسا و پڕۆگرامەکانیان بەکار هێنا بۆ شوناسیی مانا و بەڵگەکانی دەق، ئەوزانستەیش، پێی دەگوترێ: (ئوسولی فیقە)، وەك چۆن پشتیشیان بەست بە بناغەکانی رەوانبێژیی عەرەبی و رێباز و پڕۆگرامەکانی، زانستیی مەعانی و بەیان و بەدیع بۆ گەیشتن بە تێگەیشتن لەنهێنییەکانی ئیعجازی زانستیی و داڕشتنەکانی قورئان[٦].

ئیترلەژێر رۆشنایی ئەم هۆکارە هونەرییە زانستییانەدا، کەوتوونەتە سیبر[٧]ی دەقەکان  و توێژینەوەیان لەسەر وردەکاری وشە و ماناکانیان کردووە،  دواتر هەلاّوێردێکی تەواوی هەموو بۆچوونەکانیان کردووە و بەپێی مەنتیق و بۆچوونە زمانەوانییەکانی زمانی عەرەبی و سنوورەکانی ئوسوڵ و مەنتیق و تەماشاکردنی ئیحتیمال و فەرەزییات دانان، بڕیاریان لەسەرداوە،  وەك ئەوەی وردبوونەتەوە لەدەقێك، داخۆ ئەوە تایبەتیی (خاص)ـە، یاخود گشتگیرە.

لە مەسەلەی خودی گەیاندنی حوکمی تایبەتی (خاص)یشدا لێکجوداییەکی زۆر لەنێویاندا هەیە، ئەویش بەپێی پێشوەچوونی فیقهی ماناکان  و کاردانەوەی لەسەر فیقهی زانایان دووبارە ئەویش لەوەوە، داخۆ ئەو دەقە سنووردار (موقەید)ـە، یاخود بێ سنوور (موتلەق)ـە ؟.

لەوەیشدا، داخۆ هەردەقێك کە موتڵەق بوو، دەبێ وەك خۆی بەموتڵەقی بمێنێتەوە، یاخود ئەوەی موتڵەقە بە پێوەری موقەییەدەکانی هاوشێوەی لێکدەدرێتەوە و حەملی موتڵەق دەکرێتە سەر موقەییەد؟، چەندین بۆچوونی لێکجودا هەیە و هەرلایەنەیش، بۆ بەهێزکردنی بۆچوونەکەی، پشت بەچەندین دەقی ئوسوڵیی دەبەستێت، لەلایەکی دیکەیشەوە، باس لەو دەقانە دەکەن، کە گشتگیرن و تایبەتیکەر (موخەصیص)یان، لەگەڵدا نەهاتووە.

لە حوکمی گشتگیرەکانیشدا، کۆمەڵێك بۆچوونی لێکجودا هەیە، لەنێوان وێستان بەدیاریانەوە، داخۆ، حوکمەکانیان قەتعی و یەقین بەخشن، یاخود، گومان بەخش؟، سەرچاوە گەورەکانی زانستی ئوسوڵی فیقە، پڕن لەم باسانە، وەك کتێبی (التلويح، للتفتازاني) و (المحصول، للرازي) و (إرشاد الفحول، للشوكاني) و (جمع الجوامع، للسبكي)، یاخود، هەرئەو دەقە گشتگیرەی تەخصیص رووی تێکرد، لەو شوێنەدا یەقین دەگەیێنێت و دواتر وەك خۆی دەمێنێتەوە؟[8].

هەندێکی دیکە، لەو بۆچوون و هەڵسەنگاندن و ئیحتیمالانەی، کە روو لە وشەدەکات و هەڵی دەگرێ، ئەوەیە کە:

أ: نەزانرێ مەبەست پێی، هاتنێتی بۆ گەیاندنی حەقیقەتیماناکەی - کە خۆی لەبنەڕەتدا، هەموو قسەیەك، کە دێت و دەکرێت بۆ ئەوگەیاندنی حەقیقەتی مانایە دێت.

ب: یاخود وشە دیوێکی دیکەی رواڵەتی وشەکە (مەجاز)، دەگەیێنێت، بەوەی، کە لەگەڵیدا، بەڵگە (قەرینە)یەك هاتبێت، کە ببێتە بەڵگە لەسەر ئەوەی، کە مەبەست بەو وشەیە، دیوە دیارەکەی نییە و مانا دوورەکەیەتی.

ج: یاخود دەقەکە ئەوەندە بەکورتی (موجمەل)، هاتبێت، تا لە داڕێژەری شەریعەتەوە روونکردنەوە و درێژەپێدان نەیەت، ئامانج لەوتن و هاتنی نەزانرێت.

د: یاخود دەقەکە بۆ لێکدانەوە و روونکردنەوەی دەقێکی دیکەی پێش خۆی هاتبێت.

هـ: یاخود مانای دەقەکە، دیاربێت، بەلاّم دوورخستنەوە لەمانای بنەڕەتیی خۆی (تەئویل) هەڵبگرێت.



و: یاخود، هەرلەخۆیدا، لەمانا بنەڕەتییەکەی خۆی دوور خرابێتەوە، واتە: (تەئویل) کرابێت.

ز: وێڕای بوونی چەند لێکدانەوەی لێکجودا لەدنیای مانای پێچەوانەی دەق (مفهوم النص)، کە یەکسان (موافیق)، یان بەرامبەر (موخالیف) بێت.

ح: یاخود روونی گەیاندنی بەڵگەییێتی بەهەریەك لە رێگەکانی بەڵگەییێتی گەیاندن، وەك خودی دەقەکە (عبارة النص)، یاخود ئاماژەی دەق (إشارة النص)، یاخود خواستراو و گەیاندنی دەق (اقتضاء النص) بێت.

لەژێر رۆشنایی ئەم هەموو قووڵ بوونەوە و بەرفرەییێتی کردنە بێ سنوورەی، بەڕاست و چەپدا، کە هەموولایەکی گرتۆتەوە، کە بەزۆریش لە بەقوولاّیی چوونی داڕشتنەکاندا قۆرخ دەبێت، نەوەك لەمانا و ئامانج و خواستەکانی ناردنی دەقدا، گەنجینەیەکی گەورە لەو بوارەدا دێتە بەرهەم و کەوتۆتە بەردیدی خەڵك.

ئەوەی راستی بێت ئەم زانستە و ئەم جۆرە پیشەیە، بەشێوەیەکی بەرچاوی وەها، فیقهی ئیسلامی زەنگین کردووە، کە ئەو فیقهزانەی بیەوێت بەدوواداچوون و توێژینەوە بکات، بەپێی پێوەری ئەم جۆرە فیقهە، لەهەر بوارێکدا، ئەوەی بیەوێت پێی بگات و لەدووی وێڵ بێت، دەستی دەکەوێت، بائەو بابەتەی لەدوویشی دەگەڕێت، بابەتێکی (فەرەزی) رووت بێت، ئەمەیش دیاردەیەکی وەهایە، پێم وانییە کە هەرگیز، لەشەریعەتە هاوشێوەکانیدا چنگ بکەوێت!، وەك شەریعەتی (ئنکلوسکسونی) و (رومانی) و (لاتینی) و (صینی).

**پێدەچێت بوونی ئەو هەموو گەنجینە زۆرەی دەق:**

أ: لەلایەك وای کردبێت، کە بێ باك و بێ نیاز بووبن، لەگەڕان بەشوێن مانا و ئارمانجی دەقەکاندا.

ب: لەلایەکی دیکەیشەوە، یارمەتیدەر بووبێت بۆیان، کە ئەوەندە پابەندبن بەلایەنی رێبازی زمانەوانییەوە، نەك وابەستە و وێڵ بن لەدووی ئەو سیاسەتە گشتییەی، کە بووەتە بنەمای سەرەکی بۆ ئەم داڕشتنە فیقهییانە، کە وێڕای ئەمە، دەتوانین هۆکاری سەرەکی لەدووخاڵدا کۆبکەینەوە:

**یەکەم:** ئەو جۆرە فیقهزانانە، چێژێکی بێ سنووری عەقڵیی و هزرییان دەبینی، لە جوانکاری و ڕەوانبێژی و قووڵبوونەوەدا لە وەرگرتن و دۆزینەوەی بەڵگەکان، بەپێی ڕێباز و پێوەری زانستیی (مەنتیق) لەبوارە فیقهییەکاندا، تەنانەت بەشێوەیەکی ئەوها بوو، کە لێهاتوویی لەم بوارەدا، بەڵگەی شارەزایی و بلیمەتی ئەو کەسەبوو، بەتایبەتی لە وڵاتانی بەدەر لە وڵاتی عەرەبیدا.

ئەمەیش خۆی لەخۆیدا، هۆکارێکی گەورە و کاریگەربوو، بۆ ڕاکێشانی قوتابیانی زانستەشەرعییەکان، لەزۆربەی وڵاتەکاندا، کە بۆ بەدەستهێنانی زانست، سەدان هەزار میل ڕێگا ببڕن، لەوپەڕی (سەمەرقەند)ەوە، بۆ (بەغدا)، یاخود بۆ (فاس) و لە (ئەندەلوس)ەوە بۆ (بەغدا) و (بوخارا) و (دیمەشق) و (هەولێر) و (موسل) بۆ ئەوەی لەسەر چاوەی ئەم زانستانەوە سوود بکەن و هێندەی بتوانن لێیان هەڵبقۆزن و بەباشی لەوزانستانە شارەزابن.

گەربمانەوێت بەڵگە لەسەر ئەم وتانەمان بهێنینەوە، دەتوانین، باس لەو سەرچاوانە بکەین، کە لەم بوارەدا نووسراون و دانراون و بەڵگەن لەسەر ئەم تەوەر شێوە توند و پڕ گرێ و قورسەی داڕشتنیان لە فیقهی ئیسلامدا، وەك پەرتووکی (توحفە تولموحتاج)ی (ئیبنو حەجەر) لەفیقهی مەزهەبی شافیعی و (هیدایە)ی (مەرغینانی) لە فیقهی مەزهەبی حەنەفی و سەدان پەرتووکی دیکە، لە فیقە و ئوسوڵ، کە سەرجەمیان، بەشێوازێکی قورس و گران داڕێژراون و پڕیانە لەزاراوەکانی زانستیی (مەنتیق) و چەندین داڕشتن و ڕستەی وەها، کە لەهەندێك کاتدا، زیاتر لەمەتەڵ دەچن تا بابەتێکی فیقهی، کە بۆ چارەسەری کێشەکانی خەڵك دانرابن.

**دووەم:** لایەکی دیکە ئەوەیە کە فیقهی مانا، سوودی نییە بۆ بابەتە عەقیدی و لایەنە پەرستشی و هەروەها لایەنە پەروەردەیی و بابەتەکانی ڕەوشت و لەم مەسەلانەدا هەموو لایەکمان بەدیار ڕواڵەت و دیوی دەرەوەی دەقەکان، هەڵوەستە دەکەین و لە داڕشتنەکانەوە، چاوەڕێی وەڵام دەکەین، نەوەك فیقهی مانای داڕشتنەکان، چونکە فیقهی مانا و ئامانجەکانی دەق، زۆرتر پەیوەندییان، بە



ڕووداوەکانی سیاسەت و کۆمەڵگەوە هەیە و زۆرتر توانای گۆڕانکاری وەرگرتن و گۆڕانکاری هێنانی هەیە!، ئەم جۆرە تێگەیشتنەیش، زۆرتر شایانی ئەو فەقیهەیە، کە بڕیاری سیاسی بەدەستە، یاخود ڕێنمایی و پێشەنگی کۆمەڵگە دەکات، یان، لەم دوو بوارەدا کاردەکات.

ئەوەیش لای هەمووان ڕوونە، کە فەقیهەکان، زۆر زوو و لە دێرزەمانەوە، لەسەرۆکایەتی کردن و بەڕێوەبردنی دەوڵەت!، دوورخراونەتەوە، کە ئیتر فیقهی داڕێژراوەکان، بەو شێوازەی کە باسمان لێکرد، بەوان شایانتر بوو!.

دەرەنجامەکەیشی ئەوەبوو، کە ئەو بایەخە زۆرەی دەیاندا، بەو دەقە فیقهییانەی، کە بریتی بوون لەتەعبیردانەوەی مرۆڤانە، لەکۆمەڵێك تێڕوانینی مرۆڤانە و بەدووداچوونی گەیاندنی مانا و حوکم، بەتایبەتی لەدەقێکی شەرعیدا، کە لەدوور، یان لەنزیك تیایدا سوودمەند بووبن، قەتعی، یان زەنی، زۆر زۆرتربوو، لەبایەخدانیان، بەواقیعی کۆمەڵگە.

ئەمەیش ئەوە ناگەیەنێت، کە بڵێین: ئەوان بەهەمووشێوازێك فیقهی مانا و ئامانجەکانیان هەڵوەشاندۆتەوە، بگرە جاری وا بووە، لەهەندێك لەو ڕێگەیانەوە، کە ئیجتیهادیان تێداکردووە، هەوڵ و حەزێکی زۆری گەڕانەوەی تێدا بەدی کراوە، بۆ گەڕانەوە بۆلای فیقهی ماناکان، وەك چۆن لەم بوارەدا، پێشتر ئاماژەمان بۆ (ئیستیحسان) و (مەسالیحی مورسەلە) و (قیاس) کرد.

## پەراوێزەکان

(١) دیاریکردنی مەبەست بە دەستەواژەی (موئەللەفەتول قولوب) لەفیقهی ئیسلامیدا، وەك هەر بابەتێکی دیکەی ئایینی، پڕیەتی لەڕای جیاواز ، کە ئیمامی قورتوبی، لە لێکدانەوەی ئەم ئایەتەدا، زۆربەیان دێنێت و دەفەرمووێت: بەدەر لەم ئایەتە، لە هیچ شوێنێکی دیکەی قورئاندا باس لەو چین و توێژە نەکراوە و مەبەستیش پێیان:

أ- خەڵکانێك بوون کە لەسەرتای هاتنی ئیسلامدا، بەرواڵەت خۆیان بەموسڵمان نیشاندەدا و لە ناوەڕۆکدا، ئیمانیان لاوازبوو، بۆ دڵنەوایی کردنیان، لەزەکات بەشیان پێدەدرا.

ب- هەر جوولەکە، یان (دیان، گاور، فەڵە)، یەك موسڵمان ببوایە، ئەو زاراوەیان بۆ بەکار دەهێنا و لەو بەشە یارمەتییەیان پیێ دەدرا.

ج- هەندێك بوون، لەبیێ بڕوایان، کە ئەو یارمەتییە دەدران، بەڵکو دڵیان بۆ ئیسلام رام بکرێت، چونکە بەزۆر و بەشمشێر نەدەهاتنە ژێر رکێف، بەڵام بەسامان و چاکەکردن لەگەڵیاندا، موسڵمان دەبوون.

د- خەڵکانێك بوون بەدڵ بڕوایان نەهێنابوو، هەر رواڵەت بوو.

ه- خەڵکانێك بوون لەگەورەپیاوانی، بیێ بڕواکان و خەڵکێکی زۆریان لەگەڵ بوو بەم شێوە رام دەکران)(عمر).

(٢) (بەشێك لەمانای ئایەتی ٦ سورەتی توبە).

(٣) (ئیمامی تەبەرانی لەمێژووەکەی خۆیدا لاپەڕە ٦٦٨ چاپی، بەیتول ئەفکارولدەولە، دەڵیێ: ساڵی برسێتی، یان ساڵی تاعونی عەمواس، یان ساڵی رەمادە، بریتییە، لەساڵی هەژدەی کۆچی، کە تیایدا خەڵکی تووشی نەهامەتی و بیێ بارانی و برسێتی و نەدارابیەکی زۆربوون)(عمر).



(٤) (بەگەڕانەوە بۆ نێو سەرچاوەکانی زانستیی فەرموودە و سەرچاوەکانی فەرموودە، دەگەینە، مێژووی ئەو کاتەی کە تێدا پێغەمبەر (د.خ)، لەسەرەتادا رێگەی لە کۆکردنەوە و نووسینەوەی فەرموودە گرتووە و هەرلەمیانەی ئەم زنجیرە نووسینەماندا ئەوانەمان باسکردووە، هیوادارم ئەم بۆچوونەی جەنابی دانەر، لەلای هەندێك بەهەڵە نەیەتە ژماردن، کە ئێمە لەسەردەمێکدا دەژین، کە تێگەیشتن بۆتە ئەزمە و بەزەحمەت نەبێت زۆرێك لەخەڵك لە وشە ناگەن)(عمر).

(٥) (وەك پاراستنی ئەمانەتی وەرگێڕان دەقی وتەکانی دانەرم کردووە بەکوردی، دەنا رەنگە بەکارهێنانی ئەو رستانە، بۆ کۆکەرەوەکانی فەرموودە، بەلای خۆیشمەوە زۆر پەسەند نەبێت)(عمر).

(٦) (ئەوەی کەمترین شارەزایی لەزانستەکانی زمانی عەرەبیدا هەبێت، دەزانیێ کە زانستی رەوانبێژی (بەلاغە)، خۆیشی سیێ بەشی سەرەکییە و پێیان دەگوترێت: مەعانی و بەدیع و بەیان، کە مامۆستایانی کۆنمان بەزۆری لەنووسین و شیعرەکانیاندا سوودیان لیێ کردوون و بەکاریان هێناون، بەتایبەت جەنابی خانی و جزیری و مەحوی و نالی و وەفایی و سالم و...هتد)(عمر ).

(٧) (دەستەواژەی سیبر لە ئوسوڵی فیقهی ئیسلامیدا، وەك شێخ مەحەممەد ئەمین شەنقیتی لەلاپەڕە ٢٥٧ی موزەکیرەکەیدا بەسەر، (روضة الناظر)وە دەڵیێ: دوای دۆزینەوە و دیاریکردنی چەند عیللەتێك بۆ حوکمێك ئەو هەڵاوێرد کردن و دیاریکردن و دەستنیشان کردنەی عیللەتەکە پێی دەگوترێت سیبر)(عمر).

(٨) (تائیێرە، لە رۆژنامەی، خەباتی ژمارە (٢٤٥٧)٧\٤\٢٠٠٧ لاپەڕە چواردا، بلاوکراوەتەوە).

**(٨)**

## دەروازەی دووەم

## تێگەیشتن لەمانای دووری دەقەکان و مانای داڕشتنەکان

### بەشی سێیەم:

### فیقهی ماناکان و قوتابخانەی وابەستەگی بەدەقەوە:

ئەم دوانـە، دوو قوتابخانـەی، هاوتـا و بەرامبـەرن بەیەکـدی، بـەلاّم قوتابخانـەی وابەستەگی بەدەقەوە (قوتابخانەی راڤەکردن و لێکدانەوەی دەق)، یەکانگیر دەبێت لەگەڵ فیقهی داڕشتنەکان بەوشێوازەی، کە لای ئەهلی راکاریی هەیە و تەواو بـووە، نـەك وەك ئەوەی، لای ئەهلی زاهیرە.

ئەوەی زانراوە، قوتابخانـەی لێکدانـەوە و مانـاکردنی دەقـەکان، لـەدوای داڕشـتنی تەشـریع، لـە لایـەن ناپلیۆنـەوە لەسـاڵی (١٨٠٤) زایینیـدا، راپـەڕی، کـە ئـەوکات فەقیهەکان، بەشێوەیەك خولیای ئـەم رێتمـە بووبـوون، کـە سـەیرکردنیان بـۆی، وای لێهاتبوو، کە وەك دەقێکی رێز لێگیراو لێی بڕوانن و نابێت کەس لێی نزدیك ببێتەوە!.

وای بۆ دەچوون، تاهەرچەند داخوازییەکان و تازەکارییەکانی ژیان سەخت بێت، ئـەم یاساداڕشتنەیان بەکەڵکی ئەوەدێت، کە فریای هەموئەوانەی دیتریش بکەوێت، بـەپێی بۆچوونی ئەوان، لای ئەوان وەلاّم و چارەسەری هەمووشتێکیان لەلا دەستدەکەوێت، بـا رووداو و کێشە و ئاریشەکان، چەند یاسایی، یان نا یاساییش بن![1].

فەقیهی فەڕەنسی (دیمولومب)، هەردەم شانازی بـەوە دەکـرد، کـە بـست بەبـست و هەنگاو بەهەنگاو، لەشوێن دەقەکان دەڕوات، هەروەها شانازی بەوە دەکرد، کە دەیگوت: بەئاسانی دەتوانێ بگاتە جۆری بیرکردنەوەی داڕێژەری شەرع و هەردەم دەیگوت: دروشم و ئامانج و بیر و باوەڕی من، بەر لەهەر تشتێکی دیکە، بریتییە لەدەقەکان.

بەلاّم ئەم وابەستەگێتییە بەدەقەوە، وردە وردە کەمبووەوە و لەدواتردا، تویێژەرەوە و ئەوانەی لێکدانەوە و راڤەی دەقەکانیان دەکرد، رێگەی ئـەوەیان دا بـەخۆیان، کـە ئـەو

خواست و ئیرادانەی، لەو دیو داڕشتنی دەقەکاندان، ببوورێنن و بیپەڕێنن، بۆ ئەو بەڕێوەبردنانەی دەقەکان، بەتایبەت هەرکاتێك زەرورەتێك رووی تێدەکردن![2]، لێرەوە ئەم قوتابخانەیە لەگەڵ قوتابخانەی فیقهی ماناکان، یەکانگیردەبێت و یەك دەگرن و دوور دەکەونەوە لەقوتابخانەی وشەکاری.

ئەوەی جێگەی بایەخ و گوتنە، ئەوەیە، کە بە پیرۆز سەیرکردنی دەقەکانی تەشریع، دەبێتە نمایندە و رواڵەتی دیاری رێبازە تەقلیدی و لاساییەکەی، تەفسیری دەقی پیرۆز، یاخود تەفسیری دەقی تەشریعیی دانراوی ئادەمیزاد. لەگەڵ ئەوەی دواتر لەژێرسایەی بەیاساکردنەکانی (ناپلیۆن)دا، وەك رێتمێکی فیقهیی بۆ لێکدانەوەی دەقەکانی لێهات، کە ئەوەیش شتێکی تازە نەبوو، بگرە ئەوە رێبازێکی هزرییە و رێباز وەرگرتن و رێنمایی کردن لە عەقڵەوە رێنموویی مرۆڤ دەکات بۆی بۆ گەیشتن بەو یاسایە، کە رێز لە دەقەکان بگرێت و هەردەم لەگەڵ بەدیارکەوتنی دیاردە یاساییەکاندا، بەدیاردەکەون.

لەسەردەمی زانستیی، یاسای رۆمانیدا، فەقیهەکان لەتەفسیرەکانیاندا، رێتمێکی دیکەی وایان گرتەبەر، کە لەسەربنەمای بەدوواداچوون و توێژینەوە و باس لێکردن و رۆچوون بە قوولاّیی ماناکاندا بڕوات و لەدووی بنەما و بنچینەی داڕشتنی خودی وشەکان و رۆچوون بەدیارقولاییەکانیاندا بزانرێت، بنەما و رەگەزی شتەکان و مەبەستی داڕێژەری دەق و یاساکان و ناسینەوەی خواستی شەرع داڕێژی حەقیقی و لێکدانەوەی مەنتیقی، کە پشت ببەستێت بە بەکارهێنان و بەگەڕخستنی لێکچواندن (قیاس)ی مەنتیقی.

لەگەڵ ئەوەی، دەقە تەشریعییەکانی یاسای ئینگلیزی کەم بوون، بەلاّم ئەم رێباز و رێتمە، زۆرنامۆ نەبوو لە فیقهی ئینگلیزی، کە لێرەوە، فەقیهی ئینگلیزی ئەلن دەڵێ: (لەمیانەی ئەو یاسا و بنەمایانەی، کە لەکاتی تەفسیرکردن و لێکدانەوەی هەربڕگەیەکی یاساییدا، سوود بەخشن، ئەوەیە، کە مرۆڤ، وەفای هەبێت بۆ هەرمانایەکی باو و زانراو و بەکارهێنراوی هەردەقێك و بەپێی لێکدانەوەیەك بێت، کە نەحوییەکان بەکاریان هێناون، بەمەرجێك، لەگەڵ مەرامە سەرەکییەکانی داڕێژەری یاساکاندا دژنەبن)[3][4].



## پەڕاوێزەکان

(١) (عبد الحی حجازی:. المدخل لدراسة العلوم القانونیة . الکویت: مطبعة الکویت، ١، ١٩٧٤/٥٦٣).

(٢) ( راجع مؤلفنا : تفسیر النصوص المدنیة، ص ١٧٠).

(٣) (المرجع السابق ، ص ١٨٨).

(٤) (ئەم بیرۆکەیە، گەرچی بەپلەی یەکەم، باس لە بۆچوون و گوتنی خەڵکانێکی دیکە دەکات، بەلاّم ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ نێو دەقەکانی قورئانیش شتی وای تێدا بەدی دەکەین، کە هانمان دەدات بۆ رەچاو کردنی عورفی خەڵکی، بەمەرجێك ئەو عورفە دژنەبێت بەیاسا سەرەکیی و بنەڕەتی و دامەزراوەکانی ئایین، وەك ئایەتی ١٩٩ی سورەتی ئەلبەقەرە، کە دەفەرموویێت: (خذ العفو وأمر بالعرف وأعرض عن الجاهلین)، کە یەکێك لەماناکانی فەرماندانە بەرەچاوکردنی عورف و باوی باش، زۆرجاریش زانایان کە دەمانگێڕنەوە بۆ هەندێك شێوازی خوێندنەوەی ئایەتەکانی قورئان، پێمان دەڵێن: ئەو جۆری خوێندنەوەیە، لەڕووی ماناوە دروستە، بەلاّم چونکە لەڕووی خوێندنەوەی بەشێوازی زمانەوانی و قەواعیدی نەحو، رێك نییە، دەبێ ئەوها نەخوێندرێتەوە و ئەوهایش لێك نەدرێتەوە، وەك ئایەتی ١٣ی سورەتی لوقمان، کە دەفەرموویێت: (وإذ قال لقمان لإبنه وهو یعظه لاتشرك بالله، إن الشرك لظلم عظیم)، گەربێت و لەسەر وشەی (لاتشرك) رابوێستی و دواتری بخوێنیتەوە، وەك سوێندی لێدێت و لەڕووی ماناوە جوانییەك دەبەخشێت، بەلاّم چونکە لەڕووی زمانەوە وانەهاتووە، دەڵێن: ئەوجۆرەخوێندنەوەیە، نامۆ و نەشازە)(عمر).

(٩)

## دەروازەی دووەم
## تێگەیشتن لەمانای دووری دەقەکان و مانای داڕشتنەکان

### بەشی چوارەم:
### فیقهی ماناکان و قوتابخانەی کۆمەڵایەتی (دیرۆکی):

بیرۆکەی بنەمای فیقهی کۆمەڵایەتی، کە کاتی خۆی (سافینی و فیختە)، لە ئەڵمانیا، دایانمەزراند، ئەوەیە: کە تاکە سەرچاوەی یاسا، ویژدانی گەل و نەتەوە، یان گیانی گەل و نەتەوە و خەڵکە[١]، چونکە هەردەقێکی تەشریعیی، لەبنەڕەتدا ملکەچە بۆ یاسای گۆڕان هاتن و دەوروبەر و بەئەندازەیەك لەعەقڵی یاسادارێژی وەزعیی جودا دەبێتەوە، تا ژیانێکی سەربەخۆ دەست پێبکات[٢].

هەربۆیەکە، پێویستە بەپێی بارودۆخ و کەشوهەوای کۆمەڵایەتی لێکبدرێنەوە.

بەمانا بەپێی ئەوە لێکبدرێنەوە، کە ئەگەر شەرع دارێژەکە، زیندووبایە، بۆ ئەو سەردەمە چۆنی رەفتار دەکرد؟، یاخود دادوەر، کە بیەوێت لێکی بداتەوە.[٣].

بەناوبانگترین کەس، کە ئەم بۆ چوونەی هەبێت، فەقیهی فەڕەنسی (سالی)یە، کە لەکاتی پێشکەشکردنی کتێبەکەی زانای فەڕەنسی (جنی)، هەموو بۆچوون و مەزهەبەکەی خۆی، لەو رستەیەدا کورت کردۆتەوە، کە دەڵێ: (دەچین بۆ ئەوپەڕی بەیاساکردنی شارستانی، بەلاّم، لەرێگەی یاساکردنی شارستانییەتەوە)[٤].

واتە: تەفسیرکردن لە دەقەکانەوە دەستپێدەکات، بەلاّم وابەستە نابێت بەدەقەکانەوە. بەڵکو ئەیانبوورێنێت و بە هەرشتێك لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەم و کۆمەڵگادا بگونجێ.

ئەوەی راستی بێت، فیقهی ماناکان، چارەسەری ئەودەقانە دەکەن، کە کۆمەڵێك پێوەری گشتییان لە ئامێز گرتووە و کۆمەڵێك یاسای گشتی دەگەیێنن، کە لەزۆربەی کاتدا بەزۆری لەسروشتی دەقەکان بەدوورن، چونکە ئەوان سنووردارن!، یان

کۆمەڵێك حاڵەتی وەها، که دەقەکان، راستەوخۆ پێیان چارەسەر ناکرێت، بەڵکو لەدووی رێتم و رێبازی گشتی دەقەکان، دەگەڕێت و مانا و ئارمانجەگشتییەکانی تەماشادەکات و لەوێیشەوە، بەرەو دەستنیشانکردنی چارەسەر دەچێ.

کەواتە، ناکەوێتە ژێر فشار و گوشاری هەندێك تەفسیر و لێکدانەوە، کە قوتابخانەی مێژوو تیایدا لێکدانەوە بۆ دەقەکان دەکەن، بەڵام لەگوتنەکەی (سالی)، نزدیك دەبێتەوە، کە دەڵێت: (دەچین بۆ ئەوپەڕی بەیاساکردنی شارستانی، بەڵام، لەڕێگەی یاساکردنی شارستانییەتەوە)، چونکە فیقهی ماناکان، باس لەو دیو دەقە شەرعییەکان دەکات، بەڵام لەمیانەی مەبەستەکانی دەق و گیانی دەقدا.



## پەڕاوێزەکان

(١) (المرجع السابق ، ص ١٧٢).

(٢) (دەکرێ ئێمەیش لەگەڕانەوەماندا بۆ ئەم لایەنە و بەوردی سەیرکردنی، بگەینە سنوورێکی هاوبەش لەنێوانماندا، کە دەبینین: زانایانمان لە زۆر جێگەدا پێمان دەڵێن: (یتغیر الفتوی بتغییر الزمان والمکان)، بەرەچاوکردنی یاسای: (لا اجتهاد مع النص) دەبێت، ئەوەیش دووبارە بەرەچاوکردنی خاڵی گرنگی ئەوەی، کە (دەقەکان ئەگەر قەتعیول سبوت بوون، بەڵگەیش هەبێت لەسەر ئەوەی، کە ئەومانایەی بۆی دانراوە زیاتر هەڵناگرێت) وەك روونکردنەوەکانی پێغەمبەر (د.خ)، بۆ ئایەتەکانی باسی نوێژ و دیاریکردنی کات و ژمارە و شێوازی کردنیان، کە هەرگیزاوهەرگیز، بواری هیچ را دەربڕینێکیان تێدانییە، هەروەها سەرجەم بابەتە عەقائیدی و پەرستشییەکان بەشێوەیەکی گشتی)(عمر).

(٣) (چەندین جار ئێمە خوێندومانەتەوە کە عومەر (ر) لەسەردەمانی خۆیدا گوتوویەتی: (لو إستقبلت من أمري ماإستدبرت)کە گۆڕانکاری بەسەردا هاتنی تێدایە و بڕوابوونێکی بێ سنوورە بە زیاد و کەمکردنی زانست!)(عمر)).

(٤) (زۆرجار لەنێو کتێبەکانی خۆماندا دەخوێنینەوە کە پێمان دەڵێن: (ان کنت آمرا بالمعروف، فالیکن أمرك بالمعروف معروفا) ئەمەیش خۆی لەخۆیدا قەیرانێکە، کە زۆرجار دەبینین: کەسانێك لەبواری چاکسازی و گۆڕانکاریدا کاردەکەن و هەوڵی باشتر کردنی کۆمەڵگا دەدەن، بەڵام هەوڵ و کارەکانیان لە خراپکاری و کاری خراپدا خۆی دەبینێتەوە، هەر بۆیەکە، هەر گۆڕانکاری و ئەنجامدانی کارێکی چاك، وا دەخوازێت بە فەلسەفەیەکی میکاڤیالییانەدا نەڕوات و بڕوابوون نەبێت بەوەی، کە ئارمانجی باش بە گرتنەبەری هەنگاوی خراپ وەدەستدێت، دەنا کۆمەڵگا تێکدەچێت و ئەوکات، بۆ بەناو بەهەشت چوونەکەی تیرۆریستانیش جێی دەبێتەوە!)(عمر).

(١٠)

# دەروازەی دووەم
# تێگەیشتن لەمانای دووری دەقەکان و مانای داڕشتنەکان

## بەشی پێنجەم:
## فیقهی ماناکان و لێکدانەوەی وشە و تێکست و لێکدانەوەی بەرتەسك:

لەگەڵ هەر تێڕوانینێکی لاوەکی و رواڵەتیدا وات بۆ دیار دەکەوێت، کە فیقهی مانا، ئەو فیقهەیە، کە لێکدانەوەی پیت ئامێزی دەیگەیێنێت، وەك چۆن وات بۆ دێتەبەردەم، کە لێکدانەوەی پیت ئامێزیی ئەوەیە، کە لێکدانەوەی بەرتەسك دەیگەیێنێت، هەرسێکیشیان بەرامبەرن بە بەفیقهی مانا!، هەر بۆیەکە بۆدیاریکردنی هەریەك لەمانە، ئەم روونکردنەوانە دەخەینە بەردەم:

أ : فیقهی ماناکان — وەك بەدیارکەوت — ئەو فیقهەیە، کە قۆرخ بۆتەوە لەنێو بازنەی پیت و وشەکانی دەقەکان و لەدیار ماناگەیاندنەکان، بەپێی زانستە زمانەوانی و ئوسولّی و مەنتیقییەکان، کەوابوو، ئەم زۆر بەرفرەترە، لەلێکدانەوەی پیت ئامێزی رووت.

ب : لێکدانەوەی وشەکان، بریتییە لەتێگەیشتن لەکۆمەڵێك رستە و داڕشتن بەپێی پێوەری زمان. بنەمای سەرەکیش ئەوەیە، کە هەر لێکدانەوەیەك، دەبێ پڕبەپڕی وشەکان بێت، بەمەرجێك هۆکارێکی تەواو بەدەستەوە نەبێت، کە مانای دەقەکان بەپێچەوانە لێك بدرێتەوە. واتە ئەسڵ ئەوەیە کە بەتەنهادەقەکان ئەو توێژاڵ و گەیێنەرەن، کە دەبنە هۆی تێگەیشتن لەخواستی شەرع داڕێژ لەدەقەکانیدا.[1]

ئەوەی لەچیرۆکی (بازرگانی چەك)ـە کەی (شکسپێر)دا هاتووە، لەم جۆرانەیە، کە لەوێدا (بۆرشیا)، لەلێکدانەوەی دەقەکاندا وابەستە دەبێت بە دەقەکانەوە بۆ رماندنی (شایلۆك)، چونکە لێکدانەوەی وشەکان بەرامبەرە، بەلێکدانەوەی مەنتیقی.

ئەوەیش لای گشت لا روونە، کە فیقهی داڕشتنەکان، لێکدانەوەی وشە و مەنتیقیی دەگرێتەوە.

ج: لێکدانەوەی بەرتەنگ: بریتییە لە سنووردانان بۆ بەرفرەیەتی وشەکان و قۆرخ کردنی لە خواستی داڕێژەری شەرعدا، لەکاتێکدا، کە خودی دەقەکە، زۆرتر بگەیێنێت لەوەی، کە خودی شەرع داڕێژەکە بیڵێت[2].

هەر بۆیەکە هەیانە گوتوویانە[3]: لێکدانەوە (تەفسیر) سێ جۆری هەیە:

**یەکەم:** لێکدانەوەی دەقاودەقی پیتەکانی دەق.

دووەم: لێکدانەوەی بەرتەنگ، ئەوەیش ئەوەیە، کە سنووری مانای وشەکان دەبەزێنێت و تەنها خودی پیتەکان، چ دەگەیێنن هەر ئەوەیە.

سێیەم: لێکدانەوەی بەرفرە: ئەوەیە، کە سنووری مانای پیت ئامێزی دەبوورێنێت و درێژەدەکێشێت، تادەگات بەلێکچواندن (قیاس). کەوابوو فیقهی داڕشتنەکان نزدیك دەبێتەوە، لە لێکدانەوەی پیت ئامێزی و لێکدانەوەی بەرتەنگ بەم مانایە، بەلاّم لێکدانەوەی ماناکان، لە لێکدانەوەی بەرفرە نزدیك دەبێتەوە، بەلاّم هێشتا ئەم بەرفرەتریشە[4][5].



## پەڕاوێزەکان

(١) (سمير تناغو. النظرية العامة للقانون. الإسكندرية: ١٩٧٤،ص٧٥٣).

(٢) (کە دەگەڕێینەوە بۆزانستیی تەفسیری دەقەکان لای گەورەزانایانی ئیسلامی، پێمان دەڵێن: (خير مايفسر به القرآن القرآن ثم السنة) کە ئەمەیشە لەپۆلێند کردنی سەرچاوە تەفسیرییەکاندا پێمان دەڵێن: دەبێ بەم چەشنە بێت: (١- التفسير بالمأثور. ٢- التفسير بالمأثور والرئي المقبول. ٣- التفسير بالرئي المجرد المقبول) ئیتر بەم چەشنە بۆمان دەردەکەوێت لەنێو زانستەکانی خۆیشماندا هەموو ئەو جۆرە بۆچوونانە هاتوون و گەڕانەوە بۆلایان ئەرکی سەرشانی قوتابی زانستە و مەبەستی من لەم پەڕاوێز و بەدووداچوونە درێژانە ئەوەیە، کە لەلایەك خوێنەر لە زانستەکانی خۆمان نامۆ نەبێت، لە لایەکی دیکەیشەوە، بزانن کە کاری من لەم وەرگێڕانەدا، تەنها وەرگێڕان نییە، وەك چەندین جاری دیکە ئاماژەم بۆکردووە)(عمر).

(٣) (راجع تفسير النصوص المدنية، ٢٤٢).

(٤) (أحمد سلامة. المدخل لدراسة القانون. القاهرة: ١٩٤٧، ص٢١٦. وسليمان مرقص . المدخل للعلوم القانونية، ١٩٥٧، ص ٢٤٤).

(٥) (تائێرە، لە رۆژنامەی، خەباتی ژمارە (٢٤٩٩)١٩/٥/٢٠٠٧. لاپەڕە چواردا، بلاّوکراوەتەوە).

## (١١)
## دەروازەی دووەم
## تێگەیشتن لەمانای دووری دەقەکان و مانای داڕشتنەکان

### بەشی شەشەم:
### فیقهی ماناکان و تەفسیر و مانای بەرفرە:

(د. مرقص پێیوایە کە تەفسیر و لێکدانەوەی بەرتەنگ، پڕاوپڕی ئەو تەفسیرەیە، کە پەردە لەسەرخواست و ئیرادەی داڕێژەری شەریعەت هەڵدەداتەوە و دەیگەیێنێت، یاخود ئەوەیە، کە بڕیاردەر و هەڵسەنگێنەری شەریعەتە!)[١].

بەڵام مەبەست بەتەفسیر و لێکدانەوەی بەرفرە، ئەو تەفسیرەیە، کە بەتەنها هەڵاوێردی ماناکانی دەق ناکات و بەس، بەڵکو پەنایش دەبات بۆ لێچواندن (قیاس)ی داپۆشراو و نادیار، یاخود وەرگرتنی حوکم، لەسەر مەبادیئو بنەما گشتییەکان[٢].

ئەم جۆرە لێکدانەوە و تەفسیرکردنە، ئەوەیە، کە ئەو بۆچوونەی بەسەردا جێبەجێ دەبێت، کە دەڵێ: لەلێکدانەوەی، ئەو دەقانەی، کە باس لە جینایات دەکەن، دروست نییە، کاری پێبکرێت!، ئیتر بەپێی بۆچوونی ئەو، نەتەفسیری مەنتیقی، تەفسیری بەرفرەیە و نەتەفسیری پیت ئامێزی و ڕواڵەت پەروەریش تەفسیری بەرتەسکە!.

ئەوەی ڕاستی بێت، وەك دەڵێن: بوونی چەندین زاراوەی لێکجودا، هیچ نەنگییەکی تێدانییە[٣] و لێرەوە، تەفسیری بەرتەنگ و فیقهی داڕشتنی وشەکاری یەك دەگرن، وەك چۆن فیقهی ماناکان و تەفسیری بەرفرەیش یەکدەگرن.

فیقهی ماناکان، ئەو فیقهەیە، کە لەئارمانج و ڕۆح و حیکمەتی گشتگیری دەقەکانەوە، کە خودی داڕشتنی شەرع دەیەوێت پێی بگات.

ئەم بیروبۆچوونە، زۆر نزیکە لەجۆرە لێکچواندن (قیاس)ێك، کە لەیاسای وەزعی داڕێژراوی مرۆڤدا پێی دەگوترێت: (قیاسی یاسایی)، ئەویش بریتییە،

لەلێکچواندنی حاڵەتێك، کە هیچ دەقێك دەربارەی نەهاتبێت، بە حاڵەتی کۆی مەبدەئو بنەما یاساییەکان و رۆحی نیزام و یاسا، وەك جێبەجێکردنی حوکمی ئەو گرێبەستانەی ناویان براوە، لەسەر ئەوگرێبەستانەی، کە لەنێو دەقەکاندا نەهاتبن، هەرکاتێك لەناوەڕۆکدا، وەك ناوبراوەکان وەهابن.

لە هاوشێوەی ئەم جۆرە قیاسە ئەوەیە، هەرشتێك، کە فەقیهێك پێی هەڵدەستێ لە تێگەیشتن لەبیر و هزری گشتی هەرکۆمەڵە دەقێك، بۆ ئەوەی ببێتە بنەما و بنەڕەتێکی گرنگ بۆ ئەوەی، لەژێر رۆشناییدا، هەموو شتێکی گشتی جێگەی ببێتەوە، ئەوەیش وەك هەوڵێکی فیقهییانە، کە ویستوویانە قیاس بیگەیێنێت، وەك ئەو دەقانەی حەرامێتی ریبا دەگەیێنن و حەرامکردنی ریبای گەورە و زیان گەیاندنی گەورە، لەچەند حاڵەتێکی دیاریکراودا و پووچەڵکردنەوەی هەڵسوکەوت و تەسەروفی ئەو کەسانەی، لەڕووی عەقڵەوە، کەم ئەندامن، یاخود هەرگرێبەستێك، کە دوو لایەنەی گرێبەستەکە، هاوتا نەبن، بۆ ئەوەی، لەدەرەنجامی ئەم بۆچوونەدا، بگەنە ئەو ئاکامەی کە: هەرکات یەکێك لەدوو لایەنەی گرێبەست ئەوەندەی وەدەست نەهێنا، کە بەخشیویەتی، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەی بدرێت.

جاری وایش دەبێت، مەبەست بەلێك چواندن، بریتی دەبێت لە گەیشتن بەودیوی ئەو هزرانەی، کە یاساکانی لەسەر دامەزراوە، تا پەردە لەڕووی ئەومەبدەئانە هەڵبماڵێت، کە گشتین و باڵیان کێشاوە بەسەر یاساکاندا، لێرەدا نموونە بە مافی زیندانی کردن دەهێندرێتەوە و بیرۆکەی هاوبەشێتی لە بەرژەوەندی بەرامبەر، لەیاسادا، بەڵام ئەوەی هەیە، کە ئەم جۆرە بیر و هزرە، نەوەك وەرگرتنە، نەوەك لێچکواندن[٤][٥].



## پەڕاوێزەکان

(١) (سليمان مرقص، مرجع سابق، ص ٣٤٢).

(٢) (جەنابی دانەر، چەند زاراوەیەکی ئوسوڵی لێرەدا بەکار دەهێنێت، وەك فەحوای عیبارەت و قیاسی خەفی، کە هەریەك لەمانە، خۆیان کۆمەڵێك ئاماژەن و لەگەڕانەوە بۆ نێو سەرچاوە ئوسوڵییەکان، دەزانین کە جۆرەکانی دیلالەتی دەقەکان لەسەر چەند بەشێکن و لەوەدا تاچەند دەبنە بەڵگە یان نا؟، هەندێکیان جێگەی رای جیاوازن و هەروەها خودی لێکچواندن (قیاس)، کێبڕکێیەکی زۆری لەسەرە، کە ئایا دەبێتە یەکێك لەسەرچاوەکانی تەشریع یان نا؟، داودی زاهیری و ئیبنو حەزمی ئەندەلوسی، دانی پێدانانێن، کە ئەویش خۆی لەخۆیدا (قیاسی خەفی) و (قیاسی جەلی) هەیە، ئامۆژگاریم بۆ قوتابی زانستە شەرعییەکان ئەوەیە، بۆ زیاتر تێگەیشتن لەو بابەتە، زۆر زانستییان بگەڕێنەوە بۆ پەرتوکی: (مذكرة الشنقيطي)، کە بەسەرپەرتوکی (روضة الناظر)ی ئیبنو قودامەی مەقدیسییەوە، نووسراوە، کە تیایدا شەنقیتی رەحمەتی، توانیویەتی هەردوو بۆچوونە لێکجودا سەرەکییەکەی زانایانی ئوسوڵ کۆبکاتەوە و بەپێی رێبازی ئەهلی دەلیل و ئەهلی کەلام شتێکی باش و پڕ بەها ئاراستە و پێشکەش بکات)(عمر).

(٣) (لامشاحة في الإصطلاح) دەستەواژەیەکی باوی نێو زانایانە و لەلێکدانەوە و تەفسیر کردنیشیدا دەڵێن: کاتێك نەنگی لەو جیاوازییانەدا نییە، کە جیاوازی نەبێتە هۆکاری لێکحاڵی نەبوون، ئەوکاتەی کە یارانی پێغەمبەر (د.خ) ئەنسارییەت و مەککییەتیان بەلاوە ئاسایی بوو، ئاسایی بوو، بەڵام لەیەکێك لەگەشتەکاندا کە خەریك بوو سەر بکێشێت بۆ خوێنڕشتن و دەمارگیری نەفامی، رێگەیان لێگیرا، هەروەها ئەگەر شوێنکەوتەی قوتابخانە هزری و فیقهییە جیاوازەکان سەری دەکێشا بۆ بەزاندنی سنووری ئەدەبی رای جیاواز، ئەوکات،

خودی جیاوازییەکان و ئاکام و دەرەنجامەکانیشی دەکەونەوە ژێر پرسیار، بەمانا، کە سەری کێشا بۆ ئەوەی، کە مام هەژاری رەحمەتی دەڵێ: (موسڵمان بەموسڵمانی دەڵێ: هەرئەمن راستم تۆ هەڵێ)(عمر).

(٤) (لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بۆ حاڵەتێکی دووربینی عەلی کوڕی ئەبوتالیب بکەم (ر)، لەکاتی جێبەجێکردنی فەرمانێکی پێغەمبەردا (د.خ)، کە ئەوکاتەی خوای گەورە پێغەمبەری لەوە ئاگادار کردەوە (د.خ)، کە ئافرەتێك نامەیەکی لەیەکێك لەیارەکانەوە پێیە و دەیگەیێنێت بە قورەیش تاوریای هەڵمەتی پێغەمبەر(د.خ) بن، کە عەلی (ر)، ئافرتەکە دەبینێت، داوای دەرخستنی نامەکە دەکات، ئەویش حاشای لێدەکات و عەلی پێی دەڵێ: (لتخرجن الكتاب أو لألقين الثياب)، کە ئەمە بەڕوونی لێیەوە دیارە، کە شتێکی دیکە دێتە پێش، کە دەرخستنی لاشەی ئافرەتێکی نامەحرەمە، بەڵام ئەو بەو ترساندنە، رێگە بەخۆی دەدات، کە کاری وابکات، رەنگە وایشی بکردایە، کە دەکرێ بکرێتە بنەمایەکی بێ سنوور بۆ ئەوکەسانەی کە لەبازگەکاندان، سەر لەهیچ نابییەکی وەك ئەم حاڵەتە بکەنەوە، لەکاتی پێگەیشتنی هەواڵێکی هاوشێوەدا، کە خودی بینینی عەورەتێکی بیانی چەند ناشەرعییە، پاراستنی بەرژەوەندی گشتی، زۆر گرنگترە و بەپێی پێویستی ئەحکامەکان ئەوها دەگۆڕدرێن)(عمر).

(٥) (راجع مؤلفنا . تفسير النصوص المدنية، ص ٣٠٧).



**(١٢)**

## دەروازەی دووەم
## تێگەیشتن لەمانای دووری دەقەکان و مانای داڕشتنەکان

### بەشی حەوتەم:
### فیقهی ماناکان و گونجاندنی فیقه لەگەڵ واقیع، لەژێر رۆشنایی حیکمەت و تەفسیر و مانای بەرفرە:

فەقیهی ئینگلیزی (بنثام)، لەکتێبەکەی خۆیدا (ئوسوڵی شەرائیع)، نموونەیەك بۆ گونجاندنی دەق لەگەڵ واقیعدا، دەهێنێتەوە، کە ئەوەیش یاسایەکە، دارێژەرەکەی لەنێو کۆمەڵگایەکدا گوتوویەتی: کە ئەوکۆمەڵگایە، تاوانی کوشتنی لەنێودا زۆر بووە.

لەوێدا بڕگەیەك هاتووە، کە دان بەوەدا دەنێت، کە هەرکەس خوێنێك لەسەرشەقام بڕێژێت، ئەوکەسە بڕیار و حوکمی لەسێدارەدانی لەمەڕ دەردەچێ.

جارێك وارێدەکەوێت پزیشکێکی نەشتەرگەری، لەسەر شەقامێك پیاوێکی لەهۆش خۆ چوو دەبینێت و ئەمیش بەپەلە بۆ رزگارکردنی، خوێن لێگرتنێکی بۆدەکات و کابرا دەمرێت، لێرەدا پزیشکەکە دەدرێت بەدادگا، جا ئەگەر پزیشك بڕیارەکەی یاسای بەسەردا جێبەجێبکات، دەبێ بڕیاری لەسێدارەدانی پزیشکەکە دەربکات، چونکە لەسەر شەقام خوێنی لە لاشەیەك هێناوە، (ئەمەیش بەپێی تێگەیشتن لەدەقاودەقی پیتەکان و رواڵەتی دەقەکان)، گەربێت و روو لەوەبکرێت، تاچەند دەقەکە لەگەڵ واقیعدا دەگونجێت، ئەوکات واپێویست دەکات، کە بڕیارەکە جێبەجێ نەبێت، چونکە حیکمەتی داڕشتنی تەشریع (فیقهی ماناکان) وای خواستووە، مەبەست بەداڕشتنی یاساکە، بۆ خوێنرشتنی تاوانە، نەوەك بۆ چارەسەر پێشکەش کردن[1].

هەرلێرەوە دەبینین: فیقهی ماناکان، باشترین و شایانترین رێگا و دەروازەن، بۆ گەیشتن بەچارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانمان و کردنەوەی گرێ کوێرە لەبن نەهاتووەکانی خەڵکی و دۆزیینەوەی رێگەچارە بۆیان و بۆیشمان دەردەکەوێت، کە دۆشدامان بەدیار فیقهی پیتەکان، ئۆمەت بەرەو دواکەوتن و لەدواکەوتندا دەهێڵێتەوە و دۆش دادەمێنێت بەدیار تێگەیشتنی کەسانێکی تایبەتییەوە بۆ سەردەمانێکی تایبەتی و ئیتر هەرگیز بواری ئەوە نادات، بگات بەکاروانی پێشکەوتنی شارستانی سەردەم.

بەپێچەوانەیشەوە، فیقهی ماناکان، یارمەتیدەری سەرەکین بۆ وەپێشەوە چوونی ئۆممەت و بەدەستهێنانی پێشکەوتن و سەرکەوتن و پێکەوە ژیانی پڕ لەخۆشی و یەکترویستی و پەیوەندی باش، لەنێوان خەڵکی و کۆمەڵگا و چاکسازی کردن لەنێوان دڵ و دەروونەکاندا.

پێدەچێ و بەدووری نازانم ئەمەی، کە من بانگەشەی بۆدەکەم هەندێك بێت لەوەی، کە فیقهزانی تونسی (تاهیر بن عاشوور)، بانگی بۆ دەکرد، کە دەیگوت: (بازانستی ئارمانجەکانی داڕشتنی شەریعەت، ببێتەجێگری زانستی ئوسوڵی فیقهی ئیسلامی).

دەبێ ئەوەمان لەیاد بێت، کە فیقهی مانا، نابێ رێبازی تاکە کەسێك، یان کەسایەتییەك بێت و بیگرێتە بەر، بەڵکو دەبێ کۆمکارێکی فیقهیی ئیسلامی جیهانی هەبێت و بیکەنە بنەما و کۆڵەکەی ئیجتیهادەکانیان، بەپێی ئارمانجەکانی داڕشتنی شەریعەت، نەك بەپێی حەزە مەزهەبی و خواست و فەرمانە حیزبییەکان.

ئەوەی جێگەی داخە، ئەمڕۆ هەندێك گەورەزانا هەن، کە فەتواکانیان دەردەکەن، بەپێی بنەمای فیقهی دەقەکان کار دەکەن و ناگەڕێنەوە بۆ فیقهی ئارمانجەکانی داڕشتنی شەریعەت وەك دروستێتی گرێبەستی پرۆسەی هاوسەرگیری (میسیار)[2]، کە لەرێگەی فیقهی دەقەوە دروستە، بەڵام بەرەچاوکردنی مانا و ئارمانج، دروست نییە، هەروەها زۆرشتی دیکە. خوایش لەهەمووان زاناترە[3].



## پەراوێزەکان

(١) (بنثام. أصول الشرائع. ترجمة أحمد فتحي زغلول. القاهرة. المطبعة الأميرية، ١٣٠٩ هـ، ص ١٦١ ).

(٢) (دەستەواژەی گرێبەستی هاوسەرگیری، رەو (میسیار)، بەو گرێبەستە دەگوترێت: کە ئافرەتێك، بەبوونی وەلی ئەمر و شایەت و مارەیی، بەوە رازی دەبێت کە مێرد بەپیاوێك بکات، بەدەر لەمافی سەرجێیی، هیچ ماف و ئەرکێکی دیکە لەنێوانیاندا نەبێت، ئەمە بەلای زانایانی هاوچەرخ و کۆمکاری فیقهی ئیسلامییەوە دروستە، بەڵام دانەر وای بۆ دەچێت کە مافی ئافرەتەکە فەوتاوە و رەچاوی دووربینی ئارمانجەکانی داڕشتنی شەریعەت نەکراوە!، کە دەکرێ خوێنەر بە درێژی بگەڕێتەوە بۆ ئەو جۆرە باسانە لەلای زانایانی هاوچەرخ بەتایبەت بۆ ماڵپەڕە زانستییە ئایینییە شەرعییەکان، کە چەندین زانای وڵاتانی ئیسلامی لەو دیویانەوەن و وەك رێگە چارەیەك رێگەیان بەویش و بەنیکاحی عورفیش داوە، کە نیکاحی عورفی بریتییە لەوەی ئافرەتێك، کیژ، یان، بێوەژن، بەبوونی وەلی ئەمر و شایەت و مارەیی، مێرد بەپیاوێك دەکات و باسی کاتی دیاریکراو، بۆ لێکجودابوونەوە ناکەن و زۆرێك لەزانایانی هاوچەرخ رێگەیان پێداوە، بەتایبەتی لەوڵاتی میسر و لەبەر چاوی گەورە زانایانی ئەزهەری شەریفدا، کە من یەك بەخۆم زیاتر، بۆ لای ئەو ئاسانکارییانە دەچم، نەوەك ئەو توندییە لاساییەی، کە باوە و بەبێ دووربینی و وردبوونەوە و بەدوواداچوون بڕیاری حەرامێتی دەدەن (عمر ).

(٣) (تائێرە، لە رۆژنامەی، خەباتی ژمارە (٢٥١٣)٢/٦/٢٠٠٧ لاپەڕە چواردا، بلاوکراوەتەوە).

## (١٣)

## دەروازەی دووەم

## تێگەیشتن لە مانای دووری دەقەکان و مانای داڕشتنەکان

### بەشی هەشتەم:

### فیقهی ماناکان و فیقهی ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی و عەقڵ:

زانای پایەبەرز، ئیبن عاشوور، گەیشتووەتە چڵەپۆپەی وردەکاری و دووربینی، لەوەدا، کە دەفەرمووێت: (وێڕای ئەوەی، کە ئایین مرۆڤی بانگ کردووە بۆ تەماشاکردن و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی خەڵکیی، سنوورێکی دیاریکراو و پێناسەیەکی سنووردار و بەرتەسکی دانەناوە بۆ دەستەواژەی بەرژەوەندی!، بگرە، تێگەیشتن و دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی، سپاردووەتەوە بەمرۆڤ خۆی و بەهەست پێکردنەکانی، لەڕێگەی عەقڵ و لەڕێگەی هەڵبژاردن و هەڵاوێردەکانی خۆیەوە، بەڵام بەپێویستی گێڕاوە لەسەری، کە وابەستەبێت بە ئاکامەکانی لێتێگەیشتنەکەی عەقڵییەوە و بەپێویستی گێڕاوە، کە دەبێت وابەستە ببێت پێیەوە و کردەوەی پێ بکات، ئیتر ئەم بەپێویست گێڕانە پێویست گێڕانی ئایینییە و لەدووی بەرژەوەندی دەچێت، کە ئەویش ئاکام و دەرەنجامی تێڕوانینی عەقڵ و ئەزموون و تاقیکردنەوەکانە، کە ئەمە لەڕاستیدا، مانایەکی گەورە و گرانە و یەکێکە لەمانا گەورە و گرانەکانی ئایینی ئیسلام، کە مرۆڤی بۆبەرز دەکاتەوە، چونکە ئەم ئایینە، هەست پێکردنەکانی عەقڵی، لەگەڵ ڕۆح و نهێنییەکانی نیگا، تێکەڵ و ئاوێتە کردووە) ئەمە مانای ئەوەیە: (کە هەر عەقڵێکی مرۆڤ دۆستی مرۆڤانە، کە بڕوای هێنابێت بە پێویستی شوێنکەوتنی پێغەمبەران (د.خ)، شایانی ئەوەیە، کە ببێتە هاوبەشی پێناسەی ماناگشتییەکانی پێغەمبەرایەتی، بۆئەوەی بیخاتە نێو بازنەی بەرژەوەندییە ورد و لاوەکییەکانی خودی پێغەمبەرایەتی)[1].

ڕەنگە بەهۆی ئەم تێگەیشتنە قووڵەیەوە، بەهۆی ئەم هەستکردنەی بەپایەی بەرزی عەقڵ، لەشوێنەواری جێنشینی عەقڵ بۆ خوای گەورە لەسەر زەوی، ئەو مانا جوانە وەربگرێت، کە ئیمامی شافیعی لەپێشەکی (موافەقات)ـەکەیدا ئاماژەی بۆدەکات و دەفەرمووێت: (شوێنکەوتەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، بەهۆی کارپێکردنیەوە، لەدنیا و ڕۆژی دواییدا، شوێنەوارێکی گەورەی هەیە و ئەگەر، هەریەکێکیان بۆ خۆی پێغەمبەریش نەبێت، لەناخیدا پێغەمبەرایەتی دەگەڕێت).

## بەهادانان بۆ ئیجتیهاد:

ئەو ئیجتیهاد و خۆماندووکردنەی، کە دادەنرێت بەکۆڵەکە و بنەمای گەورە بۆ مانەوەی ئەم ئایینی ئیسلامە، ئەو خۆ ماندووکردنەیە، کە پەنادەباتە بەر بەگەڕخستنی عەقڵ و رای مرۆڤ، لە زۆرینەی کات و زۆربەی کارەکاندا، کە ئەوەیش لەبنەرەتدا، بۆ وەدیارخستنی مەبەست و ئارمانجەکانی داڕشتنی شەریعەت و دۆزینەوەی بەرژەوەندی و ماناکانی دەق و یاسا گشتییەکانە، کە ئەوەیش بۆچەسپاندنی دادپەروەری و هەقە، لەکاتی ڕووداو و شتە تازەکاندا.

شەریعەت دەرگای توێژینەوە و بیرکردنەوەی والاّ کردووە و هانی عەقڵی داوە بۆ بەگەڕ خستنی و بۆ تەنگ هەڵچنین بەگشت بوارەکانی ژیان و پەند وەرگرتن لێیان، خوا دەفەرمووێت: (ئەی ئەوکەسانەی کە خاوەنی هەست و عەقڵن، دەپەند وەربگرن)[٢].

هەربۆیەکە مامۆستا و زانا و پسپۆڕە پایەبەرزە موجتهیدەکانمان، بوارێکی بەرفرەیان لەبەردەمی خۆیاندا بینیوەتەوە و داناوە، کە دەبینین، بەهەموو شێوازێکی سەردەمییانەی خۆیان و دووربینی بۆ دوای خۆیشیان، چەندین فەتوا و رایان دەربڕیوە، تاحوکم بۆ شتگەلێك دابڕێژن، کە نە لەقورئان و نەلەسوننەتی پێغەمبەردا (د.خ)، دەقێکیان لەبارەی ئەو شتەوە بەردەست نەکەوتووە. لەکاتی بەدوواداچوون و هەلاّوێردکرندا، بۆمان دەرکەوتووە، کە ئەوبەرێزانە لەوکارانەیاندا، پشتیان بەستووە بەڕەچاوگرتنی بەرژەوەندی و ئارمانجەکانی دارشتنی شەریعەت.



## داڕشتنی حوکم، بەندە بەعیللەتەوە:

لەبەر گرنگی فیقهی ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی، لەژێر ڕۆشنایی پەرتووك و سەرچاوە ئوسوڵییەکاندا، دەڵێم: زانایانی ئوسوڵی فیقهی ئیسلامی، گوتوویانە: (پێویستە بۆ هەرحوکمێکی شەرعی، مانایەکی شایانی هەبێت، تاحوکمەکەی پێوەگرێبدرێت، ئەم مانا شایانەیش، لەسێ بەشی سەرەکی تێناپەڕن:

**یەکەم:** ئەو وەسفەی، کە شەرع دانی پێداناوە و قەبووڵی کردووە و ئیعتیباری بۆداناوە، ئەمەیش بواری قیاسە.

**دووەم:** ئەو وەسفەی شەرع هەڵیوەشاندۆتەوە و ئیعتیباری بۆ نەکردووە، وەك خۆ بەدەستەوە دانێك بۆ دوژمن، لەترسی کوشتن، کە بەرژەوەندی، تاکی تێداهەیە، بەلاّم چونکە لەم بەرژەوەندییە گەورەتریش، دوورخستنەوەی زیانە گەورەکەیە، کە لەدوژمنەوە توشمان دێت. کە بریتییە لەپاراستنی ئوممەت، ڕەچاوکردنی یەکەم بەتاڵ کراوەتەوە.

**سێیەم:** ئەوەیە، کە شەرع، نە بەنەرێیی و نە بەئەرێیی، دانی پێدا نەنابێت و پێی دەگوترێت: بەرژەوەندییە بەرفرەکان (مەسالێحی مورسەلە).

ئەم دابەشکردنە، وەك من بۆی دەچم، ڕێکخستنێکی پرۆگرام بۆ داڕێژراوە و ئارمانجیشی، وەدیارخستن و بەگەڕخستنی جۆرەکانی بەرژەوەندی ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ، یان هەڵوەشاندنەوەیانە.

## کام بەرژەوەندییەیە، کە ڕەچاودەکرێت؟:

ڕاستییەکەی ئەوەیە: کە هەر بەرژەوەندییەك، لەگەڵ ئارمانجەکانی داڕشتنی شەریعەتدا نەگونجێت، ئەو بەرژەوەندییە، بەهای بۆدانانرێت، ئەوەی لەوە بەدەربێت ئیتر بەها و ئیعتیباری بۆ دادەنرێت، دەقی سەریح و ڕاستەوخۆیان لەبارەوە هاتبێت، یان نا، یاخود وەرگیرابێت بەڕێگەیەك لەڕێگەکانی وەرگرتنی شەریعەت، یاخود لەنێو ماناکانەوە وەرگیرابن، ئەو مانایانەی ئارمانجی داڕشتنی شەریعەت و گشتگێریتیان تێداهەبێت.

بۆ ئەوەی سنووری شەرع و بازنەی دیاریکراو، بۆ بەرژەوەندییە گشتییە شەرعییەکان، دەستنیشان و دیاریبکەین، بەپێویستی دەزانم، ئەم چەند پێشەکییە رەچاوبکەین:

## چەند پێشەکییەکی پێویست:

**پێشەکی یەکەم:** ئایینی ئیسلام یاسایەکی تەواوە و موسڵمان لێیەوە، چ لەڕووی عەقیدە و چ لەڕێی بڕوابوون بەخوای تاك و تەنیاوە و چ لەڕووی پەرستشیەوەبێت، ڕێبازی ژیانی وەردەگرێت، ئیتر چ لەخۆی و چ لەکۆمەڵگادا، هۆکار و ڕێبازی گەیێنەری، بەم وەرگرتنە، بریتییە لە عەقڵ، کە مرۆڤ بەهۆی عەقڵەوە و بەهۆی بەرپرسیارێتی ئەوەوە نەبێت، ناگاتە دەرەنجام و بۆ زانینی حوکمی ئیسلام، لە هەر بوارێکدا، پێویستە عەقڵ ڕێگەیەك لەڕێگەکان بگرێتەبەر، کە خودی ئەوڕێگەیە، بەڵگەکەیە و ئەوەیش بەهەر زانیارییەك دەگوترێت: کە زانینی ئەو شتە ببێتە هۆکاری وەدەستهێنانی زانستێکی دیکە.

**پێشەکی دووەم:** لەتێگەیشتن و لێ وردبوونەوەی قورئان و گەڕانەوە بۆ ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ)، ڕاستییەکمان بۆ وەدیار دەکەوێت، کە ئیسلام هەرگیز ڕێگای ژیانی بڕوادارانی تەسك نەکردۆتەوە، بەشێوەیەکی وەها، کە بەکەڵکی گۆڕانکارییەکان نەیەت و بوارەکانی هزر و بیرکردنەوەی بچووك نەکردۆتەوە و لە ڕێبازێکی تەسکی دیاریکراودا، قۆرخی نەکردووە، بەڵکو بوارەکانی بیرکرنەوەی، هێندە فراوان کردووە، کە ژیان و سەردەم و ئاسۆی فراوان بگرێتەوە، بۆ بەگەڕخستنی هەرشتێکی بەسوود و باش لە ژیاندا، نەهاتووە لەبازنەی ئەو (فەرمانانە)دا بچووکی بکاتەوە، کە هەرگیز جێبەجێ نەکردنیان ڕێگەی پێ نادرێت، هەروەها لەبازنەی ئەو (نابێ) یانەیشدا، قۆرخی نەکردووە، کە هەرگیز، نابێ لێیان نزیك ببینەوە، بەڵکو لایەنی ڕێگەپێدراو، (موباح)ـەکانی زۆر فراوان کردووە، بەشێوەیەکی وەها، کە بەشێوەیەکی گشتی، ببێتە میهرەبانی، بۆخەڵکی، خوا دەفەرموێت: (پەروەردگارتان ئەوخوایەیە، کە هەمووشتێکی لەسەر زەویدا، کە دروستکردووە، بۆ ئێوەی دروستکردوون)[٣] کەوابوو



وەك فەقیهەکانمان دەڵێن: ئەساس و بنچینە و گرنگ، لەشەریعەتدا ڕێگەپێدانەکانە و ڕێگەگرتن، لاوەکی و جیاکردنەوە و ئیستیسنایە.

## بەتەنها دەقە شەرعییەکان بەس نین!:

**پێشەکی سێیەم:** دەقە شەرعییەکان، نەهاتوون، بەدرێژی و پڕاوپڕ، چارەسەری کێشە و پێداویستییە ڕۆژانەکانی تاك بکەن، لەو شتانەدا نەبێت، کە نابێ گۆڕان ڕوویان تێبکات، وەك هەندێك لەکار و ئەحکامەکانی پەیوەست بە خانەوادە و ماڵ و منداڵەوە، بەڵکو هاتووە بنەما و یاسای گشتی و سەرەکی بۆ دیار و دەستنیشان کردووە و بۆی داڕشتووە، کەوابوو، دەقەشەرعییەکان ڕێنمایی دەکەن بۆ کارکردن و بۆ ئیجتیهاد کردن. لێرەوە دەبینین زانایانی شەریعەتی ئیسلامی، ڕوویان لەدەقەکانی قورئان و دەقەکانی فەرموودە ناوە، بۆ ئەوەی لێیانەوە یاسایەك یاخود بنەمایەکی گشتی وەربگرن و بیکەنە سەرەداوی گەیشتن بە مەرامەکانی داڕشتنی شەریعەت و ئارمانجەکانی. ئەم کارەیشیان بەرهەمێکی زۆری لێکەوتۆتەوە، کە پێیدەگوترێت: زانستی (ئوسوڵی فیقهی ئیسلامی)، ئەو زانستەی، کە بۆتە کۆڵەکەی داچەقیو و پتەوی ڕێبازی توێژینەوەی فیقهی و لێکدانەوەی مانای دەقەکان.

**پێشەکی چوارەم:** حوکمی شەرعیی، بەپێی ڕوونی بەڵگەکەی، ڕوون دەبێتەوە و بەپێی بەهێزی شێوازی وەرگرتنی بەڵگەیەتێکەی، دەبێتە بەڵگە. کەوابوو، ئەو حوکمەی، لەدەقێکەوە وەرگیرابێت، کە هەم دامەزراندن و ڕاستێتییەکەی بێگومان و قەتعی بێت و هەم مانا لێوەرگرتنەکەیشی، هەمان چەشنەبێت، ئەو حوکم و وەرگرتنەیە، کە پێویستە وابەستەببین پێیەوە، ئیتر ئەوجۆری حوکمە بۆ بەواجب گێڕان، یاخود نەدب، بێت یان نا، کە ئەوکات بواری ئیجتیهادی تێدا

نابێت. ئەوکاتەی، دەقێکی لەو جۆرە نابێت لەبەردەمدا، زانایان لەدووی لێکچووەکان (الاشباه و النظائر)، وێڵ دەبن و بەپێی ڕەچاوکردنی ئەو (عیللەت)، هۆکارەی وای لێ چاوەڕوان دەکرێت، ببێتە هۆکاری دارِشتنی حوکم و ئەو بەرژەوەندەییەی پێدەچێت ڕەچاوبکرێت، لەرۆحی دەقەکان و ماناکانیانەوە، حوکم دادەڕێژن. لە لێکچواندن (قیاس)دا، بۆ ئەوەی ئەو شتانەی، کە باسیان لێنەکراوە، وەك ئەوانەی باسیان لێکراوە سەیر بکرێن و لێیان بڕوانرێت، هەردەم (عیللەت)، وەك پایەیەکی بنەڕەتی لێکچواندان (قیاس)، دەمێنێتەوە. ئەمەیش کورتەی ڕێبازی ئوسولێییەکانە، بەبێ ڕۆچوون لە درێژە پێدانەکانیان، کە لەناوخۆیشیاندا چەندین ڕای لێکجودایان، لەمەڕیدا هەیە، چ لەڕووی دەق، یاخود لەڕووی زاراوەکانەوە بێت. دوای ئەوەی، کە بڕیاری ئەوەیان داوە، کە هەرحوکمێکی شەرعی عیللەتی هەیە، گوتوویانە: ئەوعیللەتە، بۆ ئەوەی، کە بکرێتە عیللەتی حوکمەکە، دەبێ عیللەتێکی موناسیب، واتە لواو و شایان بێت، بەمانا بەشێوازێك بێت لەکاتی وابەستە کردنی حوکم پێیەوە، یان قازانج بەدەست بێت، یان زیان دوور بخرێتەوە. زانای پایەبەرز ئیمامی تەفتازانی، لەزانایانەوە کورتەی ئەوەی هاوردووە و دەفەرمووێت: (کۆی ڕای گشتیی زانایان لەوەدا کۆبووەتەوە، کە هیچ (وەسف)ێك نابێتە عیللەتی حوکم، هەربەوەی، کە زانرا وەسف و عیللەتە، تا مانایەك نەگەیەنێت، کە ئەو مانایە عەقڵ دەرکی پێبکات و بەکەڵکی ئەوەبێت، کە حوکمی لەسەر دابڕێژرێت، پاشان دەبێ خودی ئەو عیللەتەیش هەڵسەنگێندرابێ و بەشایان دانرابێت، وەك چۆن لەمەسەلە فیقهییەکاندا، بۆ ئەوەی کەسێك بەشایەت وەربگیرێت، بۆ ئەوەی قسەکانی لێوەربگیرێت، بەمەرج دەگیرێت: کە دەبێ ئەوکەسە باڵغ و عاقڵ و ئازاد و موسڵمان بێت، هەروەها



ئیعتیبارکردنی عەدالەتەکەی لەوەدایە، کە ئەوکەسە خۆپارێزبێت لەهەڵە و تاوانەگەورەکان، لێرەیشدا، دەبێ ئەو عیللەتەیش، بۆ ئەوەی کاریگەربێت، دەبێ بگونجێ و عەدالەتی عیللەتیش ئەوەیە دەبێ کاریگەربێت.

کەوابوو هیچ بەعیللەت کردنێك، متمانەی نادرێتێ، تا بەڵگەیەکی دیکە نەبێت لەسەرئەوەی، کە ئەوە بۆعیللەت دەشێ. دوای ئەوەی کە ئەوەیش چەسپا، کە دەشێ، دەبێ بچەسپێ، کە کاریگەرە، بەلای حەنەفی مەزهەبەکانەوە، بەلای شافیعی مەزهەبەکانیشەوە، لەخەیاڵداهەبێت)، واتە، لەدڵدا خەیاڵی بەکەڵك هاتنی عیللەتێتی هەبێت. لەهەمان بواردا تەفتازانی دەڵێ: (ئەوانە، کە دەڵێن: پێویستە کاربکرێت بەو وەسفەی، کە مولائیم و شایانە دووبەشن، لایەنێکیان بەپێویستی دەگێڕن کارپێکردنەکە دەبێ بەمەرجێك بێت، کە بنەما سەرەکییەکان، ببنە شایەت لەسەرئەوەی، کە دەگونجێت ببێتە عیللەت، واتە: لەکاتی بەراوردکردنیدا، بەیاساکانی شەرع، بەرابەربن، نەوەك ڕکابەر و یەکتر هەڵوەشێن، ڕوونتر بڵێین: لەکاتی بەراوردکرنیدا، خۆی نەبێتە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی خۆی، بەئەسەرێك یاخود دەق، یاخود ئیجماعێك وەك دەڵێن: زەکات لەسەر ئەسپی نێر نییە، کەوابوو لەسەر مێیەکانیشیان نییە، چونکە دەقی دیکە هەیە باسمان لەیەکسانییەتی نێر و مێی ئەسپ بۆدەکات)[٤][٥].

## پەراوێزەکان

(١) (إبن عاشور. دراسات إسلامية. تونس: الدار التونسية، ص٢٠).

(٢) (بەشێك لەماناى ئایەتی ٢ سورەتی ئەلحەشر).

(٣) (بەشێك لەماناى ئایەتی ٢٩ سورەتی ئەلبەقەرە).

(٤) (التفتازاني. مرجع سابق، ٦٩/٢ ).

(٥) (خەباتی ژمارە (٢٥٢٠)٢٠٠٧/٦/٩ لاپەڕە چواردا، بلاّوکراوەتەوە).